کاروان کاکەسوور

# لەنێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا

(لە ڕۆژنامەی هەولێردا چۆن باسی شیعر کراوە و چۆنیش
نامەکەی من شێوێنراوە؟)



کتێبی ژنەفتن

٢٥

# لەنێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا

(لە ڕۆژنامەی هەولێردا چۆن باسی شیعر کراوە و چۆنیش نامەکەی من شێوێنراوە؟)

**کاروان کاکەسوور**

ڕەخنە

کاروان کاکەسوور

# لەنێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا

(لە ڕۆژنامەی هەولێردا چۆن باسی شیعر کراوە و چۆنیش نامەکەی من شێوێنراوە؟)

**کاروان کاکەسوور**

ڕەخنە

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: لە نێوان ئامۆژگاری و ئاماژەدا
نووسینی: کاروان کاکەسوور
بابەت: ڕەخنە
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە: هەولێر، نیسانی ٢٠٢٦
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
١٦٣ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

لەژێر ناونیشانی (تێپەڕاندنی خود و واقیعی باو لە ڕێی وێنەی شیعرییەوە)دا نامەیەکم نووسیوە و لە (ژنەڤتن)دا بڵاو کراوەتەوە، کە ویستوومە لەو ڕێیەوە هەم بۆچوونی خۆم لەبارەی شیعرەوە بخەمە ڕوو و هەم بە گشتی باس لە خەسڵەتەکانی ئەم نەوانەیش بکەم، کە لە دوای نەوەی ڕاپەڕینەوە دەرکەوتوون.(1) بابەتەکە دایەلۆگێکە لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی هزری و ئەدەبی، کە ئەمە وای کردووە بۆچوونی جیاوازجیاوازی فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزان بخزێنە ئاسمان (سپەیس)ی دەقەکەوە. دیارە هاوکات ڕەخنەم لەو تێگەیشتنە

ساکارە میللییەیش گرتووە، کە لەم سێ دەیەی ڕابوردوودا بۆ ئەم چەمکە خراوەتە ڕوو. ویستوومە پێشانی بدەم ڕەخنەگری میللی دەستەوستانە لەوەی چەمکی شیعر لێک بداتەوە و بەرهەمی ئەم نەوانە بخوێنێتەوە، کە بە گشتی ئامانجەدارن و دنیای شمەکیان جێ هێشتووە.

(ئارام کۆشکی)ی ئەندامی (ڕۆژنامەی هەولێر) بابەتێکی لەژێر ناونیشانی (نەسیحەتنامەی شاعیران... چەند سەرنجێکی کورت سەبارەت بە پرسی شاعیربوون)دا بڵاو کردووەتەوە و وەک هەمیشە بەو زمانەی ڕۆژانە خەڵک لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا بە کاری دێنن، چەند دێڕێکی ساکاری بە دوای یەکدا ڕیز کردوون، کە هەر کامیان بگریت مایەی قاقالێدانە.(2) هەوڵی داوە لەو ڕێیەوە ناوەرۆکی نامەکەم بشێوێنێت و کۆمەڵێک تۆمەتم بداتە پاڵ. لە ڕۆژنامەکەدا وێنەیەکی ناشیرین بۆ من کێشراوە، تا سۆزی جەماوەری پێ بورووژێنرێت و بە ئاسانی تۆمەتەکان تێبپەڕێنرێن.

هەڵەی لۆجیکی بە سەرتاپێی نووسینەکەیدا زاڵە، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم و نموونەیان لێ دەهێنمەوە. ئایا یەک

دێڕیشی لە نامەکەم وەرگرتووە، یان تەنیا ویستوویەتی بەو جەماوەرەی ڕۆژنامەکەیان بڵێت شتێکی پووچە؟ ئەریٚ کارێکی سەختە، ئەگەر من بە کتێبی هەر داهێنەرێکی ئەم دنیایە بڵێم سادە، ڕووکەش و بێبایەخ، بیٚ ئەوەی نموونەیەکی لیٚ بهێنمەوە و پێشانی بدەم، کە خوێندوومەتەوە؟

ئەوە نزیکەی دە ساڵە لەم ڕۆژنامەیەدا هێرش دەکاتە سەر کەسێتم. جارێک بە موفلیس ناوم دەبات و جارێک بە گەمژەم دادەنێت. ڕۆژێک وشکم کردووە و ڕۆژێک نەزیف بووم، گۆیە زۆر دەنووسم. جارێک قسەم بۆ هەڵدەبەستێت و جارێک گوتەکانم دەشێوێنێت، بەڵام ئایا تا ئەم ساتەیش نموونەیەکی لە بەرهەمەکانم وەرگرتووە؟ نەخێر. ئایا گلەییم هەیە و پێم ناخۆشە وای کردووە؟ بە هیچ شێوەیەک، بگرە سپاسی خۆی و ڕۆژنامەکەیش دەکەم، کە دەست بۆ ئەم کارە دەبەن، چونکیٚ من لەو ڕێیەوە چەمکە فرێدراوەکان هەڵدەگرمەوە، تا بیانبەمە دنیای ئاماژە و لەوێدا لێکیان بدەمەوە. بەوەدا هێشتا نەگەیشتووەتە ئەوەی پێم بڵێت کۆیلە، ئەوە موفلیس، گەمژە، نەخوێندەوار، پێنووسبەدەست، گەنەنووسەر و ئەوانەی تر

وەک گەزۆ دەخەمە دەممەوە و چێژیان لێ دەبینم. ئەو خوێنەرەی بەرهەمەکانیشمی خوێندبنەوە، دەزانێت هەمیشە لە دڵەوە، نەوەک بە تەوسەوە سپاسیم کردووە، کە ڕێم بۆ خۆش دەکات پێشانی بدەم ڕەخنەی میللی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی ئەمڕۆی نییە، مادام هەمان تێگەیشتنی باوی خەڵک دەگرێتە خۆی و بە هەمان زمانی ڕۆژانەیش دادەڕێژرێتەوە. ڕەخنەگری میللی بە مەبەستی پاراستنی ئەم ئاستە، پەلاماری دەنگی جیاواز دەدات، ئەگەر لە ئاستی تردا خۆی دەربڕێت. بە هۆی ئەم ڕەخنەگرە میللییەوە دەرکەوتووە ئەوانەی ساڵەهایە خۆیان وەک نووسەری داهێنەر ناساندووە، لە هەمان ئاستدا دەنووسن و ئەمڕۆ نەک خوێنەر، بەڵکوو جەماوەریش قاقا بۆ بەرهەمیان لێ دەدەن.

هەمیشە گوتوومە کاتێ ڕووبەڕووی ئەو چەمکانە دەبمەوە، کە ڕەخنەگری میللی فڕێیان دەدات، ئەوە بەر لە هەرچی دەمەوێت خۆم لەو ڕێیەوە دایەڵۆگ لەگەڵ کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاوازجیاوازی فەلسەفی دابمەزرێنم، تا لە ئاستی زانراوەوە پێ هەڵبگرم و بچمە ئاستی نەزانراو. ئەمەیش وا دەکات نە کاتی

خۆم بە فیرۆ بدەم و نە هیی خوێنەریش، بەو مانایەی پێویستە خوێنەر ئەوە ببینێت، کە ئاستی میللی تێپەڕێنراوە و چەمکەکان لە ئاستی ئاماژەدا لێک دراونەتەوە. پێشتر گوتوومە و ئێستایش دەیڵێمەوە، کاتێ ڕووبەڕووی ڕەخنەی میللی دەبمەوە، کە بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک نووسراوە، ئەوە هەندێجار بە ناچاری دێمە ئەو ئاستە، بەڵام بۆ ئەوە نا تێیدا بمێنمەوە، بەڵکوو بەو مەبەستەی چەمکەکان هەڵبگرمەوە و بیانبەمە ئاستی ئاماژە، تا لەوێدا هەم ڕاڤەیان بکەم و هەم ڕایەڵەکانیشیان لە بوارە جیاوازەکانی زانیندا بدۆزمەوە، کە لێرەدا چەند سەرچاوەیەک دەخەمە بەرچاوی خوێنەر، تا ببینێت ئەو چەمکانەی ڕەخنەگری میللی فڕێی داون و هێناونیەتە ئاستی میللییەوە، خاوەنی چ قورساییەکن و چۆن شەڕیان بە فیلۆسۆفان فرۆشتووە. بە مانایەکی دی، ئەگەر لە هەندێک شوێندا زمانی نووسینم سادە دەبێتەوە، ئەوە پێوەندیی بەو دۆخەوە هەیە. لێرەدا پەنا دەبەمە بەر نوکتە و توخمی پارۆدی بە کار دەهێنم. گاڵتە بە گوتراو دەکەم، نەوەک بە نووسەر. دەکرێت بگوترێت لە ئاستی ڕاڤەوە دێمە ئاستی گێڕانەوە، بەڵام هەوڵ دەدەم

توخمەکانی گێڕانەوە لەپێناوی بەهێزکردنی ئەو ڕاڤەیەدا بخەمە گەڕ. گوێ نادەمە ئەوەی باسەکە لەم شوێنانەدا خەسڵەتی ئەکادیمی لە دەست دەدات، مادام ڕووبەڕووبوونەوەی هزر و زمانی میللی بە گرنگ دەزانم. ئینجا ڕەخنەی من پێوەندیی بە تێگەیشتنی ئێستای نووسەرەوە هەیە، دەنا لەبارەی سبەیەوە هیچ ناڵێم، کە دەکرێت ئەو تێگەیشتنەی بگۆڕێت.

دیسان دەیڵێمەوە، کە (کۆشکی) نەهاتووە لەبارەی چەمکەکانمەوە بدوێت، بەڵکوو تەنیا پەنای بۆ شێواندنی کەسێتیم بردووە، بەو مانایەی چووەتە دەرەوەی دەقەکە و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا مامەڵەی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەکەدا کردووە، کەچی من هەر هەوڵم داوە و دەیدەم بابەتەکە بە لای دایەڵۆگدا بشکێنمەوە. دایەڵۆگ لەم ڕایەڵەدا بریتییە لە هەڵگرتنەوەی چەمکە فڕێدراوەکان و گەڕان بە دوای سەرچاوە هزری و ئەدەبییەکان، تا نووسین لەم ئاستە میللییەوە بۆ ئاستێکی تر بگوازرێتەوە، کە ئاستی ئاماژەیە و تێیدا زمان گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا دێت. بەکورتی دایەڵۆگ هاوواتای گەمەی زمانە (language games)، کە ئەو گەمەیە بزوێنەری

تیۆرییە، بەو مانایەی چەمکەکان لە دۆخی چەسپاوی دەردەهێنرێن و لە ڕووبەری نەزانراودا لێک دەدرێنەوە. چەمکی گەمەی زمان (لودڤیک ڤیتگنیشتاین)ی زمانناس دایدەهێنێت. گۆڕانی گەورە بەسەر تێگەیشتنی بیرمەند و ڕەخنەدۆزاندا دەهێنێت لەوەی ڕووبەڕووی هەموو داخراوییەک ببنەوە. (ژان فرانسوا لیوتار)ی فیلۆسۆف وەریدەگرێت، تا لەم ڕێیەوە بەو تێگەیشتنانەدا بچێتەوە، کە بۆ زانینی مرۆڤ خراونەتە ڕوو.

ئەمە هەمیشە میتۆدی من بووە و جنێوم بە بواری خۆم نەزانیوە، لە کاتێکدا ململانێیەکە لای ئەو ڕەخنەگرە میللییە هەر تەواو سیمایەکی کۆمەڵایەتییانەی بە خۆوە گرتووە. من سوورم لەسەر ئەوەی چەمکە فڕێدراوەکان هەڵبگرمەوە و بۆ دۆخی خۆیانیان بگەڕێنمەوە. لێرەدا بە تایبەتی لەوانە دەپرسم، کە لە بواری مافدا شارەزان، ئایا لە کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر مافی تاک لە بەرچاو گیرابێت، گۆڕینی گوتە بە مەبەستی شکاندنی کەسێتیی مرۆڤ، تاوان نییە؟ ئایا ناوزڕاندن کارێکی ئاساییە؟ ئینجا من چاو لەوە دەپۆشم، بەڵکوو بە خۆشحاڵییەوە وەریدەگرم، مادام وەک گوترا ئارەزووی هەڵگرتنەوەی چەمکی

فرێدراو و ڕاڤەکردنم هەیە. ئەمەیش ئەوە دەسەپێنێت پەنا بۆ کردەی دایەڵۆگ ببەم. ئەگەر ئاماژەی پێ دەکەم، ئەوە دەمەوێت تێگەیشتنی ئەو ڕەخنەگرە میللییە بخەمە ڕوو، کە تا چ ئەندازەیەک ساکارە. هەمیشە گوتوومە نامەوێت هیچ دەنگێک دەمکوت بکرێت، بگرە بوونی ئەم جۆرە نووسینە بە گرنگ دەزانم، چونکێ واقیعەکە وەک خۆی بەرجەستە دەکات. ئەوانە مادام بەشێکن لە تێگەیشتنی گشتی و هەن، ئەوە هەر دەبێت کەسانێک دەریانببڕن، کە خوێنەر ئەگەر بۆ نامەکەم بگەڕێتەوە، دەبینێت هەوڵم داوە بە وردی باس لە چەمکی خود بکەم لای شاعیر، ئاخۆ دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکان پێکیان هێناوە و هەر خۆیشیان تێیدا دەدوێن، یان پارچەپارچەیە و شتی جیاواز دەردەبڕێت؟ یەکەمیان هێی شاعیری ئاساییە و ڕاستەوخۆ زانراو دەگەیەنێتەوە جەماوەر، بەڵام دووەمیان هێی شاعیری داهێنەرە و لە دنیای ئاماژەدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دایەڵۆگ لەگەڵ خوێنەر دادەمەزرێنێت، تا لەو ڕووبەرە نوێیەدا ئەو جیاوازییانە بەر یەکتر بکەون و ماناکان زیاتر بتەقنەوە. لە دۆخی پۆستمۆدێرندا ماناکان

دەتەقنەوە، کە ئەو تەقینەوەیە وا دەکات هیچ یەکێکیان نەتوانێت تاکڕەهەند بێت، بەڵکوو لە هەر ڕاڤەیەکدا چەند ڕەهەندی دیکە دەردەکەون، بۆیە فرەدەنگی، فرەڕەهەندی و فرەڕەگی خەسڵەتی ئەدەب و هزری ئەمڕۆن. ڕەخنەگری میللی بەوەدا هەمان تێگەیشتنی باوی خەڵکی هەیە و هەمان زمانی ڕۆژانەی ئەوانیش بەکار دەهێنێت، ئەوە یەکەمیان بە داهێنان دەزانێت و دووەمیان ئەگەر بە لاوەیش نەنێت، لە ڕێی چەند گوتەیەکی ئامادەکراوەوە پەلاماری دەدات.

پێشبینیی ڕەها بە هەڵەیەکی لۆجیکی دەزانم، بۆیە لەبارەی سبەیەوە شتێکی ئەوتۆ ناڵێم، بەڵام هێندە دەپرسم ئایا ئەو نووسەرانەی پەنا دەبەنە بەر مێدیای حزبی، تا پەلاماری دەنگی تاکی ئازاد بدەن، ئاییندەیان لە هی ئەو نووسەرانەی بەعس ڕوونترە، کە دوێنێ هەمان کاریان دەکرد؟ بەوەدا دەستیان بەسەر دامودەستگەکانی ڕاگەیاندندا گرتبوو، ئەوە ڕەواجیان بە بەرهەمە ساکارەکانی خۆیان دەدا و هی داهێنەرەکانیان دەشکاند. هەندێک لەو نووسەرە هەلپەرستانەیش بەو مەبەستەی بەرهەمیان بڵاو بکەنەوە، مەرایییان بۆ دەکردن. لە

بیرمە یەکێکیان لە سەردەمی ئەنفال و لە مێدیای بەعسدا پەلاماری نووسەرێکی ڕاونراوی دا. بە مەبەستی گاڵتەپێکردن، وشەی (هەڵوێست)ی بە کار هێنابوو، گۆیە ئەو نووسەرەی باسی هەڵوێستی دەکرد، ئەوەتە لە ترسی پیاوانی ئەمن ئێرەی جێ هێشتووە و نەیویستووە بیخەنە زیندانەوە. ئەمڕۆ خۆی و هاوکارانی لە بیر ئەوانەیش چوونەتەوە، کە بۆیان دەچەمانەوە و دەیانویست دڵیان ڕابگرن. ئایا دیوتانە یەکێ لەو مەراییکەرانە بە چەند دێڕێک یادیان بکاتەوە؟

ئێرە بە دەرفەتێکی چاک دەزانم، تا بڵێم کاتێ لەبارەی نووسەری حزبی و مێدیای حزبییەوە دەدوێم، بابەتەکە لە دەرەوەی دژبوون و لەگەڵبووندا دەبینم، بەو مانایەی دۆخێک هەیە و تەنیا قسەی تێدا دەکەم، کە وەک لە کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤە)دا هەردوو چەمکی (ئایدیۆلۆجیا) و (یوتۆپیا)م لێک داونەتەوە. لەم ڕووەوە پشتم بە کتێبی (وانەکان لەبارەی ئایدیۆلۆجیا و یۆتۆپیا)ی (پۆول ڕیکۆر) بەستووە، کە ئەویش ڕوانینی (مارکس)، (نیتشە)، (لۆسیان گۆڵدمان)، (لویس ئاڵتوسێر)، (جۆرج لۆکاچ) و هی دیکە بە سەر دەکاتەوە.

بۆچوونی (ئاڵتوسێر) بە گرنگ دەزانێت لەوەدا، کە ڕوانینێکی پۆزەتیڤ بۆ چەمکی ئایدیۆلۆجیا دەخاتە ڕوو، ئەگەرچی پێی وایە سەختە وەها دابنرێت، کە لە یەک کاتدا هەم وەهمە و هەم نموونەیەکی واقیعییانەی ژیانی مێژوویی کۆمەڵگەکانە. ڕەنگە ئەمە ئەو خاڵە بنەڕەتییەیش بێت وا لە دیدی (نیتشە)دا خۆی حەشار داوە، کە ئێمە پێویستمان بە وەهمە، تا دڵڕەقیی ژیان بپارێزین (to survive the hardness of life). ئێمە دەمرین، کاتێ ڕاستیی حەقیقەتی بوونی مرۆڤایەتی ( real truth of human existence) دەبینین.(3)

لێرەدا وەک چۆن (نیتشە) دەزانێت وەهم دژی ژیانە، بەڵام شتێک لەوە ناگۆڕێت، کە هەیە و ناکرێت ڕووبەڕووی نەبینەوە، بە هەمان شێوە لای (ئاڵتوسێر)یش ئایدیۆلۆجیا توخمێکی یاریکەری گۆڕەپانەکەیە و پێویستە بزانین چۆن یاریی لەگەڵدا دەکەین، چونکێ ئایدیۆلۆجیا بریتییە لە هەر تێگەیشتن، ڕوانین، بیرۆکە، هێنانەبەرچاو و هیی تر، کە هەندێکیان لە ئاگایی و هەندێکیان لە نائاگاییدا دەخزێنە ناوەوەمان.(4) لەم ڕایەڵەدا یۆتۆپیا واتە خەیاڵی چڕ، کە توانای

هەیە ڕووبەڕووی دەستەڵاتی ئایدیۆلۆجیا ببێتەوە و لە ئاستی جیاوازدا دەربیبڕێتەوە.

دەگەمە ئەوەی بڵێم من خۆم لێرەوەیە ڕووبەڕووی تێگەیشتنی مێدیای فەرمی دەبمەوە، دەنا نە دەیسڕمەوە و نە هەموو ئەوانەی تێیدا کار دەکەن، وەک یەک دەبینم. بێگومان دژی بڵاوکردنەوەی بابەت نیم لەو مێدیایەدا، ئەگەرچی تا توانیومە خۆمم لێ دوور گرتووە. هەر جارێکیش بانگهێشتی بۆنەکان کراوم، گوتوومە: (نا، سپاس)، کە ئەم هەڵوێستە تەنیا پێوەندیی بە خۆمەوە هەیە و دوورە لەوەی ڕاست، یان هەڵە بێت، تەنانەت بە هاوڕێیانم گوتووە نەک لە مێدیای حزب، بەڵکوو لە گۆڤارێکی سەربەخۆیشدا نابمە ئەندام، بەڵکوو تەنایی خۆمم خۆش دەوێت و بە چێژەوە کارەکانمی تێدا دەکەم.

لێرەدا ڕووبەڕووی ڕەخنەگرێکی میللی دەبمەوە، کە مێدیای حزب بە مەبەستی شێواندن دەخاتە گەڕ و پەلاماری کەسێتیم دەدات، دەنا لە کوێ کار دەکات و چی دەنووسێت، پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە. بابەتەکە لای من کەسێتی نییە، بۆیە خوێنەر ئەگەر بۆ بەرهەمەکانی پێشووم بگەڕێتەوە، نابینێت بە

ئاماژەیش بە لای ژیاننامەیدا چوویێتم، بەڵکوو هەندێکیانم لە ڕێی نامەوە بۆ ناردوون، چ نامەی تایبەت و چ هیی کراوە، کە هەموویان بە ڕێز و خۆشەویستی دەستیان پێ کردوون. پار لە کوردستان بووم و لە ڕێی دوو ئازیزەوە پەیامی ئەوم پێ گەیشت، کە دەیەوێت پێکەوە دابنیشین. بەوەدا من هیچ کاتێ کێشەکەم لە ئاستی کەسێتیدا نەبینیوە، ئەوە خۆشحاڵیی خۆمم دەربڕی، بەڵام بە هۆی نەبوونی دەرفەت، نەمتوانی ئامادەی ئەو دانیشتنە ببم. دوو سێ نامەی دۆستانەمان گۆڕییەوە، بەڵام ئەم پێوەندییەکەی تێک دایەوە. لای من دۆستایەتی مانای ئەوە نییە ڕەخنە لە بۆچوونی یەکتر نەگرین، بەڵکوو ئەوەیە پەنا نەبەینە بەر جنێو و شێواندنی گوتە، کە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم نەمکردووە و نایشیکەم. دۆستایەتییەکە بەرگەی نەگرت و دیسان لە (ڕۆژنامەی هەولێر)دا دەستی بە هاویشتنی توانج و شکاندنی کەسێتیم کردەوە. لە نامەیەکدا پێم گوتووە هیوادارم هەر ڕەخنەیەکی لە نووسینم هەیە، بیگرێت و درێغی نەکات، بگرە پێم خۆشە، بەوەی جووڵە دەخاتە بیرکردنەوەی گشتییەوە و بۆچوونی جیاواز دەوروژێنێت، بەڵام بگاتە ئەوەی پەلاماری

کەسێتیم بدات، ئەوە من بەم شێوەیە دێمە دەنگ، کە تا ئێستا هاتووم. بۆی هەیە نامەکەم بڵاو بکاتەوە. وتاری (لە جیهانە ئاڵۆزکاوەکەی ڕۆمانی کوردییەوە بۆ جیهانە سادەکەی ڕەخنەگری میللی)م لە شێوەی نامەدا نووسی و بەر لە بڵاوکردنەوە بۆیم نارد.(5) وەک هەمیشە نامەکەم بە ڕێز و خۆشەویستی دەست پێ کرد، بە ڕێز و خۆشەویستییش کۆتاییم پێ هێنا. بە جنێو وەڵامی دامەوە، کەچی هەر لەم ڕۆژنامەیەدا چەند جارێک نووسیویەتی پێویستە بەهای قەبووڵکردنی ڕەخنە ببەینە بواری پەروەردە و کۆمەڵگە فێر بکەین چۆن بە دڵی فرەوانەوە وەریبگرێت. بە مانایەکی دی، ئەو نووسەرەی ساڵانێکە ناوی فیلۆسۆف و بیرمەندان ڕیز دەکات، کەچی هێشتا پێی وایە ڕەخنە بریتییە لە ئامۆژگاری. ئینجا ئایا لەگەڵ گوتە سادەکەی خۆیشیدا ناتەبا نییە؟ دیسان دەیڵێمەوە، کە بە نووسینەکانی پێکەنیوم و قاقام لێ داوە، بەڵام بە ئاماژەیش بە لای کەسێتییەکەیدا نەچووم و ناچم، وەک چۆن ئەویش ڕێی دراوە قاقا بۆ بابەتەکانم لێ بدات. لە نامەیشدا وام پێ گوتووە. کەسێتیی نووسەر و بۆچوونی نووسەر دوو شتی

جیاوازن. ئەمە ئەلفوبێیە. ئەگەر هەموو جارێ دەیڵێمەوە، ئەوە لەبەر ئەوەیە (کۆشکی) هێشتا وازی لە تێکەڵکردنیان نەهێناوە.

لە دوای ڕاپەڕینەوە بەردەوام گوتراوە پێویستە ڕەخنە بگرین، پرسیار بکەین و دەنگ هەڵبڕین، بەڵام کاتێ دەیگرین، لە دە لاوە دەمکوت دەکرێین، بگرە جنێومان پێ دەدرێت. نوکتەیەکم بە بیر دێتەوە: لە ڕاپەڕیندا خەریکی پێکهێنانی شوورای کارگەیەکین و کرێکاران کۆ بوونەتەوە، تا قسەیان بۆ بکەین. نۆرەی هاوڕێیەکمانە و دەپرسێت بەعس چیی پێ نەکردن؟ نەیگرتن؟ ڕاوی نەنان؟ نەیکوشتن؟ لە سێدارەی نەدان؟ بۆچی قسە ناکەن؟ کرێکارێک هەڵدەستێتەوە، تا شتێک بڵێت. ئەو هاوڕێیەمان بە تووڕەیی پێی دەڵێت: (دانیشە! دەمەوێت تەزوو بە گیانتاندا بهێنم.). ئەم نووسەرانەیش دیارە تەنیا مەبەستیانە تەزوو بە گیانماندا بهێنن، دەنا نایانەوێت ڕەخنە بگرین.

## هەڵە لۆجیکییەکانی ئەم وتارەی ئارام کۆشکی:

وەک گوترا وتارێکی سادەیە و پڕە لە هەڵەی لۆجیکی، چونکێ بە هەمان زمان و تێگەیشتنی جەماوەر نووسراوە. کاتێکیش هەڵەی لۆجیکی هەیە، ئەوە هەر شتێکی لەسەر بنیات نراوە، بایەخی نییە و نووسینی وەک نەنووسینی وایە.

با لە هەڵەی لۆجیکیی ژەهراویکردنی بیر ( Poisoning the well)ەوە دەست پێ بکەین. لێرەدا مەبەست لە بیری ئاساییە، نەوەک فکر. ئەم هەڵە لۆجیکییە بریتییە لە هێنانی ئەو بابەتانەی، کە پێوەندییان بە باسە سەرەکییەکەوە نییە. دەیەوێت لە ڕێی لەکەدارکردنی کەسی بەرانبەرەوە بۆچوونی خۆی بسەپێنێت. ئەم زانیارییانە دەخاتە ڕوو، تا بە جەماوەر بڵێت ئەو کەسە هیی ئەوە نییە تۆ گوێی لێ بگریت. پێی دەگوترێت وشەگەلی بارگاویکراو (Loaded Words)، بەو مانایەی لە ڕێی ئەو وشانەوە کار لە هەستی جەماوەر دەکرێت و بە لاڕێدا دەبررێت، بۆیە بە زمانی خرۆشان ( Emotive Language)یش ناسراوە، چونکێ وەها لە گوێگر، یان لە خوێنەر دەکرێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی سۆزەوە و ببێتە لایەنگری. ئایا ئەمە کارێکی سەختە، کە نووسەرەکەمان دەستی

داوەتێ؟ نەخێر، دەکرێت ڕۆژانە لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەک گەڕەک و بازاڕدا خەڵکانێک ببینین وەک ئەو پەنای بۆ دەبەن. مرۆڤ بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت، لەناو کۆمەڵگەدا فێری ئەم فێڵانە دەبێت، بەڵام ئەوە بیرکردنەوەی ڕەخنەییانەیە وەهامان لێ دەکات بە کاریان نەهێنین.(6)

(کۆشکی) ئەگەر دەیەوێت لەبارەی نامەکەی منەوە بدوێت و پێشانی بدات لەو چەمکانە نەگەیشتووم، چ پێویستی بەوەیە بە لای کەسێتیمدا بچێت؟ منی بە ئیستیقالەنووس ناو بردووە، گۆیە ڕۆژگارێک وازم لە بڵاوکردنەوە هێناوە و دواتر گەڕاومەتەوە. بەر لەوەی ئاماژە بە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام) بکەم، کە بۆ ئەم بابەتە تەرخانە، دەپرسم ئایا نەمدەتوانی ببمە مووچەخۆری حزب؟ تەمەنم هێشتا نەگەیشتووەتە شەش ساڵ، کاتێ بەیاننامەی یازدەی ئادار دەخوێنرێتەوە و دەبمە ئەندامی ئەو پارتییەی وا ئەمڕۆ (ڕۆژنامەی هەولێر) دەردەکات، کە نزیکەی بیستوشەش ساڵ لەمەوبەر لە کتێبی (منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد)دا گوتوومە لە خانەوادەیەکی

پارتیدا هاتوومەتە دنیاوە و کارم بۆ ئەو حزبە کردووە، بەڵام ساڵی (١٩٨٦)، کە تەمەنم دەگەیشتە بیستودوو ساڵ، بۆ هەتاهەتایە وازم لێ هێنا. لەگەڵ هاوڕێیان (گوڵێ سەلیم)، (د. فرسەت ڕۆژبەیانی)، (خەلیل ساڵح)، (حسێن ڕەشید)، (محەمەد کرمانج)، (هێور هۆنراوە)، (ڕەمەزان محەمەد)، (ڕزگار قەرەداغی)، (ئازاد ئەحمەد)، (فەرهاد هەیواز) و هەندێک کچ و کوڕی دیکە بە گەرمی بەرگریم لەو باوەڕە کردووە. وەک هەر لەو کتێبەدا گوتوومە لە یەک ساتی ژیانی ڕابوردووم پەشیوان نیم، کە پەشیوانی هیی بواری تیۆلۆجییە و جۆرێکە لە کوتینی خود. لەم ڕۆژگارەدا زیاتر فێری ڕووبەڕووبوونەوە، ڕەخنە و تێپەڕاندن بووم. هەر ئەو ڕەخنەیەیش هێنامیە دەرەوە. لە قۆناغی ئامادەییدا پێوەندیم بەو مێدیایەوە هەبووە و لە پێشەکیی کتێبی (ڕاگەردان)دا باسم کردووە. (ئازاد ئەحمەد) لە ڕێی منەوە هاتە ڕیزی ڕێکخستن و لە شاخدا بووە بێژەری ئێستگەی شۆڕش. ئەم ئەزموونە لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیشمدا ڕەنگی داوەتەوە. یەکێ لە کارەکانی من

و هاوڕێیانم، پەیامنێری بوو، بەو مانایەی مانگانە لەبارەی دۆخی شارەوە ڕاپۆرتمان دەنووسی و بۆ چیامان دەنارد.

ئایا لەودەمەی ڕاگەیاندنەکەم بڵاو کردەوە، نەدەکرا ئەمە بنووسم: (داهێنەران هەمیشە شانازیی نەتەوەکانن، نەک تەنها نەتەوەیەکی دیاریکراو، بەڵکوو شانازی هەموو نەتەوەکانی سەر زەوین، چونکە ئەوانن ڕەوڕەوەی ژیان بەرەو پێشەوە دەبەن و شارستانیەتەکان بونیاد دەنێن)؟

ئەم ڕەخنەگرە میللییەی من بە ئیستیقالەنووس ناو دەبات، لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٢٥)دا ئەوەی بۆ خوێنەر نووسیوە و بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکەیش بە دڵی خۆشەوە بڵاویان کردووەتەوە. ئایا ئەگەر ئەم دارشتنە لە پەنجاکاندا بۆ فێرکارێکی وریای زمانی کوردی بنووسرایە، وەریدەگرت؟ هەر لەم ماوەیە و هەر لە (ڕۆژنامەی هەولێر)دا وتارێکی لەژێر ناونیشانی (ڕەخنە و خۆسەلماندن... چەند سەرنجێک سەبارەت بە ڕەخنەی کوردی)دا نووسیوە و بەم ڕستەیە دەستی پێ کردووە: (پرسی ڕەخنە پرسێکی گرنگە).

ئایا خوێنەرێکی چلەکان ئەمەی نەدەزانی؟ ئەوە کێیە گوتوویەتی پرسی ڕەخنە گرنگ نییە، تا تۆ بڵێیت نا، گرنگە و زۆریش گرنگە؟ ئایا ئەگەر وەک پەیامنێرێک بچێت لەو جەماوەرە بپرسێت ڕەخنە چییە، لەمە چاکتر بۆی نادوێن؟ هیوادارم خوێنەر بۆ ئەو وتارە ڕەخنەییانە بگەڕێتەوە، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا هەم نووسەرانی ڕوانگە و هەم ڕەخنەدۆزان نووسیویانن، تا بزانێت دوای نزیکەی پەنجاوپێنج ساڵ ئەم ڕەخنەگرە میللییە لە کوێدا چەقیوە. لە نیوەی دووەمی حەفتاکانەوە ئەوەیش تێپەڕێنراوە. من خۆم وەک هاوڕێ نزیکەکانم دەزانن، هەمیشە گوتوومە ئەم جووڵەیە توانای زۆرێکمانی تەقاندەوە. لەوانەوە فێری هونەری نووسین بووم و کۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگم ناسین. زمانی کوردییان گەیاندە ئاستێکی بەرز، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری ئەوانەی ئەمڕۆ دەستیان بەسەر دامودەستگەکاندا گرتووە، ئەو زمانەیان بۆ ئاستی ڕۆژانەی خەڵک، بگرە بۆ خوارتریش گەڕاندووەتەوە. ئەمڕۆ لە پاڵ ئەو ئاڕاستەیەی وا لە مێدیای فەرمیی حزبەکاندا ڕەواجی پێ دەدرێت، کۆمەڵێک ئاڕاستەی جیاوازی تر هاتوون،

کە هەر ئەوانەیشن وایان کردووە ڕەخنەی میللی و گوتەی ڕەونەقداری نووسەرە جەماوەرییەکان تا ئەم ئەندازەیە ببنە مایەی پێکەنین.

بەڵێ، (کۆشکی) نووسیویەتی: (پرسی ڕەخنە پرسێکی گرنگە). پێویستە بە کوردی بنووسرێت: (ڕەخنە پرسێکی گرنگە). ئەرێ کورد دەڵێت: (ئەسپ ئەسپێکی جوانە)، یان: (ئەسپ ئاژەڵێکی جوانە)؟ ئایا لەم وتارەیدا دێڕێک هەیە، پێشانی بدات ئەم نووسەرە کتێبێکی گرنگی لە هیچ بوارێکدا خوێندووەتەوە؟ ئەگەر دەیەوێت هەمووی بەم شێوەیە بۆ بخوێنمەوە، ئامادەم. ڕاستییەکەی لە دەرفەتێکدا هەر وایش دەکەم. کارێکی تایبەتم پێیەتی. پێوەندیی بەو وتارەمەوە هەیە، کە لەژێر ناونیشانی (ڕۆشنبیری جاگەر لە حەقدەی شوباتەوە بۆ ئەزموونی ڕۆژاڤا)دا بڵاوم کردەوە و هەندێک گفتوگۆی بە دوای خۆیدا هێنا.(7) ئایا من ئیفلاسم کرد، چونکێ نەمدەتوانی ئەم وشانە بە دوای یەکدا ڕیز بکەم؟ هیوادارم خوێنەر بۆ وتاری (لە ڕەخنەگر کێیەوە بۆ ڕەخنە چییە؟)م بگەڕێتەوە، کە شەش ساڵ

لەمەوبەر نووسراوە، تا بزانێت چۆن لەو بارەیەوە نووسیومە.(8)

لەم بیست ساڵەدا چەند جار بەم زمانە میللییە وتاری لەبارەی ڕەخنەوە نووسیوە و گوتوویەتی زۆرینەی ئەوانەی ڕخنە دەگرن، پێوەندییان بەو چەمکەوە نییە. پێم خۆشە بەشێکی ئەو نامەیەم بخەمە بەرچاوی خوێنەر، کە نزیکەی پانزدە ساڵ لەمەوبەر بۆیم ناردووە، تا بزانێت خۆی لە چ ئاستێکدا نووسیویەتی و چۆنیش هەر لە زووەوە وام پێ گوتووە. بەوەدا نامەکە پێوەندیی بە شتی کەسێتییەوە نییە، ئەوە دەتوانم بڵاوی بکەمەوە:

[برای ئازیزم، کاک ئارام!

دوای سەڵاو و ڕێز...

ئەم ئێوارەیە لە (ئەدەب و هونەر)ی (کوردستانی نوێ)دا بابەتێکی کورتی تۆم خوێندەوە، کە لەژێر ناونیشانی (ڕەخنەی کوردی بەرەو کوێ)دا نووسیوتە.

لە شوێنێکی بابەتەکەتدا گوتووتە: (من لەم نووسینەدا تەنها دوو فاکتەر باسدەکەم، کە بەلای منەوە هۆکاری سەرەکین). پێش ئەوەی ئاماژە بە فاکتەرەکانت بدەم، دەبێت دیسان پێت بڵێم گرفتی سەرەکیی تۆ ئەوەیە ئەو چەمکانەی بە کاریان دەهێنیت، بە چاکی لێیان قووڵ نەبوویتەوە، بگرە لە ڕووی زمانەوانییشەوە بە دروستی دەریاننابڕیت. وشەی فاکتەر (Factor) هاوواتای وشەی (هۆکار)ی کوردییە. کەواتە دوو شتی جیاواز نین. فاکتەر باس ناکرێت، بەڵکو دەستنیشان دەکرێت، کە ئەو چەمکە لە بواری جۆراوجۆری وەک ماتماتیک، فیزیک، فەلسەفە، گرامەر و زۆری تردا هەیە. چۆن دەبێت بگوترێت: (فاکتەر فاکتەری سەرەکیی فڵان شتە)؟، یان (هۆکار هۆکاری سەرەکیی فڵان گرفتە)؟

لە دەستنیشانکردنی ئەو دوو فاکتەرەدا، هیچی نوێت نەگوتووە، بەڵکوو هەر ئەو شتانەت پاتە کردوونەتەوە، کە لە ماوەی ئەو چل پەنجا ساڵەدا بەردەوام گوێمان لێیان بوون. بەڵێ، تۆ جارێکی تر لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٢دا ئەمانەت بە بیر هێناوینەتەوە. پێت وایە فاکتەری یەکەم، نەبوونی

ڕۆشنبیرییەکی هەمەچەشنە. گوتووتە دەبێت ڕەخنەگر ڕۆشنبیرییەکی گەورەی هەبێت و ئاگاداری سەرجەم فکری دنیا بێت. فاکتەری دووەم، نەبوونی قەبووڵکردنی ڕەخنەیە، کە پێت وایە بۆ کەلتووری پاشکەوتووی کوردی دەگەڕێتەوە... بەڵێ، ئەم گوتانە لەپێش تۆوە زۆر گوتراون و باوەڕ دەکەم لە دوای تۆیشەوە هەر بگوترێنەوە. ئەوەی سەیرە زۆربەی ئەوانەی ئەو فاکتەرانە دەستنیشان دەکەن، خۆیان وەک مامۆستا دەناسێنن. ئەوەتا تۆی ئازیز وەک ئەوەی پێی ڕاهاتوویت تۆپەکەت لە خۆت دوور خستووەتەوە و بۆ لای ئەوانی ترت هەڵداوە. هەمووی مانگێک بەسەر ئەو گوتارەتدا تێنەپەڕیوە، کە تێیدا گوتووتە (ئیقاع) و (ڕیتم) دوو شتی جیاوازن. دواتریش لە نامەدا نووسیوتە بە ئاگاییەوە ئەمەت کردووە. پێت وا بووە (ئیقاع) هیی ناوەوەی تێکستە و (ڕیتم) هیی دەرەوەیەتی. واتە پێت وایە تێکست شتێکی فیزیکییە و دەرەوە و ناوەوەی هەن. ئەمانە و شتی سەیرتریش. (فرۆید) ناو لەو میکانیزمە بەرگری (Defence Mechanism)یە دەنێت (Project). واتە

ئەوانەی کەموکورتییەکیان هەیە، لە خۆیانی دوور دەخەنەوە و دەیهاوێنە سەر ئەوانی تر.

لە شوێنێکدا گوتووتە: (لەدەرەوەی زانکۆکانیش هەوڵی باش دەبینرێت و زۆرجار بەهۆی نەبوونی سنووربەندییە میتۆدییەکانەوە هەوڵەکان چڕوپڕترن، بەڵام چەندین هەوڵی تریش هەیە کە لەبێمیتۆدیدا کەوتۆتە گێژاوی هیچنەگوتن). دەتوانیت یارمەتیم بدەیت بزانم لەم پەرەگرافەدا چی دەڵێیت؟ دەزانم باسی میتۆد دەکەیت، بەڵام بێمیتۆدی چییە؟ مەبەستت لە (نەبوونی سنووربەندییە میتۆدییەکان) چییە؟ لای تۆ میتۆد چییە و بێمیتۆدی چۆنە؟ ئایا هیچ گوتارێک هەیە میتۆدی تێدا نەبێت؟ لای (دێریدا) میتۆد خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەیە و پێشتر من لەوە دواوم. ئەو پرسیارانەت بۆیە لێ دەکەم، تاکو بزانیت من چ وەڵامێکم لێت دەوێت. ئەوسا یەک دوو وشە لە بارەیەوە دەڵێم.].

هیوادارم وەڵامەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە، تا خوێنەر بزانێت جگە لەوەی بە شێوەی زبر مامەڵەی لەگەڵ نامەکەمدا کردووە، چۆن کۆمەڵێک شتیشی لەبارەی ئەو چەمکانەوە

نووسیون، کە بە هەموو مانایەک مایەی قاقالیدانن. گوتوویەتی دەبێت ڕەخنەگر ئاگاداری سەرجەم فکری دنیا بێت. ئەگەر ئەمە فرێدانی قسە نییە، دەتوانێت کەسێک بهێنێتە بەرچاو، کە ئاگای لە سەرجەم فکری دنیایە؟ بەم پێوەرە یەک ڕەخنەگر دەرناچێت، چونکێ سەختە کەسێک بدۆزیتەوە، تێکڕای فکری دنیای بە سەر کردبێتەوە. ئەرێ پێویستە چەند زمان بزانێت؟ ئایا تەمەن ڕێی دەدات تێکڕایان بخوێنێتەوە؟ هەروەها ڕەخنەی لەوانە هەیە، کە ڕەخنە قەبووڵ ناکەن و پێی وایە هۆکاری ئەم قەبووڵنەکردنە بۆ کەلتووری پاشکەوتووی کوردی دەگەڕێتەوە. وەک گوتم بە درێژاییی ئەم ساڵانە ڕای خۆمم لە ڕێی نامەوە بۆ نووسیوە، بە ڕێز و خۆشەویستی دەستم پێ کردوون، چەند سەرچاوەیەکم پێ ناساندووە، بگرە هانیم داوە و ئەگەر بە حاڵ هەنگاوێکی نابێت، دەستخۆشیم لێ کردووە، کەچی جنێوی پێ داوم و گوتەی گۆڕیوم. ناوی چی لەمە دەنێت؟ ئایا هۆکارەکەی بۆ کەلتووری پاشکەوتووی کوردی دەگەڕێتەوە؟ دیارە من لەبارەی چەمکی پاشکەوتووەوە سەرنجم هەیە، بەوەی کولتوورەکان نە پاشکەوتوون و نە

پێشکەوتوو، بەڵکوو بەشێکن لە کردەی پەرەسەندن. ئەم دابەشکردنە هیی ئایدیۆلۆجیای سیاسییە و لە فەلسەفەدا هێزی خۆی لە دەست دەدات. هیی سەردەمی کۆڵۆنیالیزمە و دراوەتە بەر ڕەخنەی توند. هەندێک بەهای کولتوور هیی ژیانن و هەر ئەوانەیشن کۆمەڵگەیان ڕاگرتووە، بەڵام هەندێکیان هیی مەرگن و هەڕەشە لە ژیان دەکەن. باسێکی قووڵ و ئاوکێشە، کە لە بەرهەمەکانی پێشوومدا ئاوڕم لێ داوەتەوە. هەر لەم نووسینەیشدا پێی دەگەینەوە.

ئەوسا نامەیەکی ترم بە هەمان تێگەیشتن و زمان بۆ ناردەوە، تا تێیدا ئەو چەمکانەیش لێک بدەمەوە، کە فڕێی دابوون. ڕاستییەکەی زیاتر لە (٧٥٠٠) وشەم تەنیا لەبارەی ئەو وتارەیەوە نووسیوە، بێ ئەوەی بۆ بڵاوکردنەوە بێت. لێرەدا پێویستە بگوترێت ئەگەر ئەو نامانە کۆ بکرێنەوە، کە لە منەوە پێی گەیشتوون، کتێبێک پێک دەهێنن، کەچی کاتێ ڕاگەیاندنم بڵاو کردووەتەوە، نەیهێشتووە بیستوچوار سەعاتی بەسەردا تێبپەڕێت، بە هەمان زمان وتاری لە (ڕۆژنامەی هەولێر)دا نووسیوە و تێیدا گوتوویەتی ئیفلاسی کردووە.

ئەگەر خۆی، یان هەر کەسێکی دی پێی وایە بەشی زۆری، با نەڵێم تێکڕای بەرهەمەکانی مایەی قاقالێدان نین، دەتوانێت ڕووبەڕووم ببێتەوە؟ ئەوەی توانیی نموونەی یەک پەرەگراف لە هەموو نووسینەکانیدا بهێنێتەوە، کە پێوەندیی بە ڕەخنەوە هەیە و چەمکێکی لێک داوەتەوە، ئەوە من لە بۆچوونەکەم پەشیوان دەبمەوە. ئەگەر بە درێژاییی تەمەنی کتێبێکی لە زمانێکی ترەوە وەرگێڕاوە، یان چەمکێکی نوێی لای فیلۆسۆفێک دۆزیوەتەوە و بە خوێنەری کوردی ناساندووە، دەتوانێت پێشانم بدات؟ ئەرێ هەر ئەو شتانەی پێ نەفرۆشتووینەتەوە، کە خۆمان نووسیومانن، بەڵام بۆ ئاستی میللیی بردوونەتەوە و بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک دەریبڕیونەتەوە؟

پێشتریش گوتوومە بۆ ئەوە لەبارەی چەمکی ڕەخنەوە نانووسێت، تا لەو ڕێیەوە دایەلۆگ لەگەڵ هزری فەلسەفی دابمەزرێنێت، بەڵکوو دەیەوێت بیکاتە ڕێیەک بۆ پاوانخوازی و پەلاماری ئەو دەنگانە بدات، کە ئازادن و بەم شێوازە باوە ڕازی نین؛ هاوکات بە نووسەری جەماوەری و هیی سادەنووسدا هەڵبلێت. وەک گوترا هەمیشە دەڵێت لە دەرەوەی خۆیدا

کەسانێکی گەمژە، نەخوێندەوار، پێنووسبەدەست و هی دیکەی لەم شێوەیە هەن، بێ ئەوەی نموونەیەک لە بەرهەمیان وەربگرێت. ڕاستییەکەی پێنووسبەدەست بەوانە دەگوترێت، کە مووچەخۆری حزبن و پەلاماری دەنگی ئازاد دەدەن، دەنا ئەگەر نووسەرێک سادە بێت، هیی ئەوە نییە هێرشی بکرێتە سەر، چونکێ نووسین بەشێکە لە ئازادیی مرۆڤ. دەکرێت لەبارەی دەقی هەر نووسەرێکەوە بنووسیت و پێشانی بدەیت، کە سادەیە، یان هەر لە بارەیەوە نەنووسیت، بەڵام پێنووسبەدەست شتێکی ترە. ئایا بەڵگەی هەیە من مووچەخۆری یەکێ لەو حزبانەم و پەلاماری کەسێکم داوە؟ دەتوانێت نموونەیەک لە هەڵوێست و بەرهەمەکانم بهێنێتەوە؟ ئایا ئەگەر خۆم داوای لێ بکەم، بەڵگەکانی بخاتە ڕوو و ڕیسوام بکات، ئامادەیە؟ ئایا ئەگەر من ببمە نووسەری مێدیای حزبێکی دەستەڵاتدار، پێویستە یەکێ لە مەرجەکانم ئەوە بێت، کە ڕەخنە لەم سیستەمە بگرم، یان پێویستە لە ئاستیدا بێدەنگ ببم؟ ڕێزم بۆ هەر نووسەرێکی حزبی، کە پیشەکەی دەناسێت و بەم شێوەیە کار ناکات. وەک گوتم

هەموویان وەک یەک نابینم. بۆچی پێت وایە خۆت ڕەخنەگریت و ڕەخنەکانت کاریگەرن، بەڵام هی من پووچن؟ ئەمەیش بە گلەییەوە ناڵێم، کە هەر بە ڕاستی پێم خۆشە لە دیدی تۆدا ڕەخنەکانم پووچ بن.

من بە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام) گەڕامەوە، تا لەو ڕێیەوە چەمکە فڕێدراوەکانی هەڵبگرمەوە و پێشانی خوێنەری بدەم ڕەخنەی میللی تا چ ئەندازەیەک ساکارە. هەروەها وتاری (ئەرێ من وازم هێناوە و گەڕاومەتەوە؟)یشم نووسیوە، کە هەر پێوەندیی بەوەوە هەیە، چونکێ تا ئێستا چەند جار ئەم بابەتەی وروژاندووە و بە هەمان زمانی ڕۆژانەی خەڵکیش لێوەی دواوە.(9) ناوی ئەو هەموو فیلۆسۆف و بیرمەندەی بە دوای یەکدا ڕیز کردوون، کەچی بابەتەکانی هەمیشە کۆمەڵایەتین. هەمیشە وای پێشان داوین خوێنەری بەردەوامی نووسینەکانی (بەختیار عەلی)یە، کەچی نابینین هێزی ئەوەیان دابێتێ گفتوگۆ بکات و بیانخاتە گەڕ، بەڵکوو هەر بۆ ئەو شتە سادانە دەگەڕێتەوە، کە لای بەشێکی زۆری خەڵک ناسراون. کوا کاریگەریی بەرهەمەکانی ئەو بیرمەندە؟ ئەرێ

وازهێنانی نووسەرێک و گەڕانەوەی بابەتە، تۆ هێندە خەریکی بیت؟ چەند جار ناوی (ڕۆڵان بارت) و (مێشێل فۆکۆ)ی نووسیون، کە ئەوانە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن دەق پێوەندیی بە ژیاننامەی نووسەرەوە نییە. خۆیشم هەم لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی...) و هەم لە بەرهەمەکانی ترمدا هەوڵم داوە بە وردی ئەمانەی بۆ بنووسم، بەڵام هێشتا دەستی پێوە گرتووە.

دەق جێ دەهێڵێت و لە دەرەوەیدا پەلاماری منی نووسەر دەدات، کە بە جارێ دوو هەڵەی لۆجیکی دەکات: یەکەمیان بە (ad hominem) ناسراوە. واتە لە جیاتیی ئەوەی بێت لەبارەی بابەتەکەوە بدوێت، پەلاماری کەسەکە دەدات. دووەمیان پێی دەگوترێت (ignoratio elenchi)، کە بە ئینگلیزی بەم شێوەیە دەینووسن (ignorance of the proof)، بەو مانایەی خۆی لەو بابەتە لا دەدات، تا شتی دیکە بێنێتە ئاراوە و ئەوی پێ دابپۆشێت. مادام من وازم هێناوە و گەڕاومەتەوە، کەواتە نووسەرێکی خراپم، بە ڕادەیەک شەرمە ناوم بهێنێت. لەوەتەی گەڕاومەتەوە، نزیکەی پانزدە کتێبم

چاپ کردوون و کۆمەڵێک گوتارم نووسیون، کە ڕێی خۆی و هەر کەسێکی دی دەدەم ڕووبەڕوویان ببێتەوە. بەڵێ، تۆ نووسەرێکت هەیە لە ماوەی نۆ ساڵدا بیرکردنەوەی نەگۆڕاوە، لە کاتێکدا بە دەستی خۆی بەرهەمەکانی (بەختیار عەلی)ی چاپ کردوون. ئایا ئەو نووسەرەیش لە هەمان ئاستدا دەنووسێت، یان ئەم خۆی نەیخوێندوونەتەوە؟ ئەگەر ڕەخنەگری میللی نەبێت، من بۆچی ئەو شتانە دەنووسم؟ ئەم باسانە لە نەبوونی ڕاڤەی چەمکەکانەوە دەورووژێنرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ناهێڵم ببنە شتی سەرەکی، بەڵکوو هەوڵ دەدەم لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەیان پێ بکەم.

هەر لەو وتارەیدا پێم دەڵێت نووسەری ئەوروپانشین. چەمکێکە و وەک زۆری تر فڕێی داوە، دەنا ڕوون نییە بە چ مەبەستێک بە کاری هێناوە. تۆ دەڵێیت ئەم نامەیەی بۆ شاعیران نووسراوە، جێگەی ڕەخنەیە، بەڵام ئەوروپانشین پێوەندیی پێوە چییە؟ مادام لە منیان پرسیوە داخوازیت چییە و گوتوومە دەمەوێت دایکم ببینم، ئەوە کاتێ نۆرەی ئەو هاتووە، گوتوویەتی دەمەوێت ئەم برادەرە دایکی نەبینێت.

هەمیشە گوتوومە بەوە ناسراوە چەمک فڕێ دەدات و بەرپرسیارێتیی هەڵناگرێت. ئەگەر وا نییە، با بێت و لەم ڕووەوە چوار دێڕمان بۆ بنووسێت. ئایا ئەم ڕەخنەگرە میللییە تەنانەت لە جنێودانیشدا پەنا دەباتە بەر نووسەرانی دی و لێیان وەردەگرێت؟ بۆیە وا دەڵێم، چونکێ پازدە ساڵ لەمەوبەر نووسەرێکی لاو هەمان قسەی پێ گوتم. منیش ئەمانەم نووسین:

[ئەرێ تۆ ناوی کۆمەڵێک نووسەری وەک (کافکا)، (سارتەر)، (میلان کوندێرا)، (جۆرج ئۆروێڵ) و هی دیکەت هێناون، چۆن لە خوێندنەوەی ئەوانەوە نەتزانیوە ئەوروپا ئەو شوێنە ئایدیاڵە نییە، کە لێی تێگەیشتوویت؟ ئایا وەک ڕەخنەگرێک لە (نیتشە)وە نەتزانی مۆدێرنێتی لە وەهمێک بەولاوە شتێکی دیکە نییە؟ ئەرێ ئەو فیلۆسۆفەی ئەوروپا شێتی کرد، پێی نەگوتوویت (ئێستا)ی ئەوروپا وەهمە و بۆ شاردنەوەی ڕابوردووە؟ پێی نەگوتوویت مۆدێرنێتی لە عەدەم زیاتر شتێکی دیکەی لە خۆیدا هەڵنەگرتووە؟ ئایا هەر لەبەر ئەوە نییە هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە پۆستمۆدێرنێتی لە

(نیتشە)وە دەست پێ دەکات، بەوەی باوەڕی وایە، کە مۆدێرنیتی و ئەو عەقڵانیەتیەی بەرهەمیشی هێناوە، پێوەندییەکی ناماقووڵیان لەگەڵ ڕابوردوو پێک هێناوە، کە ئەو پێوەندییە لەسەر بنەمای چەپاندن و دوورخستنەوە دامەزراوە؟ ئەرێ پێی نەگوتوویت مۆدێرنیتی دەیەوێت سیمایەکی ڕەهایانە بە (ئێستا)ی مرۆڤ بدات، بگرە دەیەوێت بوونی مرۆڤی ئەمڕۆ بسڕێتەوە؟ پێی نەگوتیت هاوشێوەی عەقڵانیەت مرۆڤ دوور دەخاتەوە، بگرە هەر (بوون)ی مرۆڤ بە لاوە دەنێت؟ ئەرێ هەق نییە بچیت جارێکی تر هەردوو کتێبی (بوون و کات) و (تەکنیک، حەقیقەت و بوون)ی (مارتین هایدیگەر) بخوێنیتەوە، کە جەخت لەسەر هەندێک لە بۆچوونەکانی (نیتشە) دەکاتەوە و پێی وایە مرۆڤ لەم ئەوروپایەدا شوێنی ئامێر دەگرێتەوە؟ ئایا ئەو فیلۆسۆفە پێی نەگوتوویت مەترسیی گەورەی تەکنیک، کە ئەوروپا شانازیی پێوە دەکات، ئەوەیە، تەگەرە دەخاتە بەردەمی مرۆڤ و ناهێڵێت ڕەسەن بدۆزێتەوە؟ (فرۆید) هیچ نەبێت لە هەردوو کتێبی (ئاییندەی وەهم) و (نیگەرانی لە شارستانیەت)دا پێی

نەگوتوویت ئەوروپا لەسەر چ بنەمایەک دامەزراوە؟ ئەرێ بیرت نەماوە کاتێ لە پێوەندیی نێوان نامۆبوون و شارستانیەتی کۆڵییەوە، گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە نامۆبوون ئەنجامی ململانێی نێوان خود و کۆنترۆڵەکانی شارستانیەتە، بەوەی شارستانیەت دەبێتە هۆی چەپاندنی ئارەزووەکانی تاک و تووشی نیگەرانی و شپرزەیی دەکات؟ ئایا (مێشێل فۆکۆ)، کە بەشێکی تەمەنی خۆی بۆ تێگەیشتن لە ئەوروپا تەرخان کرد، پێی نەگوتیت مۆدێرنێتی، ئەوەی ئەوروپا شانازیی پێوە دەکات، ئەوەتە کۆت، زنجیر، بەندیخانە و سیستەمی چاودێریی بەرهەم هێناوە؟ ئەرێ ئەو فیلۆسۆف و ڕەخنەگرە هەر لە کتێبی (مێژووی شێتی لە سەردەمی کلاسیکی)یەوە تا بەرهەمەکانی دیکەی بەردەوام ڕەخنە لە پاوانخوازیی عەقڵ ناگرێت، کە ئەوروپای لەسەر دامەزراوە و بە ڕووەکەی دیکەی شێتیی نازانێت؟ ئەرێ ناڵێت نەک هەر مرۆڤ لە کۆت و زنجیر ڕزگار ناکات، بەڵکوو لە ڕێی زانستەوە یاسا بە سەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت، دامودەستگەی پۆلیسی و زیندان بەهێز دەکات، شێوازەکانی ئەشکەنجە دادەهێنێت و زۆری دیکە؟ ئەرێ

(هابرماز) بە شێوازی خۆی پێی نەگوتیت هیچ نەبێت لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە ئەوروپا لە مەترسییەکی گەورەدایە و دەبێت ڕزگار بکرێت؟ (دێریدا) لەو بارەیەوە هیچی پێ نەگوتوویت؟ چ ڕۆماننووسێکی داهێنەر هەیە لە ئەوروپا بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەخنەی لەم کێشوەرە نەگرتبێت؟].(10)

کەواتە (کۆشکی) لە بواری جێنودان و بەخشینەوەی تۆمەتیشدا شتێکی نوێی نەگوتووە، بەڵکوو دیسان پەنای بۆ دزیی ئەدەبی (پلەیجریزم) بردووە. ئینجا ئەوەی لێی وەرگرتووە، شیعری جوانی هەیە و یەکێکە لەو شاعیرانەی نامەکەم ئاراستە کردوون.

ئایا (کۆشکی) دەیەوێت بڵێت من ئەگەرچی لە ئەوروپایەکی مەزنی خاوەنشارستانیەتم، کەچی هێندە گەمژەم، ئەوە بە ڕاستی هەڵەیەکی دیکەی لۆجیکییە و پێشتر (ئارام کاکەی فەلاح) وەک نووسەرێکی سادەنووس کردوویەتی، کە ڕاستییەکەی هیی تێگەیشتنی جەماوەرە و ڕاستەوخۆ وەرگیراوە.

لە کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤە)دا هەوڵم داوە بە وردی لێوەی بدوێم.

[(ئارام کاکەی فەلاح) دەنووسێت: (هەموو ژیاری خورئاوا لەسەر ڕەخنە دروست بووە. بەڵام هەموو ئەو ڕەخنانەی خۆرهەڵات لەسەر شتی تایبەتی دروست بوون کە بە هیچ شوێنێک ناگەن.)

ڕاستییەکەی من خۆیشم وەک ئەم نووسەرە هەر لە منداڵییەوە ئەوگوتەیەم هەم لە دەمی هاوڕێیانی کۆڵان و هەم لە هی فێرگەیش بیستووە. بەڵێ، هەمیشە گوتراوە تێکڕای شتەکانی خۆرئاوا، دروستتر هی ئەوروپا و ئەمەریکا تۆکمەن، بەڵام هەر شتێک هی ئێمەی خۆرهەڵاتییە، پووچە... هەڵەیەکی لۆجیکییە و بە هەڵەی گشتاندن ( Faulty generalization) ناسراوە، بەو مانایەی تۆ نموونەیەک دەکەیتە پێوەر و لەوێوە دەڕوانیتە گشت، تا باز بۆ ئەنجام هەڵبدەیت. ئایا ڕاستە (هەموو ژیاری خورئاوا لەسەر ڕەخنە دروست بووە)، (بەڵام هەموو ئەو ڕەخنانەی خۆرهەڵات لەسەر شتی تایبەتی دروست بوون کە بە هیچ شوێنێک

ناگەن)؟ دیارە ئەم هەڵە لۆجیکییە، هی خەڵکە و نووسەرەکەمان تەنیا گواستوویەتیەوە، بەڵام بەوەدا گەیشتووەتە ئاستی نووسین، ئەوە ئێمەیش مامەڵەیەکی تری لەگەڵدا دەکەین. هەر هەڵەی پەلەکردن ( Hasty Generalization)یش دەچێتە ناو ئەو چوارچێوەیەوە، بەو مانایەی لە ڕێی سەرنجدان لە شتێک، یان لە دیاردەیەک، یان لە کەسێکەوە بۆچوونێک دادەمەزرێنێت و دەیکشێنێت، تا دەگاتە ئەوەی ڕووبەرێکی فرەوانی پێ دابپۆشێت، کە ئەوەیان زیاتر پێوەندیی بە نەژاد، ڕەنگی پێست، شوێنی ژیان لە نموونەی شار و وڵات و هی دیکەی لەم شێوەیەوە هەیە. بۆ نموونە دەگوترێت تێکڕای دانیشتووانی شاری (ئەلف) دەبەنگن، هەموو خەڵکی شاری (بێ) شەڕانین، سەرجەم چاومۆرەکان دڵڕەقن، هەر فێرخوازێک لە فێرگەی (جیم)دا دەخوێنێت، تەمبەڵە و هی دیکەی لەم شێوەیە. ئەم بۆچوونانە وەک (نیتشە) پێی وەهایە پێوەندییان بە چەمکی حەقیقەتەوە هەیە. کاتێ زمان بەکار دەهێنین، تا لەبارەی واقیعەوە پێی بدوێین، ئەوە پێشتر گریمانەی بوونی دەکەین. وەهای دادەنێین زمانمان

حەقیقەت دەردەبڕێت، بەڵام ڕاستییەکەی فریومان خواردووە بەو داهێنانە تایبەتەمان. تەنیا یەک حەقیقەت نییە، هیچ تێگەیشتنێکیش دابڕاو نییە لە زمان، لە دەرەوەیشماندا تەنیا یەک واقیع نییە، تا ببێتە هۆی چالاکیی مەعریفی ( cognitive activity)مان.].(11)

لەم ڕووەوە بۆچوونی (هیگڵ)، (ئێدوارد زیلەر)، (ئارچیباڵد ب. د. ئەلیکساندەر) و زۆری دیکەم هێناونەتەوە و سەرچاوەکانم بە لاپەرەکانیشیانەوە نووسیون، تا پێشانی بدەم ئەم باسە زۆر ئاڵۆزە و هیی ئەوە نییە بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک لێوەی بدوێین.

ئینجا لە وتاری (ڕۆشنبیری جاگەر لە حەڤدەی شوباتەوە بۆ ئەزموونی)دا ئاماژەم بە بۆچوونی (کلوود لیڤی شتراوس)ی فیلۆسۆف و ئەنترۆپۆلۆجیست کردووە، کە پێی وایە کولتوورێک لە کولتوورێکی دیکە باڵاتر نییە و هیچ نەژادێک ناکەوێتە سەرووی نەژادێکی ترەوە، بەڵکوو هەموویان هاوشانن. (شتراوس) چەمکی (نەژاد) لەوە دوور دەخاتەوە، پێوەندیی بە بایۆلۆجیاوە هەبێت وەک ئەوەی باوە، بەو مانایەی ڕەخنە لەو تێگەیشتنە دەگرێت، کە لەسەر ئەو بنەمایە

دامەزراوە، گۆیە نەژادی باڵا کولتووری باڵا بەرهەم دێنێت، لە کاتێکدا (نەژاد) خۆی بەرهەمی کولتوورە، نەوەک هی بایۆلۆجیا. بەم شێوەیە گەشەکردنی کولتوورە جیاوازەکان بەندە بە کارلێکی ئەو نەژادانەوە، نەوەک بە زاڵکردنی یەکێکیان بەسەر ئەوەی تریانەوە. لە کتێبی نەژاد و مێژوو ( Race and History)دا چەمکی تیۆریی خزمایەتی (kinship theory) بە کار دەهێنێت، تا ئەوە دەربخات، کە کولتوور لە ڕێی تێکەڵبوونی گرووپەکانەوە هاتووەتە دی، بەو مانایەی نەژادی بێگەرد (pure race) خورافەیە و ئەوەی هەیە فرەیی کولتوورییە. بەم شێوەیە جلوبەرگ و خۆراکی کوردی بۆ نموونە لە ڕووی بەهاوە لە هی عەرەبی و تورکی کەمتر نین، وەک ئەوەی ڕوانینی ڕەگەزپەرستانەی ئیخوان ئەوان بە باڵاتر دەزانێت، بەڵکوو هاوشانن و دەتوانن لە یەکتر وەربگرن. هەمەجۆریی کولتووری دیاردەیەکی بابەتییانەیە و پێوەندیی بە هۆکاری مێژووییەوە هەیە، نەوەک بە نەژاد و بایۆلۆجیاوە.(12)

ئەو ڕەخنەگرە میللییە بەردەوام ناوی (نیتشە)، (هایدیگەر)، (فۆکۆ)، (دولووز)، (دێریدا) و هی دیکەی بە دوای یەکدا ڕیز

کردوون، بە مەرجێ وەک پێشتر گوترا ئەوانە ڕەخنەی توندیان لەو تێگەیشتنە گرتووە وا ئەوروپای لەسەر دامەزراوە. کاتێ گوتەیەکی ئەوانەی دەکەوێتە بەرچاو، بێ ئەوەی بزانێت، ئاخۆ بە دروستی کراوەتە کوردی، یان نا، وەریدەگرێت و دایدەنێتەوە. ئەگەر پێیشی وایە ئەوروپا وێرانە و من لە وێرانەدام، ئەوە هەمان هەڵەی لۆجیکییە. بە لۆجیکی هەموو شتێک، یان هیچ (All or nothing logic) ناسراوە و فەلسەفە بە تایبەتی لە (نیتشە)وە ڕووبەڕووی بووەتەوە، کە بۆ نموونە لە کتێبی (لە پشت چاکە و خراپەدا)دا پێی وایە نە چاکە لە خودی خۆیدا چاکە و نە خراپە لە خودی خۆیدا خراپە، بەڵکوو بەهای هەردووکیان بە پێوەری شتی ترەوە دیاری دەکرێت، بەو مانای ئەو چیەتییەیان چەسپاو نییە، بەڵکوو لە گۆڕاندایە... ئایا بەشێک لەو نووسەرانەی بە داهێنەرانیان دەزانێت و پێیاندا هەڵدەڵێت، لە ئەوروپا نین؟ ئایا نووسەر کاتێ بە لۆجیکی (داوا دەکەم ئەم برادەرە دایکی نەبینێت) دەنووسێت، شتە سادەکانیشی لێ تێکەڵ دەبن؟ دیسان دەپرسم ئەمە بابەتە ورووژاندوویەتی؟ پێشتر ئاماژەمان بە

گوتەیەکی کرد، کە دەڵێت داهێنەران (شارستانییەتەکان بونیاد دەنێن). ڕاستییەکەی (شارستانیەت)ە، نەوەک (شارستانییەت). وەک پێشتر گوترا لانی کەم لە (نیتشە) و (فرۆید)ەوە تێگەیشتنێکی دیکەی تەواو جیاواز بۆ چەمکی شارستانیەت دەخرێتە ڕوو، کە بە (هایدیگەر)، (فۆکۆ)، (دولووز)، (دێریدا) و زۆری تردا تێدەپەڕێت. شارستانیەت دیفاکتایە و دەبێت لە ڕێی پرسیاری بوونەوە ڕووبەڕووی ببینەوە. بۆچی لە کاتێکی وەهادا ئەو فیلۆسۆفانەی بەردەوام ناویان دەهێنێت، گوم دەبن و پەنا دەباتەوە بەر تێگەیشتنی ڕۆژانەی خەڵک؟ لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی...)دا ئەمەم بە وردی بۆ نووسیوە، بەڵام هەر دەبێت بۆ ئاستی زانراوی جەماوەری بباتەوە.

گوتمان کاتێ گوتەیەکی بەرچاو دەکەوێت، دەیهێنێت و تێهەڵکێشی گوتە ساکارەکانی خۆی دەکات، تا لەوێوە پەلاماری من بدات. بەوەدا فلان نووسەر وای گوتووە، ئەوە من نووسەرێکی موفلیس و پێنووسبەدەستم. ئەمە جگە لەوەی هەڵەی لۆجیکیی ژەهراویکردنی بیرە و تەنیا بۆ ئەوەیەتی لەو

ڕێیەوە جنێوم پێ بدات، دانەیەکی دیکەیشە و بە پێوەندیی وەهمی (Illusory correlation) ناسراوە، واتە هیچ پێوەندییەک لەنێوانیاندا نییە. بۆ نموونە: مادام ئەمڕۆ بارانە، ئەوە تۆ ڕقت لە درەختە. لەنێوان ئەم دووانەدا پێوەندی هەیە؟ هەر لە (ڕۆژنامەی هەولێر)دا وتارێکی لەبارەی (ستایش)ەوە نووسیوە و هەمان هەڵەی لۆجیکیی کردووەتەوە. نووسیویەتی: (بڕوام بە قسەیەکی نیتشەی مەزن هەیە کە دەڵێت). گوتەکەی نووسیوە: (مادام ستایشت دەکەن، سووربزانە هێشتا خاوەنی ڕێگای خۆت نیت و بەسەر ڕێگەی ئەوانیتردا دەڕۆیت). پڕە لە هەڵەی زمانەوانی. ئایا (سووربزانە)یە، یان (سوور بزانە)؟ ئەرێ (نیت)ە، یان (نییت)؟ (ئەوانیتر)ە، یان (ئەوانی تر)؟ ئینجا (ئەوانی دیکە) دروستتریشە. سەرەتا پرسیار ئەوەیە: ئایا کەسێک چوار دێڕی کتێبێکی ئەو فیلۆسۆفەی خوێندبێتەوە، لەم ئاستەی زماندا دەنووسێت و ئەو زانیارییە سادانە بە جەماوەر دەگەیەنێتەوە، کە ئەوە بیست ساڵ زیاترە دەستی داوەتە ئەم کارە؟ ئینجا لە هزری ڕەخنەییدا شتێک نییە بە ناوی باوەڕ، بەڵکوو ڕاڤەی جیاواز هەیە. باوەڕ هیی بواری تیۆلۆجییە

و بریتییە لە یەقین، کە (نیتشە) بە هیی مێگەلی دەزانێت. لە (زەردەشت ئاوا دوا)دا دەڵێت: (ئێوە دەڵێن بڕوامان بە زەردەشت هێناوە، بەڵام زەردەشتی چی؟ بڕواتان بە من هێناوە. ئینجا بڕواداران چین؟ ئێوە هێشتا بە دوای خۆتاندا نەگەڕاون، بەڵکوو منتان دۆزیوەتەوە، کە ئەمەیش کاری هەموو بڕوادارانە، بە مەرجێ بڕوا هیچ بایەخی نییە.).(13)

لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی...)دا هەوڵم داوە بە وردی ئەوەی پێ بڵێم، بەڵام هێشتا وازی نەهێناوە. لەوێیشدا گوتەیەکی داوەتە پاڵ (هایدیگەر) و گوتوویەتی باوەڕی تەواوی پێیەتی، کە پێشانیم داوە پێوەندیی بەو فیلۆسۆفەوە نییە. (باوەڕی تەواوم بەو شتەیە، کە نازانم چییە). لای (نیتشە) ئەفۆریسم جێگەی بایەخە، دەنا قسە واتە گوتەی باوی خەڵک. ئەگەر ئەم گوتەیە هیی ئەو فیلۆسۆفەیە، با بێت و سەرچاوەکەم بۆ بنووسێت! ئایا دەبێت هەر کاتێک گوتەی فیلۆسۆفێکت کەوتە بەرچاو، خێرا بیگوێزیتەوە؟ ئەرێ ناکرێت بە هەڵە کردبێتیانە کوردی؟(14) لە قۆناغی ئامادەییدا ئەم گوتەیەم چەند جار لەو کتێبە بازرگانییانەدا خوێندووەتەوە، کە بۆ گوتەی ناوداران

تەرخان کراون. لە زمانی ئینگلیزدا بووەتە ئیدیۆم و خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بە کاری دەهێنن، بەڵام ئایا هیی (نیتشە)یە؟ ئینجا مادام (نیتشە) وای گوتووە، کە ڕوون نییە وای گوتبێت، ئەوە من نووسەرێکی خراپم. ئایا لەنێوان ئەو دووانەدا پێوەندی هەیە؟ ئینجا با بڵێین ئەم گوتەیە هیی (نیتشە)یە، بەڵام ئایا لە ڕێی دایەڵۆگەوە پێی گەیشتووە، یان بە شێوەی میکانیکی گواستوویەتیەوە، تا لەو ڕێیەوە پەلاماری من بدات؟ ئەمەیش هەڵەیەکی دیکەی لۆجیکییە و بە بانگەواز بۆ دەستەڵات (Appeal to authority) ناسراوە، بەو مانایەی پەنا دەباتە بەر بۆچوونی کەسانێکی ناسراو، تا پێشانی بدات پەلاماردانەکەی ڕەوایە. ئایا مەرجە ئەوانەی ناسراون، هەمیشە بۆچوونیان دروست بێت؟ من خۆم لە ڕێی دایەڵۆگەوە بەو فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانە گەیشتووم، کە لە نامەکەمدا ڕوانینیان خراوەتە ڕوو. نامەکە ماوە و دەتوانێت پێشانی بدات، ئەگەر وا نییە. ئایا ئامادەیە سەرچاوەی گوتەکەی (نیتشە)مان بۆ بنووسێت، یان دیسان پەنا بۆ (ڕۆژنامەی هەولێر) دەباتەوە و جنێوی دی دەدات؟ ئایا دەتوانێت کاتێ لەگەڵ هاورێ

نزیکەکانیدا باس لەم وتارەم دەکات، بڵێت ئەمە سەرچاوەکەیەتی، بەڵام ئەو گەمژە موفلیسە نەخوێندەوارە ئیستقالەنووسە پێنووسبەدەستە گەنەنووسەرە نایزانێت؟ هیوادارم وا بڵێت. ئایا دەتوانێت؟ ئایا ئەو هاوڕێیانەی بوێری دەخەنە بەر خۆیان و لێی دەپرسن؟

(د. ن)ی هاوڕێمان لە ئامادەیی ڕزگاریدا هەمیشە وای پێشان دەدا زۆر دەخوێنێتەوە و بە قووڵی لەبارەی بابەتەکانەوە دەدوێت، بەڵام گوتەکانی شتێکی پێچەوانەیان دەگەیاند. بۆ نموونە دەیگوت: (ئەگەر پێشمەرگە پەلاماری سەنگەری بەعس بدات، ئەوە دەیدات. ئەوسا پێویستە بزانین سەنگەرەکانی بەعس لەلایەن پێشمەرگەوە پەلامار دراون... جەنگی عێراق و ئیران نەوەستێت، درێژە دەکێشێت. درێژەکێشانی جەنگیش مانای ئەوەیە بەردەوامە و زیاتر خەڵک دەکوژرێن... ناکرێت بڵێین تەنیا ئەمەریکا هێزێکی گەورەیە، بەڵکوو سۆڤیەتیش شان لە شانی دەدات. پێویستە لە بیرمان نەچێت، کە ئەوان دوو هێزی گەورەی جیهانن.).

زستانی (١٩٨٥)ە. کۆمەڵێک هاوڕێین و لە (کازینۆی دڵزار)دا کۆ بووینەتەوە، تا وەک هەمیشە کاتەکەمان بە گفتوگۆ ببەینە سەر. (د. ن)یشمان لەگەڵدایە. بەوەدا هاوڕێیەکمان کتێبی (شۆڕش لەناو شۆڕش)، (بەفر گڕ دەگرێت) و (بەرگری لە شۆڕشگێڕی)ی (ڕیژیس دۆبرێ)ی بیرمەندی فرانسی پێن، ئەوە چەمکی شۆڕش لەو گفتوگۆیەدا بەشی شێری بەر دەکەوێت. ڕاستییەکەی لەو سەردەمەدا کتێبەکانی ئەو بیرمەندە چەپڕۆیە بایەخی زۆریان پێ دەدرا، بە ڕادەیەک ئەگەر تۆ هەموو ئەوانەی (مارکس)ت بخوێندنایەتەوە، بەڵام هی ئەوت نەبووایە، بە ڕۆشنبیر دانەدەنرایت، کە (ژان پۆول سارتەر) بە زمانێکی ڕۆژنامەنووسیی سادە پێشەکیی بۆ (بەرگری لە شۆڕشگێڕی) نووسیوە.

ئێمە چووینەتە قووڵایی گفتوگۆکەوە و (د. ن)یش دەنگی لێوە نایەت، بەڵام دوایی دەرفەت دەهێنێت و دەڵێت: (شۆڕش هەڵبگیرسێت، هەڵدەگیرسێت، ئەگەر هەموو خەڵکی دنیا کۆ ببنەوە، تا بە یەک دەنگ هاوار بکەن و بڵێن نابێت هەڵبگیرسێت.). منیش سەرمی بۆ دەلەقێنمەوە و دەپرسم:

(بۆچی؟)... ئەم وەڵام دەداتەوە: (چونکێ شۆڕش شەرم لە کەس ناکات.). دیسان سەرمی بۆ دەلەقێنمەوە. ئیدی ئەم لەبارەی شۆڕشەوە بەردەوام دەبێت و نایبڕێتەوە، چونکێ ئاسانە و دەتوانێت بە وشەی ڕەونەقدار بیڕازێنێتەوە... ئەرێ ئەگەر (هەموو خەڵکی دنیا کۆ ببنەوە و بڵێن نابێت شۆڕش هەڵبگیرسێت)، ئەدی ئەوانە کێن هەڵیدەگیرسێنن؟ (کرمانج عومەر) و من هەمیشە بۆ خۆشی گوتوومانە: (شۆڕش شەرم لە کەس ناکات)... خوێنەر ئەگەر لە (ڕۆژنامەی هەولێر)دا چاو بە وتارەکانی (کۆشکی)دا بخشێنێت، دەبینێت بەو شێوەیە لەبارەی چەمکەکانەوە دواوە. ئایا ئەو هاوڕێیەمان چەند کتێبەکانی (دۆبرێ)ی دەناسین، ئەویش هەر هێندە هیی (نیتشە)، (هایدیگەر)، (فۆکۆ) و ئەوانەی دیکەی دیون؟ ئەرێ کاتێ دەڵێت پێویستە ڕەخنەگر ئاگاداری سەرجەم فکری دنیا بێت، هەمان ئەو قسەیە نییە، کە (د. ن) لەبارەی هەڵگیرسانی شۆڕشەوە کردوویەتی؟

هەر (کۆشکی) و لە هەمان ڕۆژنامەدا نووسیویەتی: (دەمێکە وتارەکانی ئەم نووسەرە ئەوروپانشینە بە شایستەی خوێندنەوە

نازانم، بەڵام ئەم وتارەی لەبەرئەوەی سەبارەت بە شیعربوو، منیش ئەم ژانرەم زۆر لا شیرینە، بۆیە ناچارانە خوێندمەوە).

ئەمەیش هەر هەڵەی لۆجیکیی ژەهراویکردنی بیرە، کە دەیەوێت بەبێ ئەوەی ئاماژەیەک بە وتارەکە بکات، بە جەماوەری ڕۆژنامەکەیان بڵێت من نووسەرێکی وەها نیم، بابەتەکانم بۆ خوێندنەوە دەست بدەن. ئینجا (ئەم ژانرەم زۆر لا شیرینە) هەر بە مەبەستی بزواندنی سۆز نووسراوە و هەڵەی لۆجیکییە، دەنا ناتوانێت لەبارەی چەمکی شیعرەوە شتێک بگەیەنێت. ئایا سەختە مرۆڤ بێ ئەوەی یەک دێڕی لەبارەی شیعرەوە خوێندبێتەوە، بڵێت من زۆرم حەز لەو ژانرەیە؟ دەتوانێت چاکترین بەرهەمی خۆیم بۆ بنێرێت، کە لەبارەی شیعرەوە نووسیویەتی؟ ئەرێ یەک پەرەگرافی لەم بارەیەوە هەیە، کە هیی قاقالێدان نەبێت؟ ئایا لەم گوتەیەم بەرپرسیارم؟ بەڵێ. پێشتریش پێشانیم داوە. ئایا نزیکەی پانزدە ساڵ لەمەوبەر لە کۆمەڵێک نامەی تایبەتدا پێشانیم نەداوە چۆن لە شیعر گەیشتووە؟ وای لە خوێنەر گەیاندووە، کە من ناوەناوە وتارێکی بێکەڵک دەنووسم، لە کاتێکدا وەک گوتم تەنیا لەوەتەی

گەڕاومەتەوە نزیکەی پانزدە کتێبم چاپ کردوون. ئەگەر نووسەر پێشتر بڕیاری دا لایەنگری کێ بێت و لە دژی کێدا بجەنگێت، ئەوە ڕاستگۆیی لە دەست دەدات و ئەو هەڵە لۆجیکییە دەکات، کە بە لایەنگرێتیی پێشوەختە (Confirmation Bias) ناسراوە.

لە شوێنێکی تری هەمان وتاردا نووسیویەتی: (لە هەموو وتارێکی ئەدەبیدا ئەگەر ناوی دە بیرمەندە ڕیز نەکات دڵی ئارام ناگرێت).

ئەوە منم چەند ساڵە بە بەڵگەوە پێشانیم داوە ناوی فیلۆسۆفان ڕیز دەکات، کە ئەوەتە لێرەیشدا ئاماژەم پێ کردووە. ئایا دەتوانێت یەک نموونە بهێنێتەوە و بۆچوونەکەی پێ بسەلمێنێت؟ ئەوە هەر منیشم سەرچاوەکانم بە ژمارەی لاپەڕەکانیشیانەوە نووسیون. وەک پێشتریش گوتم لە ڕێی دایەڵۆگەوە پێیان گەیشتووم. ئینجا نەک تێکستەکان، بەڵکوو کۆنتێکستەکانیشم وەرگرتوون و لەم ڕووەوە بۆچوونی خۆمم خستووەتە ڕوو. ئەگەر تەنیا فڕێدانی قسە نییە، با بێت و پێشانی بدات! بە تەحەداوە دەڵێم ناتوانێت. ئامادەم لەبارەی هەر کتێبێکەوە، کە ناوم هێناوە، گفتوگۆ بکەم و زیاتر لەو بارەیەوە

بنووسم. تۆ چۆنت زانیوە ئەمانە ڕیزکردنی ناون؟ ئایا یەکێ لەو فیلۆسۆفانەت ناسیوە؟ ئەگەر بۆ تێکڕای بەرهەمەکانت بگەڕێینەوە، چوار دێڕ دەبینین لەبارەی یەکێکیانەوە نووسرابێت؟ بەڵێ، ناوت هێناون، بەڵام ئایا لەبارەیانەوە شتێکت گوتووە؟ ئایا سەختە ناویان بزانیت؟

هەر لە بواری هەڵەی لۆجیکیی ژەهراویکردنی بیردا تۆمەتی ئەوەی داوەتە پاڵم، گۆیە ساڵانێکە خەریکی پێکهێنانی بەرەم، بەو مانایەی سەر بە گرووپم و پەلاماری نووسەران دەدەم. ئایا دەتوانێت لەم بارەیەوە نموونەیەک بهێنێتەوە؟

بۆ ئەوەی نووسەرێک بتوانێت بەرە پێک بهێنێت، ئەوە پێویستە هەموو مەرجەکانی هەبن، دەنا سەر ناگرێت. لە فەلسەفە، یاسا و ئەپیدیمیۆلۆجی (epidemiology)دا دوو چەمک هەن، کە لانی کەم ڕەگیان بۆ فەلسەفەی یۆنانی دەگەڕێتەوە و تا ئەمڕۆیش کاریان پێ دەکرێت: یەکەم، هۆکاری تەواو (complete cause). دووەم، هۆکاری ناتەواو، یان هۆکاری بەش (partial cause). بۆ ئەوەی ئەنجامێک بە دەستەوە بێت، ئەوە پێویستە هۆکاری تەواو هەبن. بۆ نموونە

من تا بتوانم چێشت لێ بنێم، ئەوە دەبێت مەنجەڵ، بابەتی سووتاندن، شقارتە و خۆراکم هەبن. ئەگەر یەکێ لەوانەم کەم بێت، چێشتەکە لێ نانرێت. منی نووسەر بەو مەبەستەی لە دنیای نووسیندا بەرە پێک بهێنم، پێویستە بوونی خۆم لە دەست بدەم، بەو مانایەی دەکرێت سەر بە دەستگەی حزبێک بم، تا ڕاگەیاندنێکی زەبەلاح پشتم بگرێت. هەروەها نموونەیەکی باڵام هەبێت و بەرگریی لێ بکەم. بڕیار بدەم لە دژی هەندێک نووسەردا بجەنگم، تا شتی بچووکیان زەق بکەمەوە و بیانشێونێم، کە هەڵەیەکی لۆجیکییە و بە سوورەماسی ( red herring fallacy) ناسراوە. کاتی زۆرم دەوێت، چونکێ پێویستە هەمیشە لە قەرەباڵغیدا بم. لە پاڵ ئەکاونتەکەی خۆمدا کۆمەڵێکی ساختەیشم هەبن. ئایا من ئەم مەرجانەم تێدان؟

هەر ماوەی پێشوو، کاتێ وتاری (ڕۆشنبیری جاگلەر لە حەڤدەی شوباتەوە بۆ ئەزموونی ڕۆژاڤا)م بڵاو کردەوە، لە ڕێی ئەو جنێوانەیەوە پێشانی دا سەر بە بەرەیە. هەندێک شتی لەم کۆمێنتانەیدا نووسیون، کە سەختە هەر کەسێک، ئەگەر یەک

کتێبی فەلسەفیی خوێندبێتەوە، بیاننووسێت. پشتی ئەو نووسەرەی گرت، کە بە ئەکاونتی ساختە هەندێک گوتەی سادەی پێکەنیناویی فڕێ دان. کاتێ ڕووبەڕوویان بوومەوە و هەڵموەشاندنەوە، ئەوە نەک هەر کۆمێنتەکانی سڕینەوە، بەڵکوو ئەکاونتەکەیشی دیئاکتیڤ کرد.(15)

هەر ئەم ڕەخنەگرە میللییە و هەر لە (ڕۆژنامەی هەولێر)دا لەبەر خاتری (ئارام کاکەی فەلاح)ی سادەنووسدا بە سادەییدا هەڵدەڵێت و پەلاماری من دەدات، گۆیە ئاڵۆزم. تۆیەک چەندان جار ناوی (هایدیگەر)ت نووسیبێتەوە، کەچی بە سادەییدا هەڵبڵێیت و لە دژی ئاڵۆزیدا بوەستیتەوە، چۆن بە منی خوێنەر دەڵێیت وتارێکی ئەم فیلۆسۆفەت دیوە؟ دەیەوێت چەند نموونەی تری بۆ بهێنمەوە؟ لە ڕێی وتاری (چەمکی سادەیی وەک بانگەشەی داهێنان)ەوە ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنە ساکارەی بوومەوە، کە لەسەر ئەوە دامەزراوە، گۆیە سادەنووسی داهێنانە.(16)

با هاوڕێ نزیکەکانم بێن و بە درۆم بخەنەوە، ئەگەر تا ئەم ساتەیش بە ئاماژە پێم گوتوون دێڕێک لەبارەی

بەرهەمەکانمەوە بنووسن، چجای بگاتە ئەوەی پێیان بڵێم پشتم بگرن! گوتوویەتی بۆیە ناوی شاعیرانم هێناوە، گۆیە ویستوومە بەرگریم لێ بکەن. ئایا ڕاستە من پێویستیم بە بەرگرییە؟ ئەم ڕەخنەگرە میللییە ئەدەب و هزر بە شەڕەگەڕەک تێگەیشتووە، دەنا کاتێ ڕاڤەی چەمک هەیە، هێزی کۆمەڵایەتی بایەخی نامێنێت. ئەوە منم ڕووبەڕووی تۆ و ئەوانەیش بوومەتەوە، کە بە داهێنەری مەزنیان دەزانیت. بەرهەمەکانم ماون و پێشانم داون تا چ ئەندازەیەک ساکارن، بگرە مایەی قاقالێدانن.

لە کتێبی (ئاماژە فەلسەفییەکان...)دا باسی ئەوەم کردووە چۆن هەرەمێک پێک هاتووە و لووتکەکەی بە (بەختیار عەلی) دراوە. ئایا کەسێک بڵێت پێویستە ببینە دەروێشی (فۆکۆ)، بێ ئەوەی پێشانی دابێت ئەو فیلۆسۆفەی هەر ناسیوە، سەختە لەو هەرەمەدا شوێنێک بگرێت؟ بەڵێ، (کۆشکی) نووسیویەتی: (دەبێت پەیڕەوکاری فۆکۆ بین). لە وتاری (ئەرێ ئەوە کانت و فۆکۆ لە کوێن؟)دا پێشانم داوە چۆن ئەو وتارەی، گۆیە هیی (فۆکۆ)یە و خوێندوویەتیەوە، نەیخوێندووەتەوە، چونکێ لەوێدا

ئەویش وەک (کانت) ڕەخنە لەو مرۆڤە دەگرێت، کە دەبێتە دەروێش، یان وەک خۆی دەڵێت دەبێتە (پەیڕەوکار). نووسیومە:

[(فۆکۆ) دەڵێت نایەوێت ڕۆ بچێتە ناو وردەکارییەکانی ئەو تێکستەوە، کە لەگەڵ ئەوەیشدا کورتە، بەڵام هەمیشە زۆر ڕوون نییە. مەبەستیەتی سێ چوار خەسڵەتی گرنگی تێدا دەستنیشان بکات، کە پێوەندییان بە شێوازی وروژاندنی ئەو پرسیارە فەلسەفییەوە هەیە لەبارەی (ئێستا)وە. بەم شێوەیە ئاماژە بەو دەرچە (way out)یە دەکات، کە ڕۆشنگەریی پێ دەناسرێتەوە. پرۆسێسی ڕزگاربوونە لە کەموکورتی، یان کەموکووڕی (immaturity). کەموکورتی بە چ مانایەک؟ بەو مانایەی دۆخێکی دیاریکراوی ویستمانە و وامان لێ دەکات دەستەڵاتی کەسێک پەسەند بکەین، تا لەو بوارانەدا بە ڕێوەمان ببات، کە بەکارهێنانی عەقڵ دەخوازن. لەم ڕووەوە سێ نموونە دەهێنێتەوە: یەکەم: ئێمە لە دۆخی کەموکورتیداین، کاتێ کتێب شوێنی تێگەیشتنمان دەگرێتەوە. دووەم: کاتێ ڕابەرێکی ڕۆحی (director spiritual) شوێنی ویژدانمان دەگرێتەوە. سێیەم:

کاتێ پزیشک لە جیاتیی ئێمە بڕیار دەدات چی بخۆین. بەهەرحاڵ لێرەدا ڕۆشنگەری وا پێناسە دەکات، کە دەستکاریکردنی ئەو پێوەندییە پێشوەختە ( preexisting relation)یە، ویست (will)، دەستەڵات (authority) و بەکارهێنانی عەقڵ (the use of reason) پێکەوە دەبەستێتەوە. واتە ئەو (دەرچوون)ە هێندەی دۆخێکی تاکانەیە، بەو ئەندازەیش کۆیە، بەوەی ئەوە دەخوازێت (ویست) بخرێتە گەڕ.

وەک (فۆکۆ) ئاماژەی پێ دەکات، (کانت) دەڵێت مرۆڤ خۆی لەو کەموکورتییەی بەرپرسە، بۆیە پێویستە وای دابنێین، کە تەنیا بە گۆڕانکارییەک، خۆی لە خۆیدا بەرپای دەکات، دەتوانێت لێی هەڵبێت. پێی وایە ڕۆشنگەری درووشم (Wahlspruch)ێکی هەیە، کە بریتییە لە (با بوێریی زانینت تێدا بێت، با ئازایەتیی زانینت هەبێت) (dare to know," "have the courage, the audacity, to know.") ڕاستییەکەی زاراوەی بوێریی بیرکردنەوە، یان بوێریی زانین (Dare to know) لە بنەڕەتدا دەربڕینێکە (هۆراس)ی شاعیر

بە کاری هێناوە، کە ڕەگی بۆ لاتینی دەگەڕێتەوە ( Sapere aude).](17)

وەک دەبینین ئەوە (کۆشکی)یە نەک هەر ڕەواج بە زمانی ئامۆژگاری دەدات، بەڵکوو داوا دەکات ببینە دەروێشیش، بەڵام ئەوە منم ڕەخنەم لەو ڕوانینە سادە و ڕووکەشە گرتووە. ناوی دوو فیلۆسۆفی هێناون، بێ ئەوەی پێشانی دابێت لاپەڕەیەکی لە بەرهەمیان خوێندووەتەوە.

(ئارام کاکەی فەلاح)یش گوتەیەکی (کارڵ پۆپەر)ی کەوتووەتە بەرچاو و لە گفتوگۆدا گوتوویەتی زۆر لەو فیلۆسۆفە فێر بووە، کەچی هەر لەوێدا پێشانی داوە تەنیا ناوی بیستووە. من وتاری (کارڵ پۆپەر لە ناوەکەیەوە بۆ فەلسەفەکەی)م نووسیوە و هەوڵم داوە لەبارەی هزری ئەو فیلۆسۆفەوە بنووسم، کە بەشی دووەمی کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا) پێک دەهێنێت. دیسان دەپرسم ئەرێ ئەمە بابەتە بورووژێنرێت؟ بەوەدا ئەمڕۆ دەستیان بەسەر دامودەستگەی حزبی و ناحزبیدا گرتووە، ئەوە بەشێکی فرەوانی تێگەیشتنی کۆمەڵگە پێک دەهێنن و ناکرێت ڕووبەڕوویان نەبینەوە.

بەڵێ، لە دیدی (کۆشکی)یەوە من بۆیە نامەم بۆ شاعیران ناردووە و ناویانم نووسیوە، تا پشتگیریم لێ بکەن. ئەمەیش هەڵەیەکی دیکەی لۆجیکییە و بە ( Oversimplification fallacy) ناسراوە، کە دەکرێت بە هەڵەی (کورتکردنەوەی لەڕادەبەدەر) بیکەینە کوردی. واتە تەنیا یەک هۆکار هەیە و هەموو شتەکانی تر بە لاوە دەنرێن. بابەتە ئاڵۆزەکان بە ڕادەیەک سادە دەکاتەوە، تا تەواو لە ڕایەڵی خۆیان دوور بکەونەوە. لێرەوە وا لە جەماوەر دەگەیەنێت، گۆیە تەنیا بۆ یەک هۆکار دەگەڕێنەوە. ئەوە چەند ساڵە ڕووبەڕووی دەبمەوە، ئایا بە ئاماژەیش گوتوومە هان دراوە، ڕقی لێمە، چاوی پێم هەڵنایەت؟ ئایا لای هاوڕێ نزیکەکانیشم شتی وەهام دەربڕیوە؟ بە دڵنیاییەوە دەڵێم نەخێر. ئایا خۆی بەردەوام لە (ڕۆژنامەی هەولێر)دا وای نەکردووە؟ وەک پێشتر گوترا نەهاتووە کتێبێک بە دەستەوە بگرێت، تا هەندێک ڕستەی بنووسێتەوە و بڵێت لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا خۆی ئەمانەی بەو مەبەستە کردوون؟ ئەرێ ویستوویەتی سۆزی کەسانێک ڕابکێشێت، تا بەرگریی لێ بکەن؟

ئەوە ئەلفوبێیە، کاتێ تۆ بە میتۆدی ڕەخنە ڕووبەڕووی دەقێک دەبیتەوە، چەمکەکان بە شێوازی جیاواز لێک دەدەیتەوە و لە ئاستێکی باڵاتردا دەریاندەخەیت. ئایا (کۆشکی) وای کردووە؟ ئایا لەبارەی چەمکی شیعرەوە هیچی نوێی گوتووە؟ ئایا نووسین تا ئەم ڕادەیە کارێکی ئاسانە، کە لە دوورەوە جنێو بە نووسەر بدەیت و بڵێیت بابەتەکەی پووچە؟ ئەوەتە هێرشی کردووەتە سەر ئەوانەی لە نامەکەمدا ناویان هاتووە و دەڵێت بەشی زۆریان هەر شاعیر نین. ئەگەر بوێریی هەیە و بەرپرسیارێتیی گوتەکەی هەڵدەگرێت، با بێت و بە ئارەزووی خۆی یەکێکیان بە نموونە بهێنێتەوە، تا لەبارەی شیعریەوە وتارێک بنووسێت! من کارم بەو وتارەیەتی و دەمەوێت بزانم چیی نوێم پێ دەڵێت. ئایا وا دەکات، یان بوێرییەکەی لەو شوێنەدا دەچەقێت، کە دەڵێت ئەوانە شاعیر نین؟ ئایا بەرهەمی تۆمان نەدیوە و نازانین چۆن بە هەمان زمانی خەڵک لەبارەی شیعرەوە دەدوێیت؟ ئەرێ ئەمەی خوارەوە گوتەی نووسەرێکە چوار دێڕی لە کتێبێکی گرنگدا خوێندبێتەوە؟:

(خۆی دەڵێ دەنگی شیعریی، کە بەشی هەرە زۆریان نەک دەنگی شیعریی نین، نووزەی شیعریش نین، بەڵام ئەم نووسەرە ئەوروپانشینە، ئامانجێکی سەرەکی لەم وڕێنەنامەیە ئەوەیە خۆی بە لێشاوێک لە بەناوشاعیری نوێ بناسێنێت و بڵێ ئەوەمنم ئێوە دەخوێنمەوە و ئێوەش ئەرک بکێشن بمخوێننەوە و بەرگریشم لێبکەن).

ئەم دوو سێ دێڕەیشی پڕن لە هەڵەی زمانەوانی. (دەنگی شیعری) دروستە، نەوەک (دەنگی شیعریی). ئینجا کاتێ دەنووسێت: (نووزەی شیعریش)، ئەوە دەبێتە (شیعر)، نەوەک شیعری، بۆیە پێویستە بنووسێت: (نووزەی شیعرییش). ئایا (ئامانجێکی سەرەکی لەم وڕێنەنامەیە) کوردییە؟ نەدەکرا بنووسێت: (ئامانجی سەرەکیی لەم وڕێنەنامەیە)؟ ئەوەی ئەم نووسیویەتی (سەرەک)ە، نەوەک (سەرەکی)، کە لەم ڕایەڵەدا بە دوو (ی) دەنووسرێت. (بەرگریشم لێبکەن)یشی هەر بە هەڵە نووسیون. (بەرگر) نییە، بەڵکوو (بەرگری)یە. (لێ بکەن) دەنووسرێت، چونکێ ئەو (لێ)یە

پریپۆزیشنە. بەم شێوەیە دەبێتە (بەرگرییشم لێ بکەن). چاو لە (ئەوەمنم) دەپۆشم و دەڵێم ڕەنگە هەڵەی چاپ بێت.

ئایا لەم نامەیەی مندا یەک جاریش گوتراوە (دەنگی شیعری)، یان بە مەبەست ئەمەی داوەتە پاڵم؟ ئەرێ ئەوە زمانی نووسینە؟ تۆ وەها خۆتت ناساندبێت، کە ڕەخنەگریت و ناوی دەیان فیلۆسۆف و بیرمەندت هێنابن، کەچی بەم شێوەیە بڕوانیتە چەمکی (وڕێنە)، بە مەرجێ لە هەرسێ کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی...)، (ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی) و (سادەنووسی...)دا هەوڵم داوە بە وردی لە بارەیەوە بنووسم. لەم ڕووەوە بۆچوونی (فرۆید)، (دولووز)، (گاتاری) و هیی دیکەم هێناونەتەوە. بۆ نموونە لە (ئاماژە فەلسەفییەکان...)دا گوتوومە بە هۆی هەوڵەکانی (سۆسێر)ەوە [ئەدەبیەتیی ئەدەب بووە جێگەی تێڕامان. بە مانایەکی دی، لایەنی جوانکاری و گەیاندنی سیمیۆتیکییانە خۆیان سەپاند، کە ئەوانە چۆن کاریگەری لەسەر (وەرگر/خوێنەر) دادەنێن. چەمکی وەک چێژ، خرۆشان، وەڵامدانەوە، شیعریەت، لادان، یان تێپەڕاندن، وڕێنە،

زیندەخەون و هیی دیکە دەرکەوتن، کە شێواز بەرهەمی ئەم جووڵەیەیە. شێوازناسی بووە جێگەی بایەخی زمانناسی، بونیادگەری، هێرمۆنیتیکا، سیمیۆتیکا و ئەوانەی تریش.].(18)

هەر لەم کتێبەدا بۆچوونی (دولووز) و (گاتاری)م هێناوەتەوە و نووسیومە: [لێرەدا چەمکی وڕێنە (delirium) بە مانایەکی جیاواز لە هیی (فرۆید) و هیی فەرهەنگیش بە کار دەهێنن، کە دەکرێت وڕێنە گوتارێک بێت بۆ دەربڕینی هەستی فاشیەت، سڕینەوە و سەرکوت، وەک چۆن دەشێت گوتارێک بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانە و سەرکوتەکانی سەرمایەداری، کە لە شێوەی هونەر، ئەدەب، یوتۆپیا و هیی دیکەدا دەردەکەوێت. واتە دوو تەوەرەی پەنهانی وڕێنە ( two ambiguous poles of delirium) هەن و دوو جۆر گوتاری جیاوازیش بەرهەم دەهێنن.(19) وڕێنە ئەو گوتارەیە، کە دامودەستگەی سەرمایەداری ڕێی دەربڕینی نادات، مەگەر لە شوێنی تایبەت نەبێت.]. (20)

لە کتێبی (سادەنووسی....)دا گوتوومە: (وڕێنە بەوەدا زمانی باو تێک دەشکێنێت و لە دۆخێکی دیکەی جیاوازدا خۆی

دادەمەزرێنێتەوە، ئەوە لە ڕووی هێماسازییەوە بایەخی هەیە. دەکرێت بگوترێت وڕێنە ئەو دەربڕینەیە، کە دەستەڵاتەکان نایانەوێت بیبیستن، چونکێ دژی ڕێکی و سیستەمە، لە کاتێکدا ئەو دەستەڵاتانە لەسەر بنەمای ڕێکی دادەمەزرێن، کە تەنیا لەو دۆخەدا کۆنترۆڵ و دیسپلین دەتوانن چالاک بن.).(21)

ئەرێ سەختە بە کتێبی هەر داهێنەرێک بڵێیت وڕێنەیە، بێ ئەوەی نە لەبارەی چەمکەکەوە شتێک بنووسیت و نە نموونەیەکیش لە کتێبەکە بهێنیتەوە؟ ئایا ڕۆژانە لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەک گەڕەک و بازاڕدا گوێمان لەوە نابێت، کە خەڵک دەڵێن ئەم قسەیە وڕێنەیە، یان فڵان وڕێنە دەکات؟ ئەرێ تۆ شتێکت بۆ خوێنەر نووسیوە، کە لە منداڵییەوە نەیبیستبێت؟

بە منی گوتووە: (ئامادەیە بە سەعاتان بدوێ بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ!). ئەرێ ئەمە کوردییە؟ هەر کەسێک بدوێت، شتی گوتووە، بەڵام چیی دەربڕیوە؟ ئەمەیان پرسیارەکەیە. ئەوەتە خۆی دواوە و پێی گوتووین لە چ ئاستێکدا دەنووسێت، بگرە

وای لێ کردووین گومان لە نموونە باڵاکانی بکەین و بپرسین کوا کاریگەریی بەرهەمیان؟

ئێستا دەگەینە هەڵەی لۆجیکیی داهۆڵ ( Strawman fallacy)، کە بریتییە لە دروستکردنی هەندێک داهۆڵ، گۆیە ئەوانە نووسەرن و بۆچوونی سادە و هەڵەیان لەبارەی چەمکەکانەوە خستووەتە ڕوو، بە مەرجێ یەک نموونەی لێ نەهێناونەتەوە، بەڵکوو هەر خۆی ئەوانەی داونەتە پاڵ و لەو ڕێیەوە دادگەیی کردوون. ناوی لە نامەکەم ناوە (نەسیحەتنامە)، گۆیە بریتییە لە نەسیحەت. ڕاستییەکەی کورد وشەی (ئامۆژگاری) بە کار دەهێنێت. ئایا ڕاستە ئەم نامەیە ئامۆژگارییە؟ ئایا بە زمانی حوجرە نووسراوە؟ ئەگەر ئەم گوتەیەیشی وەک ئەوانەی تر فڕێ نەداوە و بەرپرسیاتییەکەی هەڵدەگرێت، دەتوانێت یەک نموونەی لێ بهێنێتەوە؟ ئەگەر ناردنی نامە بۆ شاعیران ئامۆژگاری بێت، چی بە (ڕیلکە)ی شاعیر و فیلۆسۆف بڵێین، کە لەم ڕووەوە کتێبی (نامەکان بۆ شاعیرێکی لاو)ی نووسیوە؟ دەتوانم نموونەی کۆمەڵێک داهێنەری

دیکەی دنیا بهێنمەوە، کە لە ڕێی نامەوە بیرۆکەی وردیان خستووەتە ڕوو.

لێرەوە بە خۆی و هەر کەسێکی تر دەڵێم ئەگەر پێشانی بدات بە ئاماژەیش توخمی ئامۆژگاری لەم نامەیەدا هەیە، ئەوە من بەڵێن بێت ددانی پێدا بنێم و بۆ لای خۆمی بگەڕێنمەوە، بگرە ئامادەم داوای لێبوردن لە خوێنەر بکەم، بەڵام ئەگەر گەڕایەوە (ڕۆژنامەی هەولێر) و نەک هەر بە لای ئەم باسەدا نەچووەوە، بەڵکوو تۆپەڵێک جنێوی دیکەی دایەوە، ئەوە منیش ئەوسا بە شێوازێکی تر ڕووبەڕووی دەبمەوە. لە گۆرانیی فۆلکلۆرییشدا هاتووە: (لە تۆ فڕێدانی چەمک، لە منیش هەڵگرتنەوە و ڕاڤەکردنی، گیانەکەم). ئایا کاتێ نایەت، تا پێشانی خوێنەری بدات، کە ئەم نووسینەم نەسیحەتنامەیە، مانای ئەوە نییە تەنیا تۆمەتە؟ هیوادارم هاوڕێ نزیکەکانی بۆ ئەو کارە هانی بدەن.

لەسەر هەڵە لۆجیکییەکەدا ئەم بۆچوونەی هەڵچنیوە: (ئایا لەم سەردەمەدا باوی نەسیحەتنامە ماوە، ئایا نەسیحەتنامە لانیکەم پەیڕەونامەی سەدەیەک لەمەوبەر نییە، کە لە

حوجرەکاندا بە فێرخوازەکان دەدرا. بەڵام ئەم نووسەرە ئەوروپانشینە بۆ تائێستاش هەر بە عەقڵیەتی حوجرەوە دەنووسێت و بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی نەسیحەتنامەکانی).

لە ڕووی دارِشتنەوە پڕە لە هەڵە. مرۆڤ کاتێ دەپرسێت، نیشانەی پرسیار دادەنێت. (پەیڕەو) نییە و (پێڕۆ)یە. کورد بەشێکی زۆری وشەکانی لە ڕێی پێوەندیی نێوان جەستە و سروشتەوە داتاشیون، بۆیە (پێ)یە، نەوەک (پەی). ئایا (ئەوروپانشینە بۆ تا ئێستاش) کوردییە؟ دیسان دەپرسم ئەگەر ڕاست دەکات و ئەم نامەیەی من بەو شێوەیە نووسراوە، دەتوانێت یەک نموونەی لێ بهێنێتەوە؟ ئایا نزیکەی پانزدە ساڵ لەمەوبەر من خۆم ئەمەم لە نامەی تایبەتدا بۆ نەنووسیوە؟ پێم نەگوتووە زمانەکەی هیی بواری ئایینە؟ ئەگەر وا نییە، دەیەوێت بە درۆم بخاتەوە؟

دوای ئەوەی لە (ئەدەب و هونەر)ی (کوردستانی نوێ)دا بابەتێکی کورتی لەژێر ناونیشانی (ڕەخنەی کوردی بەرەو کوێ)دا نووسیی، نامەیەکم بۆ نارد، کە لەو ڕێیەوە هەم لەبارەی ئەو چەمکانەی فرێی دابوون، پرسیم و هەم بۆچوونی خۆمم

دەربڕی. گوتوومە ئەم شتانە سواون و هیچی نوێ بە دەستەوە نادەن، کەچی لە وەڵامەکەیدا گوتوویەتی ڕاستە، بەڵام پێویستە بگوترێنەوە. ئەوەتە منیش بۆیم نووسیوەتەوە:

[جیاوازیی چییە ئەگەر من لە گوتار یان لە گفتوگۆدا لەبارەی چەمکێکەوە بدوێم؟ ئەوەندەی من بزانم تۆ لە یەکێ لە گوتارەکانتدا ئاماژەت بە گوتەیەکی (ڕۆلان بارت) داوە. کەواتە ئەو ڕەخنەگرە دەناسیت، کە پێی وایە هەموو تێکستێک، ئینجا ئەدەبی بێت، یان هەرچییەکی دیکە و قەبارەکەی هەر چەند بێت، لەژێر دەستەڵاتی نووسەر ڕزگار دەبێت و دەکەوێتە بەردەم خوێنەر. ئەوەی دەدوێت نووسەر نییە، بەڵکو زمانە. (بارت) وەکوو هەموو بونیادگەرەکانی تر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت بابەت شتێکی پێشینە نییە، بەڵکوو لە کاتی نووسیندا لە دایک دەبێت... ئەوەی لە بەردەستی منی خوێنەردایە، تێکستێکە پرسیاری نوێم لا ناورووژێنێت، ئیتر بۆچی نووسیوتە و بە چ مەبەستێک نووسیوتە، گرنگ نییە. ئەوەتە خۆیشت دەنووسیت: (ڕاستە ڕەنگە شتی نوێی تێدا نەبێت.. بەڵام ئەو شتانەی خراونەتەروو وەك خۆشتن نووسیوتە لە ئێستا و لە

داهاتووشدا ئامادەییان هەیە بۆیە باسکردنیان بەلای منەوە گرنگترە لەوەی باس نەکرێن..). بە ڕاستی ئەوە لۆژیکی ئەدەب و فکر نییە ئەو شتانە بگوترێنەوە، کە پێشتر گوتراون، بەڵکوو لۆژیکی ئایینە.].

ئینجا من لەبارەی زمانی حوجرەوە سەرنجم هەیە، بەوەی زمان بەشێکە لە کردەی پەرەسەندن، کە هەوڵم داوە لە کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤە)دا بە وردی لێیەوە بدوێم، بۆیە زمانی حوجرە چەمکێکی گشتییە و یەکسان نییە بە زمانی هەر کەسێک لە حوجرەدا دەخوێنێت. وەک (سۆسێر)یش دەڵێت زمان (language) بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و زوبان (Tongue) بەو مەبەستە دایهێناوە، کە تاکەکان بە کاری بهێنن، بەڵام قسە لەسەر ئاستی ئیندیڤیدوال (تاک)دا دەردەکەوێت. کەواتە بەرهەمی تاکە و سەرچاوەکەی هۆشیاری و ویستە. بەم پێیە قسە لە دەرەوەی سیستەمە، یاخود دژی سیستەمە، بەوەی سیمایەکی ئازادانە و پاشاگەردانییانەی هەیە و خاوەنی خەسڵەتێکی گۆکراو (verbal)ە.(22) ئایا زمانی (نالی) هەمان ئەو زمانە گشتییەی حوجرەیە، یان تێی پەڕاندووە؟ لەم

چەند ساڵەی ڕابوردوودا چەند جارێ باسی زمانی نووسین و هیی ڕۆژانەم کردووە، کە یەکەمیان بەردەوام دووەمیان تێدەپەڕێنێت، بەڵام دیسان زمانی نووسین دەبێتەوە زمانی ڕۆژانە، بەڵام لە ئاستێکی بەرزتردا، تا زمانی نووسین ئەو ئاستەیش تێبپەڕێنێت. کردەیەکی بەردەوامە و ناگاتە خاڵی کۆتایی. زمانی ئایین چەسپاوە، بەوەی خراوەتە چوارچێوەیەکی پیرۆزەوە، بەڵام هیی بەشێکی ئەوانەی لە حوجرەدا دەخوێنن، تێپەڕاندنە و هیی نووسەری داهێنەریش تێپەڕاندنێکی دیکەیە.

ماوەی پێشوو کتێبی (واتا و وشەکان)ی (سەعید ئەلغانمی)ی ناساندبوو، کە کراوەتە کوردی. دەرفەتی هێناوە و دیسان پەلاماری منی داوە. بەوەدا ناوی (سۆسێر) لە کتێبێکدا نووسراوە و منیش توانیومە بە کوردی بیخوێنمەوە، ئەوە تۆ نووسەرێکی موفلیسیت. ئەمانە پێوەندییان پێکەوە هەیە؟ ئەگەرچی لە نامەدا لێیم پرسیوە، ئاخۆ لەگەڵ منیەتی، بە زمانێکی شیرین گوتوویەتی نەخێر، بەڵام دواتر دەرکەوتووە وا نییە. لەو نامەیەدا بۆیم نووسیوە: [نووسیوتە: (بێگومان ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گەلێک گرنگ و تایبەت و بایەخدارە و

نامەوێت لەو زیاتر لەبارەیەوە بدوێم.). دەتوانیت پێم بڵێیت چیی نوێت لەو بارەیەوە گوتووە؟ هاتوویت چەند ڕستەیەکت لێ وەرگرتووە و وەک خۆیانت نووسیونەتەوە، بەڵام هەندێک گوتەی پێکەنیناویت فڕێ داون، کە ئەگەر لەسەر هەر یەکێکیاندا بوەستم، دەبێت قاقا لێ بدەم. کاتێ ناوی (سۆسێر)ت لە کتێبەکەدا کەوتووەتە بەرچاو و بۆ گوتارەکەتت ڕاگوێزاوە، وەهات پێشان داوە، گۆیە لەو زمانناسە گەیشتوویت، بۆیە چەند وشەیەکت لەبارەی کرانەوەیی و داخراویی زمانەوە نووسیون، کە هەر بە ڕاستی من بەوەدا لە قۆناغی یەکەمی کۆلیجمەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام کتێبی (خولێکی زمانناسیی گشتی: Course in General Linguistics)ی ئەو زمانناسەم خوێندووەتەوە، لام سەیرە نووسەرێک هەیە و ڕێ بە خۆی دەدات بەو شێوەیە لە بارەیەوە بدوێت. هیوادارم دیسان بۆ کتێبی (ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی) بگەڕێیتەوە، تا ببینیت چۆن بەشێکیم بۆ تەرخان کردووە. ئاماژەم بە سەرچاوەکە داوە، تەنانەت لاپەڕەی ئەو پەرەگرافانەم نووسیون، کە وەرمگرتوون. لەم کتێبە

نوێیەیشمدا، (سادەنووسی لە ئاستی پرسیار و ڕاڤەدا) دیسان بۆی گەڕاومەتەوە، چونکێ بەشێکی پێوەندیی بە زمان و زماناسییەوە هەیە.].

ئەرێ لە بیرتانە ئەم ڕەخنەگرە میللییە چۆن بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک لەبارەی چەمکی ورێنەوە دەدوا، بە مەرجێ وەک پێشتر گوترا لای (سۆسێر) بەشێکە لە شێوازناسی؟

(عەلائەدین سەجادی) و زۆر داهێنەری دیکە لە حوجرەوە پێیان هەڵگرتووە و زمانیان گەیاندووەتە ئاستێکی باڵاتر. بەگشتی شاعیرانی کلاسیکمان لە حوجرەدا پێگەیشتوون و ئەو زمانە باوەیان تێپەڕاندووە. من ئەگەر ئەمڕۆ لە ئاستی زمانی (نالی)دا بنووسم، ئەوە وەستانە، کە وەک گوترا زمان بریتییە لە تێپەڕاندن. دەکرێت لێرەدا بپرسین چی وای کردووە شیعری ئەو شاعیرە تا ئەمڕۆیش وەک داهێنان بخوێنرێتەوە؟ لادان و تێپەڕاندن. بەڵێ، هەر دەقێک دۆخی گشتی، یان وردتر بڵێین ئاستی دنیای شمەک تێبپەڕێنێت و لە ئاستی ئاماژەدا خۆی دابڕێژێتەوە، ئەوە لە سەردەمەکانی تریشدا توانای دایەلۆگی دەبێت و دەتوانێت بە شێوازی جیاواز خوێنەر بدوێنێت. لێرەدا

(دۆنکیشۆت)ی (سێرڤانتس) نموونەیەکی دیارە و ئەمڕۆ لە دۆخی پۆستمۆدێرندا بە هێزێکی گەورەوە ئەم دایەلۆگەی دامەزراندووە. ئایا ئەگەر ڕۆماننووسێکی مۆدێرن بەم شێوازە بنووسێت، هەمان کاریگەری جێ دەهێڵێت؟ نەخێر، بگرە ئەو دەقە دەبێتە شتێکی ساکار، بەوەی ئەو ڕایەڵە کۆمەڵایەتی، مێژوویی، کولتووری و سیمبۆلییانەی سەدەی حەڤدەیەم نەماون و هیی تر شوێنیان گرتوونەتەوە.

ئێستا لە (کۆشکی) دەپرسم ئەگەر (سۆسێر)ت ناسیوە، چۆن لەم ئاستەدا دەنووسیت؟ ئایا زمانی بەشێکی زۆری نووسەری پەنجاکان ئەم ئاستەی تۆیان تێنەپەڕاندووە؟ دیسان جەخت لەسەر کردەی پەرەسەندن دەکەمەوە و دەڵێم زمان وەک هەر توخمێکی دی بەندە بەو تەقینەوەیەی لەناویدا ڕوو دەدات. تازەبەتازە ڕەخنەگری میللی لەم ئاستەی زماندا دەنووسێت و ئەو زانیارییە ساکارانە دەگوازێتەوە، کە داهێنەرانی پێشوو نەک هەر دەستیان پێوە نەگرتوون، بەڵکوو هەوڵی تێکشکاندنیشیان داون. هیوادارم خوێنەرێک بێت و لە تێکڕای نووسینەکانی (کۆشکی)دا پەرەگرافێک بدۆزێتەوە، تا پێم بڵێت خۆی لە

منداڵییەوە نەیزانیوە. ئایا ئەگەر بەرگی یەکەمی کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)ی (ڕەفیق حیلمی)، کە لە (١٩٤١)دا چاپ کراوە بە کتێبێکی ئەمڕۆی ئەو بگرین، جیاوازییەکی گەورە نابینین؟

ئەریٚ سەختە کتێبێکت بۆ کراوەتە کوردی و هێنراوەتە بەردەستت، بێیت و وشەکانی بنووسیتەوە؟ ئایا زەحمەتە بنووسیت: (بێگومان ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گەلێک گرنگ و تایبەت و بایەخدارە) و بەم چەند وشەیەیش کۆتاییی پێ بهێنیت: (نامەوێت لەو زیاتر لەبارەیەوە بدوێم)؟ لەبارەی چییەوە دواویت؟ ئایا دروستتر نییە بڵێیت: (نامەوێت لەوە زیاتر بینووسمەوە)؟ تەحەدات دەکەم ئەگەر بتوانیت بەم تێگەیشتنەی ئەمڕۆت دوو دێڕ لەبارەی ئەو زماناسەوە بنووسیت. ئەگەر مەبەستت فریودانی جەماوەری ڕۆژنامەکەتان نییە، دەتوانیت پێشانی بدەیت ئەو کتێبەت خوێندووەتەوە، کە کراوەتە کوردی و هاتووەتە بەردەستت؟ بە (گەلێک گرنگ و تایبەت و بایەخدار) وەسفی کتێبێک دەکات، بەڵام بە یەک دێڕیش پێمان ناڵێت چیی لیٚ تێگەیشتووە. ئەریٚ

ئەمە زمانی نووسینە، یان قسەی ڕۆژانەیە و دەکرێت لە هەر شوێنێکی تردا پێی بگەیتەوە؟

کەواتە ئەوەی دەڵێت نامەکەی من بە زمانی حوجرە نووسراوە، هیی خۆی نییە و وەرگیراوە، بەڵام شێواندوویەتی. ئایا ئەمە تاکە شتە تا ئێستا لە منی وەرگرتبێت، یان پێشتر هەم لە نامەی تایبەت و هەم لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی...)یشدا نموونەم هێناوەتەوە؟ ئایا هەر لەم وتارەیدا شتی دیکەیشی لە هیی من وەرنەگرتووە؟ بەڵێ، وەریگرتووە.

پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێم لەو شوێنانەی بابەتەکانم وەردەگرێت، کە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکەکان، نەوەک بۆ ڕاڤەیان تەرخان کراون. تا ئێستا چەند جار چەمکی وڕێنەم لێک داوەتەوە و وەک بینیمان لەم ڕووەوە دایەلۆگم لەگەڵ کۆمەڵێک سەرچاوەی فەلسەفیدا کردووە. چەند جاریش لەبارەی چەمکی (نووسین)ەوە نووسیومە، کە بە پێوەری مانا، نەوەک بە پێوەری وشە لێک دەدرێتەوە. ئەگەر نووسین لە ئاستی فیزیکیدا چوارچێوەی هەیە، ئەوە لە ناوەوە بریتییە لە بێژمار مانا و ئاراستەی جیاواز، بۆیە کورتی و درێژی مانای خۆیان لە دەست

دەدەن، کەچی هێشتا ئەم چەمکانە لە ئاستی میللیدا بە کار دەهێنێتەوە، بەڵام کاتێ پێی دەڵێم چەمک فڕێ دەدات و ناوی فیلۆسۆفان ڕیز دەکات، ئەوە دێتەوە و بە خۆمیان دەڵێتەوە، بێ ئەوەی یەک نموونە بهێنێتەوە. پانزدە ساڵ لەمەبەریش لە نامەی تایبەتدا وام پێ گوتووە و نموونەم خستووەتە بەردەمی چۆن دەقاودەق لە نووسینمی وەرگرتووە. ئایا وا نییە؟

تۆمەتی ئەوەی داوەتە پاڵم، گۆیە من بەو مەبەستە دەنووسم، تا لە بیر خەڵک نەچمەوە. ئایا ئەمەم چەند ساڵ لەمەوبەر لە نامەدا بۆ نەنووسیوە؟ دەتوانێت بە درۆم بخاتەوە؟ دووانزدە ساڵ لەمەوبەر لە وتاری (زۆرایەتی و جاگلەر.. هەوڵێک بۆ لێکدانەوەی سێکوچکەی ڕۆشنبیر، دەستەڵات و زۆرایەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە)دا، کە لە (دەنگەکان)دا بڵاو کراوەتەوە، نووسیومە:

(ڕۆشنبیری جاگلەر، کاتێک کەیسێک وەک تۆپ هەڵدەگرێت و جاگلینگی پێ دەکات، بۆ ئەوەی نییە لەو ڕێگەیەوە ڕەخنە بگرێت و ئایدیای نوێ بهێنێت، بەڵکوو تەنیا مەبەستیەتی وەک یاریکەرێکی لێهاتوو بەردەوام لە بەرچاو بێت و لە بیر نەچێتەوە،

چونکە ئەو بەرگەی هەموو شتێک دەگرێت، بەڵام هێی ئەوە نا لە بەرچاوان ون ببێت و لە بیر زۆرایەتی بچێتەوە.).(23)

هێندە نییە لە وتاری (لە جیهانە ئاڵۆزکاوەکەی ڕۆمانی کوردییەوە بۆ جیهانە سادەکەی ڕەخنەگری میللی)دا جارێکی دیکە ئەم باسەم وروژاندووەتەوە. ئینجا لە کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤە)دا گوتوومە:

[کاتێ لەم تێگەیشتنەی (نیتشە)وە دەڕوانینە ئەو گوتەیەی ساڵەهای ساڵە خەڵک دەستیان پێوە گرتووە و نووسەرەکەمان بە جرەجرِ توانیویەتی بیگوازێتەوە: (هەموو ژیاری خورئاوا لەسەر ڕەخنە دروست بووە. بەڵام هەموو ئەو ڕەخنانەی خۆرهەڵات لەسەر شتی تایبەتی دروست بوون کە بە هیچ شوێنێک ناگەن)، ئەوە دەزانین تەنیا وەهمە و دەڕەوێتەوە، کاتێ بە پرسیار ڕووبەڕووی دەبینەوە. ئایا ویستوویەتی لەو ڕێیەوە پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات؟ ئایا ترساوە ئەو جەماوەرە بە لاوەی بنێن، بۆیە ئەوانەی نووسیون؟ ئایا ئەگەر دۆخێکی لەم شێوەیە نەهاتایەتە پێشەوە، بە مانایەکی دی، ئەگەر ئەو خوێنەرە وریایانە بە گوتەکانی پێنەکەنینایە، پەرەگرافێکی وەهای

دەنووسی؟ ئەگەر بۆ ڕابوردووی بگەڕێینەوە، هیچ ئاماژەیەک دەبینین پێشانی بدات ئەو لەبارەی بابەتی خۆرهەڵات و خۆرئاواوە نووسیویەتی؟ با بڵێین بەڵێ، ڕاستە و (هەموو ژیاری خورئاوا لەسەر ڕەخنە دروست بووە)، بەڵام ئایا دەتوانێت لە دوای ئەم ڕستەیەوە دووانی تر بنووسێت؟](24)

ئەگەر خوێنەر سەرنج بداتە ئەم ڕستانەم: (ئایا ویستوویەتی لەو ڕێیەوە پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات؟ ئایا ترساوە ئەو جەماوەرە بە لاوەی بنێن، بۆیە ئەوانەی نووسیون؟)، دەبینێت لە شێوەی پرسیاردان. بۆچی؟ تا نەبنە حوکم. (ئارام کاکەی فەلاح) تا ئێستا دوو بوختانی بە نووسین بۆ کردووم، بەڵام ئایا دەبێت منیش بە هەمان لۆجیک ڕووبەڕووی ببمەوە؟

لە شوێنێکی تری هەمان کتێبدا نووسیومە:

(بۆ ئەوەی نووسەر لە جەماوەر دانەبڕێت، ئەوە پێویستە چەمکەکان بهێنێتە ئاستی کۆمەڵایەتییەوە و لەوێوە بە هەمان زمانی خۆیان بۆیان بگێڕێتەوە، بەڵام گرنگە لە شێوەی چیرۆک و سەربردەی سادە دایانبڕێژێتەوە.). (25)

دیسان دەپرسم ئایا ئەم بیرۆکەیە هیی (کۆشکی)ی نووسەری (ڕۆژنامەی هەولێر)ە، یان وەک زۆری تر لە منی وەرگرتووە؟ ئایا ئەگەر بۆ بەرهەمەکانی پێشووی بگەڕێینەوە، دەیبینین؟ ئایا دەتوانێت چوار دێڕی تر لەو بارەیەوە بنووسێت؟ ئایا لە بەرهەمەکانی پێشووی مندا هەیە؟ بەڵێ. ئایا دوای ئەوەیش بۆی گەڕاومەتەوە؟ بەڵێ. چەند مانگ لەمەوبەر گفتوگۆیەکم لەگەڵدا کراوە و زیاتر لێوەی دواوم. بۆ نموونە نووسیومە:

{(ڕۆبێرت ڕایت) لە کتێبی (ئاژەڵی ڕەوشتی: The Moral Animal)دا، کە لە بواری دەروونناسیی پەرەسەندن (evolutionary psychology)دا نووسیویەتی، باس لەوە دەکات چۆن هەڵسوکەوت و ڕەوشتی ئێمەی مرۆڤ لە ڕێی بژارکردنی سروشتییەوە پێک دێن، بەو مانایەی بەهاکانمان تەنیا بەرهەمی باوەڕە کولتوورییەکان نین، بەڵکوو بەشێکن لە ستراتیجیەتی کردەی پەرەسەندنیش، کە هەر ئەوە پارێزەری بوونمانە و ناهێڵێت لە ناو بچین.].

لەو کۆڕەی یانەی دایەڵۆگ لە کۆپنهاگندا بۆیان ڕێک خستم و لە یوتیوبدا هەیە، دیسان ئەو باسەم ورووژاندووە.(26)

لە وتاری (ڕۆشنبیری جاگلەر لە حەڤدەی شوباتەوە بۆ ئەزموونی ڕۆژاڤا)دا نووسیومە: ڕۆشنبیری جاگلەر (پێویستی بەوەیە بەردەوام دەربکەوێت و بە زمانی میللی بدوێت. بە پێوەری ویژدان ڕووداوەکان هەڵبسەنگێنێت، چی باشە و چی خراپ؟ ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەی نێوان دەستەڵات و ڕۆشنبیری هێندە سادە کردووەتەوە، کە دەیەوێت بڵێت ڕۆشنبیر ئەوەیە زۆر لە مێدیاکاندا دەردەکەوێت، پشتی زۆرایەتییەک دەگرێت و دژی زۆرایەتییەکی دی دەوەستێتەوە، بێ ئەوەی ئایدیای نوێ بناسێنێت، یان شێوازێکی دیکەی بیرکردنەوە دابهێنێت. بەکورتی نە توانا و نە ئارەزووی تێپەڕاندنی هەیە، بۆیە لە ئاستی زمانی خەڵکدا دەمێنێتەوە و بە شێوازێک دەنووسێت، کە جیاوازی دروست نەکات.).

ئێستا دەپرسم ئایا (مانەوە) هەمیشە یەک مانای چەسپاوی هەیە؟ دواتر وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە، بەڵام لێرەدا تەنیا هێندە دەڵێم، کە (هیگڵ) لەم ڕووەوە کار بە تێزی دایەلەکتیکی سەردار و کۆیلە (Master–slave dialectic) دەکات، بەو مانایەی خودەکان دەچنە ململانێیەوە، تا ددانیان پێدا بنرێت.

چەند ساڵ لەمەوبەر لە نامەدا بۆیم نووسیوە، کە (هیگڵ) پێی وایە خودەکان هەر دەبێت لە خۆیان بێنە دەرەوە و لەگەڵ یەکتردا بکەونە دژایەتییەوە، بەو مەبەستەی وەک بوونێکی هۆشیار و سەربەست، جیاواز لە هی شتەکان، ددانیان پێدا بنرێت. لە ئەنجامی ئەو بەریەککەوتنەدا، دەبێت یەکێک لەو دووانە دەستبەرداری ئازادیی خۆی ببێت و مل بۆ ئەوەی دیکەیان کەچ بکات، کە ئەو ملکەچییە ڕێگەیە بۆ مانەوەی لە ژیاندا.... ئەمەم لە نامەدا بۆ نووسیوە و ئێستا هاتووە پێی فرۆشتوومەتەوە. ئەگەر وا نییە، با بێت و بە درۆم بخاتەوە!

بەڕێوەبەرانی (ڕۆژنامەی هەولێر) کاتێ ئەم گوتەیەیان کەوتووەتە بەرچاو، شاگەشکە بوون و بە مانشێتی گەورە نووسیویانە. ئینجا بەو مەبەستەی زیاتر سۆزی جەماوەر بورووژێنن، وێنەیەکی ناشیرینی منیان کێشاوە و گوتەکەیان پێوە لکاندووە. دیارە دزیی ئەدەبی (پلەیجریزم) تاوانە و ئەو کەسەی دەستی بۆ ببات، سزا دەدرێت، بەڵام من ئارەزووی سکاڵام نییە، مادام هەڵگرتنەوەی چەمکی فڕێدراو و ڕاڤە بە گرنگ دەزانم. (د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف)ی زماناس لە هەشتاکاندا دزیی

نووسەرێکی ئاشکرا کرد و لەژێر ناونیشانی (مووررووی ماڵاوسیٚ مەگەر شەو بکرێتە مل)دا وتارێکی گرنگی نووسیی، بەڵام ئەوەتە (کۆشکی) بە ڕۆژی ڕووناک ملوانکەی دەستکردی من دەکاتە مل. لە کۆتاییی فیلمی (جارێکیان لە خۆراوادا: Once Upon a Time in the West)دا (چارلز برۆنسن) و (هێنری فۆندا) دەکەونە بەرانبەر یەکتر، تا ئەمیان ئەویان بخاتە خوارەوە. زوومی کامێرا لەسەر دووەمیانە، کاتیٚ دەیەوێت دەمانچەکەی بخاتەوە بەرپشتی، کە بینەر وا دەزانێت یەکەمیان کوژراوە، بەڵام خێرا دەردەکەوێت شتەکە پێچەوانەیە. ئەم فیلمەم لە نیوەڕۆیەکی هاوینی ساڵی (١٩٧٧)دا دیوە و هێشتا دیمەنەکانیم لە یاد ماون. بە ڕاستی دیمەن و وشەکان فریودەرن! شتەکان لە ناو چوون، کەچی وا دێنە بەرچاو هێشتا ماون. لە فیزیایشدا فێر بووین، کە ئەو ئەستێرانەی دەیانبینین، نەماون، یان لانی کەم بەو شێوەیەی ئێستا نەماون. ئەم بیرۆکەیە لای (هیگڵ)یش گەوهەرییە، کە لە گشت (Whole) و بەش (Part)دا بەرجەستەیە. ئەو بەشە لە گشت ترازاوە و لە ناو چووە. ڕەخنەی میللی ئەگەر وەک داهێنان خۆی پێشان دەدات، ئەوە

وەک گوتم هەر ئەمڕۆ بووەتە مایەی پێکەنین. ڕەخنەگری میللی دەستی بە شتێکەوە گرتووە، کە نەماوە.

بەڵێ، لە پاڵ ئەو وێنە ناشیرینەی بۆیان کێشاوم، کە لای من مایەی خۆشحاڵییە بەم شێوەیەم دەبینن، ئەم دەقەیان داناوە: (دەنووسم بۆ ئەوەی بیرنەچمەوە. نووسین هونەری خۆبیرهێنانەوە نییە، بەڵکوو هونەری خۆسەلماندنە لە ڕێی کار و داهێنانەوە. لانیکەم دە ساڵ لەمەبەر چرای داهێنانی ئەم نووسەرە کوژاوەتەوە و ئێستا دەیەوێت ئامادەیی خۆی لەڕێی لێشاوێک لە وتار و ڕۆمانەوە بسەلمێنێت).

ئەوە کێیە ناتوانێت ئەم چەند وشەیە بنووسێت؟ (بیرنەچنەوە) نییە، بەڵکوو (بیر نەچنەوە)، دروستتر (لە بیر نەچنەوە)یە. ئایا دەگوترێت: (دە ساڵ لەمەبەر چرای داهێنانی ئەم نووسەرە کوژاوەتەوە)؟ یان کوژایەوە؟ دەیشکرا بنووسێت (دە ساڵە چرای داهێنانی ئەم نووسەرە کوژاوەتەوە). ئایا پێشتر بە داهێنەری دەزانیم و دەیگوت چراکەت شەوق دەدات؟ دەتوانێت چوار دێڕی ترمان لە دوای ئەم شتەوە بۆ بنووسێت: (نووسین هونەری خۆبیرهێنانەوە نییە، بەڵکوو هونەری

خۆسەلماندنە لە ڕێی کار و داهێنانەوە)؟ ئەمە ئەگەر بە مەبەستی فریودانی جەماوەر نەنووسراوە، دەتوانێت پێمان بڵێت چییە؟ ئەوە چ خوێنەرێکی وریایە، ئەمە دەخوێنێتەوە و قاقا لێ نادات؟ ئەرێ من بۆیە چرای داهێنانم کوژاوەتەوە، چونکێ ناتوانم ئەم وشانە بە دوای یەکدا ڕیز بکەم؟ ئایا بەڕێوەبەرانی (ڕۆژنامەی هەولێر) دڵتان بەم قسانە خۆشە؟ چیرۆکێکی (ئیزۆپ)م بە بیر دێتەوە: مرۆڤ و شێر نیگارێک دەبینن، کە تێیدا مرۆڤ شێری خستووەتە ژێر خۆیەوە. مرۆڤ بە فیزێکەوە لە شێر دەپرسێت: دیوتە ئێمە چەند لە ئێوە بەهێزترین؟ شێر بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: ئەگەر شێر نیگارکێش دەبوو، ئینجا دەمانبینی چۆن هەر مرۆڤە و پشتی بەر زەوی کەوتووە!.... بەڕێزانی (ڕۆژنامەی هەولێر)، ئێوە ئەمڕۆ خاوەنی دامودەستگەی زەبەلاحن و لە ماڵی خۆتاندا نیگارکێشن، بەڵام ئایا دەزانن ئەو سەردەمە بە سەر چوو، کە تاکە نیگارکێش بن؟ هەر لەو نامەیەی بۆ شاعیرانم نووسیوە، بەشێکم بۆ چەمکی وێنە تەرخان کردووە و دایەلۆگم لەگەڵ ڕوانینی (بۆدریار)ی فیلۆسۆف دامەزراندووە.

ئەگەر پێی وایە ڕۆمانەکانم لاوازن، دەتوانێت دانەیەکیان بە نموونە بهێنێتەوە؟ ئایا خوێندوونیەتیەوە؟ ئەگەر خۆی بڵێت نایانخوێنمەوە، چۆن دەزانێت بەو شێوەیەن؟ ئەرێ بەڕێوەبەرانی (ڕۆژنامەی هەولێر) ئەوەتان لێ نەپرسی؟ ئێوە لەو شتانە ناپرسن؟ ئەگەر یەکێک بڵێت لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا تەنیا ناوی سلێمانی و هەولێر هاتوون، خوێندوونیەتیەوە؟ ئەوەی خوێنەری بەرهەمی من بێت، دەزانێت دەیان شاری کوردستان باس کراون. چەندان وڵاتی جیهان ناویان هاتوون، تەنانەت دایەلۆگەکان بە کۆمەڵێک زمان نووسراون. ئەم بۆچوونەیش دزراوە، چونکێ هەر ئەو نووسەرە لاوەی پێشتر ئاماژەی پێ کرا، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا وای گوتووە و وەڵامیم داوەتەوە. ئینجا ئەو خوێنەرەی وتاری (لە جیهانە ئاڵۆزکاوەکەی ڕۆمانی کوردییەوە بۆ جیهانە سادەکەی ڕەخنەگری میللی)ی منی خوێندبێتەوە، دەزانێت خۆی چۆن لە چەمکی ڕۆمان گەیشتووە. لە وتارێکیدا ئەمە دەخوێنینەوە: [''بەندەر'' ئەو جێگەیەیە کە کەشتییەکان لێی دەوەستن و خاڵی وەستان و ئارامبوونەوەیە.]...؟ لە کتێبی (ئاماژە فەلسەفییەکانی

شێواز و شێوازناسی)دا نووسیومە: [لە جیۆگرافیای پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا ئەم وانەیەم بە شێوەیەکی چاکتر خوێندووە. بەوەدا کەشتییەکان لە بەندەر لا دەدەن، مانای وایە دەوەستن. کەواتە (لێی دەوەستن و خاڵی وەستان) چین؟ با وای دابنێین سەرەتای سەدەی بیستەمە و شاعیرێکی میللی بە منداڵان دەڵێت: (ڕۆڵەی کوردی دەربەدەر، بەو شوێنە دەڵێن بەندەر، کەشتی لێی دەگرێت لەنگەر)].

نووسەرێک دەیەوێت بە خوێنەری ئەمڕۆ بڵێت بەندەر چییە، کەچی ناتوانێت. هیی وەهایش هەیە ساڵانە چەند جارێ گەشت دەکات و ڕاگەیاندنەکان لەو بارەیەوە زانیاریمان پێ دەدەن، بەڵام هێشتا چاوی لە دەمی ئەو ڕەخنەگرە میللییەیە پێی بڵێت: (بەندەر ئەو جێگەیەیە کە کەشتییەکان لێی دەوەستن و خاڵی وەستان و ئارامبوونەوەیە). (خاڵی وەستان و ئارامبوونەوەیە)؟ بە ڕاست؟ بۆچی ئەوەیان لە ئێمە شاردووەتەوە؟ ئایا دەزانن کتێبێک هەیە و ئەم وشانەی تێدا نووسراون؟ دەزانن ئەو نووسەرەی ئەمانە لەبارەی ڕۆمانییەوە گوتراون، دڵی خۆشە و شادییەکەی دەربڕیوە؟ ئەوەتە بە ڕوونی

دەبینین بەندەر خاڵی وەستان و ئارامبوونەوەیە، کەچی ناحەزان نووسیویانە خاڵی جووڵە و نائارامییە. ئینجا فڕۆکەخانە ئەو شوێنەیە فڕۆکەکانی لێ هەڵدەفڕن و دەنیشنەوە. وێستگەی شەمەندەفەر ئەو شوێنەیە شەمەندەفەرەکان لێی دەوەستن. وچانێک دەدەن و دەکەونەوە جووڵە. خەڵک دادەبەزن و هەر یەکەی بە لایەکدا دەڕوات. شەکردان ئەو قوتووەیە شەکری تێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر هەمان قوتوو بۆ خوێ بە کار بهێنرێت، پێی دەگوترێت خوێدان. خوێدانیش گەورە بێت، یان بچووک، هەر خوێدانە.

ئایا من ئیفلاسم کرد، چونکێ نەمزانی ئەم گوتانە دەربپەڕێنم؟ هاوڕێیەکم دەڵێت هەر جارێ یاپراخ دەخۆم، ئەو گوتەیەی (ئارام کاکەی فەلاح)م لەبارەی فانتازیاوە بە بیر دێتەوە، کە دەڵێت: (فانتازیا خۆی نادات بەدەستەوە و کەمێکی دێتە ناو وشەوە). ئەو نووسەرە وشە بە باینجان و فانتازیایش بە توخمەکانی ناوی تێگەیشتووە. دەسا ئەگەر (ڕاستی)ت دەوێت، نەوەک (بەرزی)ی پوورزای، باش نییە برێکی زۆر بکرێتە باینجانەوە، نەبادا ڕێ لە تێپەڕینی ئاوی گەرم بگرێت و جوان

نەکوڵێت. هەندێک دەڵێن پێویستە چەند کونێک بکرێنە باینجانەوە، چونکێ بەم شێوەیە کردەی کوڵان ئاسان دەبێت. هەمان شت بۆ کوولەکە و کەلەرمیش دروستە. من خۆم کەلەرم دەخەمە ئاوی گەرمەوە، تا ناسک ببێت. ئێستا گەڵامێوی بەهار ئەگەر نەیشیخەیتە ئاوی گەرمەوە، کێشەی نییە، بەڵام باینجان جیاوازە. گفتوگۆکە کراوەتە کتێب و خوێنەر دەتوانێت بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر، بیخوێنێتەوە. لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەمدا هاورێیەک سکرینشۆتی نووسینێکی تری ئەوی بۆ ناردووم، کە دەڵێت: (ئازیزان تکایە تێکست و ڕۆمانی خۆتانم بۆ مەنێرن گەر دوای خوێندنەوەی رستەیەک لام جێ نەهێڵێت بە چیرۆک و ڕۆمانەکانی خۆشمەوە. خۆشم دەوێن).

سەرەتا دەپرسم ئەرێ ئەمە کوردییە؟ باشە (رستەیەک لام جێ نەهێڵێت) چییە؟ ئایا ڕۆمان خۆی تێکست نییە؟ پێویست دەکات بڵێت تێکست و ڕۆمانی خۆتان؟ ئەرێ دەکرێت بڵێم (ڕیشۆڵە و مەل جوانن)؟ ڕیشۆڵە هەر مەل نییە؟ ئەوە چ تێگەیشتنێکە لەبارەی ڕۆمانەوە خراوەتە ڕوو؟ ئەدی ئەوە چ خوێنەرێکە بەرهەمی خۆی بۆ ئەم نووسەرە دەنێرێت؟ ئەرێ

چیرۆک و ڕۆمانەکان هی خۆتن و ئەوان بۆتی دەنێرن؟ ئەمە ئەگەر یاریکردن نییە بە وشە، دەکرێت بزانین چییە؟ ئایا ڕۆمان ڕستە جێ دەهێڵێت، یان پرسیاری نوێ و ڕاڤەی جیاواز؟ دیارە کتێبی (سادەنووسی...)ی خوێندووەتەوە، بۆیە (خۆشم دەوێن)ی بە دروستی نووسیون، کە جاران پێکەوەی دەلکاندن. (کۆشکی) بەو نووسەرە سەرسامە. لێی دەپرسن: (لە ئێستادا کۆمەڵێک ڕۆمانی زۆر ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە بڵاو دەبنەوە، تا چەند بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانانە بەو شێوە زۆرە توانیویانە خوێنەری جیاواز دروست بکەن؟). وەڵامەکەی ئەوەیە، گۆیە کەسێک، کە خاوەنی عەقڵیەتێکی شەڕکەرە، (ئامادەیە دەیەها نامەت بۆ بنووسێ تا ڕەخنەیەکی لێ نەگری. دەپاڕێتەوە).

ئایا ئەم گوتەیە هیچ پێوەندیی بە ڕۆمانەوە هەیە؟ ئایا خوێنەری وریا کاتێ ئەمە دەخوێنێتەوە، لە قاقای پێکەنین نادات؟ ئایا ئەگەر لە مرۆڤێکی ئاسایی بپرسیت ڕۆمان چییە، بێ ئەوەی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەو چەمکەوە هەبێت، چاکتر لەو بارەیەوە نادوێت؟ دەسا لانی کەم ناڵێت: (ئەندامانی ئەو ماڵەی سووچی کۆڵان، کە دەرگەیەکی شینی هەیە، لە ترسی من ناوێرن

بێنە دەرەوە.).(27) ئینجا چوار جارم لێ پرسیوە و ئەوەتە دەیکەمە پێنج ئەگەر لەگەڵ منیەتی، هیوادارم تێکڕای نامەکانم بڵاو بکاتەوە، یان با ڕێم بدات خۆم ئەوانە بخەمە بەرچاوی ئەو خوێنەرە، کە بۆیم ناردوون! ئەوە کێیە وا لێی پاڕاوەتەوە، ڕەخنەی لێ نەگرێت؟ ئایا (کۆشکی) ڕۆژێک لە (ڕۆژنامەی هەولێر)دا پرسیی ئەمانە چین، یان هێشتا پێی وایە زوڵمی لێ کراوە؟ ئەوان بۆیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان لە ڕاگەیاندنی فەرمی و نافەرمیدا پەلامارمان بدەن، بەڵام ئێمە ئەگەر لە ماڵپەڕێکدا تەنیا بپرسین، یان چەمکەکانیان هەڵبگرینەوە و ڕاڤەیان بکەین، تا پێشانی خوێنەری بدەین چەند پێکەنیناوین، ئەوە مافی ئەوانمان پێشێل کردووە.

(کۆشکی) لە وتارێکی دیکەیدا نووسیویەتی: (هونەری ڕۆمان، هونەری بیرکردنەوەیە لە سەرووی عەقڵی باوەوە.). هاوڕێیەکی ئازیزم بۆی ناردووم، تا پێی پێبکەنم. ئایا سەختە هەر کەسێک وەک ئەم ڕەخنەگرە میللییە ئەو وشانە بە دوای یەکدا ڕیز بکات؟ ئەرێ هونەری ڕۆمان، کە ئەو هەموو فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزەی بە خۆیەوە خەریک کردوون، تا ئەو ڕادەیە ئاسانە

و دەکرێت لەم ڕستەیەدا کورت بکرێتەوە؟ دەیەوێت پێم بڵێت (هونەری بیرکردنەوەیە لە سەرووی عەقڵی باوەوە) مانای چییە؟ ئایا دەتوانێت لە دوای ئەم دێڕەوە، دووانی دیکەمان بۆ بنووسێت؟ ئەوە چ خوێنەرێکە دەیخوێنێتەوە و قاقا لێ نادات؟ خاوەنی ئەم وشانە بڕیار دەدات کێ ڕۆماننووسە و کێ ڕۆماننووس نییە.

ئایا ڕاستە بەرهەمی من ناخوێنێتەوە؟ ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟) و (یادەوەریی بووکەڵەکان)ی وەک دوو نموونەی چاک بۆ (عەباس بۆسکانی) پێشنیاز کردووە، تا بیانخوێنێتەوە. ئەمە چیی پێ دەگوترێت؟ ئەگەر نووسینەکانمی نەخوێندوونەتەوە، چۆن بەردەوام لێیان وەردەگرێت، بەڵام دەیانشێوێنێت و بە ناوی خۆی بڵاویان دەکاتەوە؟

ئەگەر بۆ نموونە کتێبی (گەڕانەوەیکی کاتی...)ی منی نەخوێندووەتەوە، چۆنی زانیوە گوتەیەکی فڕێدراویم هەڵگرتووەوەتەوە، گۆیە هیی (هایدیگەر)ە و پێی پێکەنیوم؟ چەند مانگ لەمەوبەر لە نامەی تایبەتدا بۆیم نووسیوە: [وەک دەبینین سەرەتا گوتەکەت بە ناوی خۆت بڵاو کردووەتەوە و

دواتر هاتوویت گوتووتە هیی (هایدیگەر)ە، بەڵام ئێستا ئەوەیشت گۆڕیوە و دەڵێیت ئیلهامت لە (هایدیگەر) وەرگرتووە. لەو سێ قسە دژبەیەکە، کامیان ڕاستە؟ تەحەدات دەکەم، ئەگەر تۆ ئەم گوتەیەم لە بەرهەمێکی ئەو فیلۆسۆفەدا بۆ بدۆزیتەوە. نەک تۆ، بەڵکوو منیش ناتوانم، چونکێ دوور و نزیک پێوەندیی بەوەوە نییە. ئەوە دیسان پێی پێدەکەنم، بگرە قاقای بۆ لێ دەدەم.]. نامەکە درێژە و کۆمەڵێک بابەتی تریشی گرتوونەتە خۆی. ڕێی دەدەم بڵاوی بکاتەوە.

نووسیویەتی: (ئێمە دەزانین دایەلۆگ کردەیەکی مۆدێرن و سوودبەخشە). ئەرێ ئەوە چ خوێنەرێکە پەکی لەسەر نووسینی دەیان ڕستەی وەها کەوتووە؟ ئایا ڕاستە دایەڵۆگ کردەیەکی مۆدێرنە؟ نزیکەی پانزدە ساڵ لەمەوبەر لە نامەی تایبەتدا مانای (مۆدێرن)م بۆ لێک داوەتەوە، کەچی هێشتا دەستی پێوە گرتووە. ئەگەر وا نییە، با بە درۆم بخاتەوە! نووسەرێک ئەو هەموو جارە ناوی (هایدیگەر)ی هێناوە و ئێستا دەڵێت دایەڵۆگ کردەیەکی مۆدێرنە، دەبێت ڕوو بکەمە ئەو نووسەرە جەماوەری و سادەنووسانەی، کە دڵیان بەوە خۆشە ئەم

ڕەخنەگرە میللییە بە داهێنەریان دەزانێت، لە کاتێکدا بینیمان چ پێناسەیەکی بۆ چەمکی داهێنان کردووە، تا پێیان بڵێم میسکەستینگ (miscasting). هەر لە نامەکەی مندا ئاماژە بە بۆچوونی (هایدیگەر) کراوە و چەمکی دایەڵۆگ لێک دراوەتەوە. ئەوەتە نووسیومە:

[دایەڵۆگ توخمە گرنگ و بزۆکەکەی دنیای پۆستمۆدێرنە، کە ئەگەرچی ڕەگی لانی کەم بۆ فەلسەفەی یۆنانی دەگەڕێتەوە، بەڵام لای (هایدیگەر) دەچێتە ئاستێکی دیکەی جیاوازەوە، بەوەی پێی وایە ئێمەی مرۆڤ هەر خۆمان دایەڵۆگین و بوونمان لەسەر زمان دامەزراوە، لە کاتێکدا زمان خۆی لە ڕووی مێژووییەوە لەسەر دایەڵۆگدا جێگیر دەبێت. کەواتە هەر ئەوە نییە ڕوویەک لە ڕووەکانی بەکارهێنانی ڕۆژانەمانە، بەڵکوو زمان تەنیا کاتێ دەتوانێت ڕەسەن بێت، کە دایەڵۆگییە. بەم شێوەیە لای ئەو فیلۆسۆفە دایەڵۆگ هەم بێدەنگییە و هەم گوتن، کە بۆ دەرخستنی شاراوەکانی خودمان، پەنای بۆ دەبەین. بە مانایەکی دی، زمان ئەوە دەردەبڕێت، کە مێتافیزیکا دەستەوستانە لە دەربڕینیدا. هەر ئەمە کردەی کرانەوەیشە

بەسەر ئەوانەی تر و بووندا. (گادامەر) لەوەیش تێدەپەڕێت و دەگاتە ئەوەی بڵێت دایەڵۆگ چالاکییەک نییە، ئێمە بیکەین، بەڵکوو هەر خۆی مەرجی سەرەکیی بوونمانە. تێگەیشتنمان بە دایەڵۆگەوە پێوەستە، کە تەنیا لە ڕێیەوە لە خۆمان، لە دنیا و لەوانەی تر دەگەین. لای (باختین) دایەڵۆگیزم بەرهەمهێنەری مانایە، کە لە ڕێی بەریەککەوتنی دیدگە و دەنگە جیاوازەکانەوە پێک دێت. زمان و هۆشیاری خۆیان بەرهەمی ئەو کردەیەن.].

خوێنەر ئەگەر بۆ نامەکەم بگەڕێتەوە، ئەوە دەبینێت هەر لەبارەی چەمکی دایەڵۆگەوە هیی تریشم نووسیوە. لێرەدا دەپرسم ئایا ئەم زمانەی من نەسیحەتنامە و هیی حوجرەیە، یان هیی (کۆشکی)؟ لەگەڵ پارێزی زۆرم بۆ وشەی (حوجرە). دیسان دەپرسم: ئایا دەتوانێت پێمان بڵێت چۆن دایەڵۆگ کردەیەکی مۆدێرنە؟ ئەگەر بۆ کتێبی (سادەنووسی....)م بگەڕێتەوە، دەبینێت لەوێیشدا بە وردی لەم بارەیەوە نووسیومە و پێشانم داوە دایەڵۆگ نەک مۆدێرن نییە، بەڵکوو دەکەوێتە پێش پەیدابوونی وشەیشەوە، بگرە مرۆڤ لە ڕێی ئاماژە سەرەتاییەکانەوە دایەڵۆکی کردووە:

[زماناسی ئەڵمانی (ئۆگۆست شلایخەر)، کە لەژێر کاریگەریی تیۆریی پەرەسەندنی (داروین)دا لە زمان دەکۆڵێتەوە، پێی وەهایە پێوەندییەکی جینی (genetic relationship) زمانەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە لەیەکچوون لەنێوانیاندا بە دی دەکرێت. ناوی لێ دەنێت نموونەی درەختی خێزانی زمان (The Family Tree Model). بەگشتی ئەوانەی لە ڕوانگەی تیۆریی پەرەسەندنەوە دەڕواننە زمان، چاو دەخەنە سەر زمانە هیندوئەورووپییەکان، بەوەی شتی هاوبەشیان لەنێواندایە. بۆ نموونە لەنێوان ئینگلیزی و ئەڵمانیدا ئەو هاوبەشییە دیارە، کە دەکرێت دەیان نموونە لەم ڕووەوە بهێنرێتەوە.(28) ئێمە دەتوانین کۆمەڵێک وشەی خۆمان لەناو زمانی ئینگلیزی، فرانسی، ئەڵمانی و ئەوانەی تردا بدۆزینەوە.

بەپێی (تیۆریی یۆهیهۆ: yo-he-ho theory) زمانی ئەمڕۆ ئەنجامی ئەو هەوڵە جەستەییانەیە، کە مرۆڤی سەرەتایی داونی، بە تایبەتی کاتێ کۆمەڵێک کەس پێکەوە لەو هەوڵەدا بەشدار بوون. زمانی مرۆڤی ئەمڕۆ لەو سەرسووڕمانانە (exclamations)ەوە گەشەی کردووە، کە مرۆڤی سەرەتایی

لە کاتی کاری دەستیدا دەربڕیون، بۆیە بە گۆرانیی کار ناسراوە و پێوەندیی بە ڕیتمەوە هەیە، کە ئەو ڕیتمە هی سروشتی ژیانە. دواتر ئەو نیشانانە پەرەیان سەندووە، تا بوونەتە ڕستە و لە چالاکیی باڵاتردا بە کاری هێناون.(29) واتە مرۆڤ دوای ئەوەی وشەی لەو دەنگانە پێک هێناوە، وردەوردە وشەکانیشی کردوونەتە دەستەواژە و لە ژیانی کۆمەڵاتیدا پەنای بۆ بردوون. لێرەدا لایەنی مۆرفۆلۆجی دەردەکەوێت، بەوەی چۆن لەو وشە سادە و ئاڵۆزانە ڕستە پێک دەهێنێت و دەریاندەبڕێت. ئەو ڕوانینە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ هیی بونیادگەراندا یەک دەگرێتەوە، کە پێیان وەهایە قسە، یان دەربڕینی زارەکی دەکەوێتە پێش نووسینەوە، بەو مانایەی مرۆڤ بەر لەوەی نووسین دابهێنێت، دەنگی داهێناوە. (ئەریستۆ) هەر لە بواری زمانناسیدا ئەوە دەردەبڕێت، کە مرۆڤ لەناو تێکڕای ئاژەڵاندا بە تەنیا قسەکەرە. بەوەدا دەنگ ئاماژەیە بۆ ئازار و چێژ، ئەوە بە هەموو بوونەوەرێک بەخشراوە. سروشتەکەی گەیشتووەتە سنووری هەستکردن بە ئازار و چێژ، ئاگادارکردنەوەی یەکتر بەو

هەستە، بەڵام گۆکردن (النطق) ئاماژەیە بۆ سوود و زیان، بۆ دادپەروەری و نادادپەروەری.).(30)

(لیڤی شتراوس)ی ئەنترۆپۆلۆجیست بەشێکی تەمەنی خۆیی بۆ ئەوە تەرخان کردووە، تا لە چوارچێوەی ئەنترۆپۆلۆجیای زماندا لەبارەی ژیانی ئەو هۆزانەوە بکۆڵێتەوە، کە شارستانیەت دەستی پێیان نەگەیشتووە. ئەوان ئەو دەنگە سەرەتاییانەیان لای خۆیان پاراستووە و ژیانی کۆمەڵایەتییانی پێ بە ڕێوە دەبەن. جووتیارانی کوردستان لە کاتی دروێنە و کرێکاران لە کاتی کاردا گۆرانی دەڵێن، کە هەندێجار ئەو دەنگانە ناگەنە ئاستی وشە و تۆ لێیان تێناگەیت.]. (31)

ئێستا دەپرسم ئایا پانزدە ساڵ لەمەوبەر لە نامەی تایبەتدا پێشانیم نەداوە، کە چۆن بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک لەبارەی چەمکی شیعرەوە دەنووسێت؟ وتارێکی لەبارەی شیعرێکی (پشتیوان عەلی)ی شاعیرەوە نووسیوە، کە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم هەر خوێنەرێکی فریونەخواردوو بیخوێنێتەوە، لە قاقای پێکەنین دەدات. ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ ناردووە، کە بەوەدا لەبارەی شیعرەوەیە، ئەوە ڕێ بە خۆم دەدەم بەشێکی بڵاو

بکەمەوە. وەک هەمیشەیش بە ڕێز و خۆشەویستی دەستم پێ کردووە، چونکێ تا ئەم ساتەیش لە ئاستی کەسێتیی خۆیدا هیچم نییە و تەنیا لەبارەی تێگەیشتنیەوە هەمە:

[لەم گوتارە ڕەخنەییەیشتدا وەک زۆربەی، با نەڵێم وەک هەموو بابەتەکانی ترت بە پێشەکییەکی درێژ دەستت پێ کردووە و لەو ڕووەوە کۆمەڵێک شتت گوتوون، کە هەموویان سواون، وەک ئەوەی شیعر چییە. ئایا شیعر هەست و سۆزە، یان فیکریشە. زووتر گوتم ڕەخنەگری ڕووکەش هەندێک چەمک بە کار دەهێنێت، بێ ئەوەی تێیاندا قووڵ بووبێتەوە. ئەوەتا تۆ نووسیوتە: (ئەگەر فیکر ئامادەیی لە شیعردا هەبێت، هەست و سۆز و ئیقاع و ڕیتم نابنە قوربانی؟). واز لەوە بهێنە، کە ئەو پرسیارانە چەند سواون، بە ڕادەیەک لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا هەزاران جار گوتراونەتەوە. ئەوەیش لێ بگەڕێ ئاخۆ هێندە ئاسانە ئەو چەمکانە لە تێکستی ئەدەبیدا لە یەکتر جیا بکرێنەوە، بەڵام لە هەمووی سەیرتر پێت وایە (ئیقاع) و (ڕیتم) دوو چەمکی جیاوازن. با هەر لە سەرەتاوە پێت بڵێم ڕاستە یەکەمیان عەرەبی و دووەمیان ئەورووپییە، بەڵام هاوواتان.

ڕیتمی کوردی لە (Rhythm)ی ئینگلیزی وەرگیراوە، کە بە (ریذم) دەخوێنرێتەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی دەنگی (ذ) لە کوردیدا، ئەوا دەبێتە (ڕیتم). لە زمانی ئینگلیزیدا کاتێ (h) لە دوای (r) بێت، ناخوێنرێتەوە وەک لە وشەی (Rhetoric)دا دەیبینین، واتە ڕەوانبێژی. ڕاستییەکەیشی وشەی (ڕیتم) لە (Rhuthmos)ی یۆنانییەوە هاتووە، کە بە مانای هەڵقوڵان دێت. بەڵێ، ئەمە مانای وشەکەیە. ئێستا من وەک خوێنەرێک لە تۆ دەپرسم ئایا ڕەخنەگرێک وا بزانێت (ئیقاع) و (ڕیتم) دوو چەمکی جیاوازن، مانای وایە لێیان تێگەیشتووە؟ ئایا ئەو ڕەخنەگرە دەبێت ڕێگا بە خۆی بدات لە زۆربەی، با نەڵێم لە هەموو گوتارەکانیدا کۆمەڵێک حوکم دەربکات؟ دەبێت بەردەوام بڵێت فلان نووسەر تەکنیکی باش بە کار دەهێنێت و تێکستی فیسار نووسەر تەکنیکەکانی خراپن؟ ئایا نابێت بزانین تەکنیک چییە؟ تۆ هیچت لەو بارەیەوە نووسیوە و لەپێناوی تێگەیشتنیدا فکری دنیای بۆ گەڕاویت؟ لە یەکێک لە گوتارەکانتدا، کە بە داخەوە ئێستا لە بیرم نەماوە ناوی چییە، ئەوەندەم لا ڕوونە لەبارەی شاعیرێکی گەنجی ڕۆژهەڵاتی

کوردستانەوەیە، وەک ئەوەی پێی ڕاهاتوویت کۆمەڵێک حوکمی لەو جۆرەت بۆ دەرکردووە. لەویَ گوتووتە تەکنیکی لەسەر حسیابی مانا بە کار هێناوە. ئایا وەک ڕەخنەگرێک زانیوتە هیچ شتێک بکەوێتە دەرەوەی ماناوە؟ (داوای لێبوردن دەکەم، ئەگەر ئەو نموونەیەم ڕێک وەک خۆی نەهێنابێتەوە، بەڵام لەوە دڵنیام شتێکی لەم شێوەیەیە). شاعیرێکی وەک (پۆل ڤالێری) ددان بەوەدا دەنێت، کە وشەی (ڕیتم)ی لا ڕوون نییە و هەرگیز بە کاری نەهێناوە، کەچی ئێمە دێین بەو ئاسانییە لە پاڵ (ئیقاع)ی دادەنێین و ڕێگا بە خۆمان دەدەین چاکە و خراپە بەسەر نووسەراندا ببەخشینەوە. ئێستا من چاو لەوە دەپۆشم تۆ وا دەزانی (ئیقاع) و (ڕیتم) دوو چەمکی جیاوازن، بەڵام ئایا وەک خوێنەرێک دەتوانم داوات لیَ بکەم گوتارێک لەبارەی (ڕیتم)ەوە بنووسیت؟ یان هیچ نەبێت دەتوانیت بە منی خوێنەر بڵێیت ئەو چەمکە لای تۆ چۆن لێک دەدرێتەوە؟ ڕاستییەکەی دەمەوێت بزانم لەو گوتارەدا چیی نوێم پیَ دەڵێیت. بە چەند سەرچاوەم ئاشنا دەکەیت و چ میتۆدێکی نویَ بە کار دەهێنیت. ئەوسا منی خوێنەر دەزانم تۆ تا چ

ئەندازەیەک لەو چەمکە گەیشتوویت. من نامەوێت لەبارەی هەموو پەرەگرافەکانی گوتارەکەتەوە پرسیار بکەم، وەک چۆن واز لەو چەمکانەیش دەهێنم، کە بە کارت هێناون، بەڵکوو تەنیا لەسەر وشەی (ڕیتم) دەوەستم.

ئەوەندەی من بزانم ڕەخنەگرێک بیەوێت لەم چەمکە قووڵ ببێتەوە و لە بارەیەوە بنووسێت، ئەوە دەبێت چەندان سەرچاوەی کلاسیک و هاوچەرخ بخوێنێتەوە. ئەو چەمکە ئەگەرچی لە زمانی عەرەبیدا زیاتر بە (وزن: کێش) ناوی هاتووە و هێندە نابێت (ڕیتم)، یان (ئیقاع) دەرکەوتووە، بەڵام یەکێک بووە لەو چەمکە ئاڵۆزانەی ڕاڤەکارانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. نووسەری وەک (ئەلخەلیل بن ئەحمەد ئەلفەراهیدی)، (ئیبن سینا)، (ئیبن ڕوشد)، (ئیبن خەلدوون)، (فارابی) و زۆری دیکە لێیان کۆڵیوەتەوە. من خۆم ئەمانەم لە زانکۆی مووسڵدا خوێندوون. یەکێ زمانی کلاسیکی عەرەبی نەزانێت، ئاسان نییە لێیان تێبگات. هەروەها لە نووسەرە هاوچەرخەکان دەکرێت ناوی (د. کمال أبو دیب، ألبنية الإقاعية في الشعر العربي)، (محمد العياشي، نظرية إيقاع

الشعر العربي)، (د. عبدالرحمن أيوب، أصوات اللغة)، (د. احمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي)، (ابراهيم انيس، الأصوات اللغوية) و زۆری دیکە بهێنین.

لە فەلسەفەی یۆنانییەوە تا ئەمڕۆ بە دەگمەن فەیلەسووف هەیە لەگەڵ ئەو چەمکەدا ڕووبەڕوو نەبوویێتەوە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لێیەوە، پێویستمان بەوە دەبێت بۆ فەلسەفەی زمان بگەڕێینەوە، بەوەی ئەو چەمکە پێوەستە بە چەمکێکی ترەوە، کە ئەویش مێتافۆرە، بگرە هەموو هونەرەکانی وەک سەما، فۆتۆگرافی، مۆسیقا و پەیکەرسازییش دەگرێتەوە. ڕیتم گرنگترین توخمی زمانە. لە ڕێگای خوێندنەوەوە ئەو دەنگە، کە لەناو وشەدا حەشار دراوە، بۆ ئاستی هۆش دەگوازرێتەوە، چونکە مۆرفیمەکان تەنیا لەسەر ئاستی مانادا ناوەستن، (مەبەست مانای دیاریکراوە)، بەڵکوو بۆ ئاستی ویژدانی و دەروونییش دەپەڕنەوە. لە زۆربەی گفتوگۆکانمدا باسی زمانم کردووە، بۆیە نامەوێت شتەکانم پاتە بکەمەوە، بەڵام دەتوانم بە کورتی ئاماژە بەوە بدەم، کە (ڕیتم) لای (نیتشە)، (هایدیگەر)، (فۆکۆ)، (دێریدا) و زۆری تر جێگای بایەخە و ئەگەر پێویستی کرد،

ئامادەم بۆیان بگەڕێمەوە. دەیشتوانیت گفتوگۆکانم بخوێنیتەوە. کاتی خۆیشی یەکێکیانم بۆ ناردیت.
(کلۆد لیڤی ستراوس) لە کتێبی (میتۆلۆجیا و مانا)دا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە هیچ مانایەک نایەتە کایەوە، ئەگەر دەنگێک دەرینەبڕێت. واتە دەبێت ڕیتم لەنێوانیاندا دروست ببێت. (با هەر لێرەدا بۆ ئەو شوێنە بگەڕێینەوە، کە پێت وابوو شاعیرێک لەسەر حیسابی مانا تەکنیکی بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی بزانیت شتێک نییە لە دەرەوەی مانا). (ڕۆلان بارت) لە (چێژی تێکست)دا ڕیتم بە (چێژ)ەوە دەبەستێتەوە. باختین، لە کتێبی (مارکسیزم و فەلسەفەی زمان)دا هەمان چەمک تاوتوێ دەکات. فۆرمالیستە ڕووسییەکان پێیان وا بوو ڕیتم وا دەکات شیعر مانا ئەبستراکتەکەی خۆی لە دەست بدات. بەهەرحاڵ ئەو چەمکە لەسەر پرۆبلەماتیکێکی گەورەدا وەستاوە و بەردەوام فەیلەسووف و زمانناسان ڕووبەڕووی بوونەتەوە.
ڕەخنەگرێک بیەوێت باس لە ڕیتم بکات، لانی کەم دەبێت شارەزایی لە کۆمەڵیک چەمکی وەک (Loudness بەرزیی دەنگ)، (Amplitude فرەوانی)، (Pitch پلەی دەنگ)،

(Frequency لەرە)، (تۆن Tone یان Stress)، (Intonation هاورێکی، یان هارمۆنی) و زۆری دیکە هەبێت، چونکە نووسەری داهێنەر ئەمانە بە وریاییەوە بە کار دەهێنێت و ڕەخنەگریش دەبێت بیاندۆزێتەوە.].

نامەکەم زۆر لەوە درێژترە و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیش نەمنووسیوە. وەک دیارە جگە لەوەی کۆمەڵێک پرسیارم لێ کردووە، بۆچوونی خۆمم لەم ڕووەوە خستووەتە ڕوو، چەند سەرچاوەیەکیشم پێ ناساندووە. ئایا دەزانن دوای ئەوەی بۆیشیم ڕوون کردووەتەوە، کە (ڕیتم) و (ئیقاع) هاوواتان، هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی بڵێت جودان؟ دەسا ئەم نەیشیزانیوە وشەکە (ئیقاعە)، نەوەک (عیقاع). هەڵەی تایپ نییە، چونکێ چەند جارێک پاتەی کردووەتەوە. نامەیەکی ترم بۆ نووسیوە، کە ئەمە برگەیەکیەتی:

[تۆ نەتزانیبێت ئەو دووانە هەر یەکێکن زۆر لەوە چاکترە بڵێیت (عیقاع لای من ئەو شتەیە کە سەرجەم وشەکانی شیعرێك لەگەڵ یەکتردا دروستی دەکەن و دواتر دەگات بە منی خوێنەر..بەڵام ریتم ئەو هارمۆنیای ناوەوەی وشەکانە.واتە

ئیعاع ئەو شتەیە لە دەرەوەی تێکست و ریتم پەیوەستە بە ناوەوەی تێکست.)

برای ئازیزم، کاک ئارام، هیچ شتێک هەیە لە دەرەوەی تێکست، تاکوو (ئیقاع) یەکێک بێت لەو شتانە؟ بەڵێ، ڕیتم هەر ئیقاعە و هیی ناوەوەی تێکستە، بەڵام چۆن؟ تۆ چۆن ئەو ڕیتمە لەناو تێکستێکدا دەدۆزیتەوە؟ تکایە واز لە تاقیکردنەوە و شتی لەو بابەتە بهێنە، چونکە ئێمە گفتوگۆ دەکەین و ئەوانە بە کەڵکی گفتوگۆ نایەن، بەڵکوو وەرە وەک نووسەرێک تێکستێکم بۆ هەڵبژێرە و پێم بڵێ ئەمە ئیقاعەکەیەتی و ئەوەیشیان ڕیتمەکەی! ئینجا پێم بڵێ ئەوە ئیقاعەکەیە وا لە دەرەوەی تێکستەکەیە و ئەمەیش ڕیتمەکەیە لە ناوەوە! لێت ناشارمەوە بڕوام نەدەکرد شتێکی ئاوا بنووسیت. تۆ کاتێ دەڵێیت (عیقاع لای من ئەو شتەیە کە سەرجەم وشەکانی شیعرێك لەگەڵ یەکتردا دروستی دەکەن و دواتر دەگات بە منی خوێنەر)، ئەوە هەر ئەو میتۆدەیە، کە من پێم گوتیت بە کاری دەهێنیت. ئەمە قسەیەکە هەر کەسێک بیەوێت، دەتوانێت بیکات.].

ئەو ڕەخنەگرە میللییە لە شوێنێکی وتارەکەیدا بە (درێژنووس) ناوی بردووم. ڕاستییەکەی ئەوەی چەند دێڕێکی لە فەلسەفە و زمانناسیدا خوێندبێتەوە، دەزانێت ئەمە تا چ ئەندازەیەک ڕووکەشە. ئایا یەکەمجارە ئەوە دەڵێت؟ نەخێر، بەڵکوو هەر لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا گوتوویەتی و گوتوویەتیەوە، بە مەرجێ هەم لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی...) و هەم لە بەرهەمی ترمدا لێکم داوەتەوە. بۆ نموونە لە وتاری (ئایا من وازم هێناوە و گەڕاومەتەوە؟)دا هەوڵم داوە بە وردی بۆی ڕوون بکەمەوە. ئەوەتە ئەم چەند دێڕەی لێ وەردەگرم:

[کاتێ وازم هێنا، بە (موفلیس) لە قەڵەمی دام و گوتی هیچم نەماوە بۆ نووسین، بەڵام دوای ئەوەی گەڕامەوە و چەند بەرهەمێکم چاپ کردن، پێم دەڵێت نەزیف بووم. هەر جارێ شتێک دەڵێت... ئایا چەمکی تێکست دەستنیشان دەکرێت؟ ئایا تێکست چوارچێوەدارە؟ ئایا کورتی و درێژی مانایەکیان هەیە، کاتێ ئاستی فیزیکی تێکست جێ دەهێڵین و بە ئاستە مێتافیزیکییەکەی دەگەین، کە ڕووبەرێکی بێسنوورە؟ ئەوانەی خوێنەری ڕەخنەدۆز ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، مانا شاراوەکانی

تێکستن، نەوەک کورتی و درێژی. ئەو تێکستە چیی لە خۆی گرتووە و ئاڕاستەکانی چۆن هاتوون؟ لە پرۆسێسی پێکهاتنیدا دایەلۆگی لەگەڵ چەند تێکستی دیکەدا کردووە و خاوەنی چ هێزێکی دایەلۆگییانەیە لەگەڵ خوێنەردا؟ چ لەو گفتوگۆیەی پێشوودا، کە لەژێر ناونیشانی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)دا بڵاو کرایەوە و چ لە بەرهەمەکانی تریشمدا پێم لەسەر ئەوە داگرتووە، کە تێکست پێکهاتەیەکی مێتافیزیکییە و کۆمەڵێک پایەی دژبەیەک ڕایانگرتووە، بۆیە شوێنێک نییە پێی بگوترێت (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی). هەر تێکستێک ئەگەر لە ڕووی فیزیکییەوە سەرەتای هەبێت، ئەوا لە ڕووی مێتافیزیکییەوە سەرەتا خاڵێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو بێژمار سەرەتامان هەن، بەو مانایەی تێکستی داهێنەرانە درێژبوونەوەی هەیە و ڕێ نادات سنووری بۆ دابنێین. لەم ڕووەوە بۆچوونی ڕەخنەدۆزانی وەک (ڕۆلان بارت)، (مێشێل فۆکۆ)، (جاک دێریدا) و ئەوانەی ترم هێناوەتە ناو ئەو دایەلۆگەوە. چەمکی (یاری) ئەوانە کۆ دەکاتەوە، بەو مانایەی لە یاریدا جووڵەکانی تێکست دەردەکەون و وشە لە ئایکۆنەوە بۆ

ئاماژە دەگۆڕێت. بۆ نموونە (دێریدا) لە کتێبی (نووسین و جیاوازی)دا پێی وایە یاریی بەردەوامی ماناکان سڕینەوەی سنووری نێوان چەمکەکان و دەرکەوتنی ڕاڤەکانە، تا لەوێوە هەر ڕاڤەیەک بتوانێت تێکستەکە بە شێوەی خۆی پێک بهێنێتەوە (reshaping). من پێم وایە لە ئەتمۆسفێری ئەو یارییەدا کورتی و درێژی مانای خۆیان لە دەست دەدەن. ئەگەر تێکست لە لایەک بێکۆتا بێت و لە لایەکی دی لە ئاڕاستە و ئاماژەی بێسنوور پێک بێت، ئەوە ناکرێت چیرۆکی کورت بە کورت و ڕۆمان بە درێژ بزانین. دەشێ چیرۆکێکی کورت زۆر لە ڕۆمانێکی قەبارەگەورە پتر توانای یاریی هەبێت. بەوەدا تێکستەکانی هەر داهێنەرێک پێوەندیی ڕایزۆمییانەیان پێکەوە هەیە، ئەوە دەکرێت چیرۆکەکانی جارێ بە تەنیا و جارێ لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا، واتە لە شێوەی ڕۆماندا بخوێنینەوە}.

بەڵێ، (کۆشکی)، کە بەوە ڕاهاتووە بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک و لە دنیای زانراوی شمەکدا ناوی چەمکەکان دەهێنێت، بۆیە هەر بەو شێوەیەیش لە چەمکی کورتی و درێژی گەیشتووە، بە مەرجێ وەک بینیمان لە دنیای ئاماژەدا، کە دنیای فەلسەفەیە،

تەواو جیاوازن. منیش دەزانم تۆ کورتنووسیت، چونکێ ئەرکت فرێدانی چەمکە، بەڵام من کاتێ هەڵیاندەگرمە و لێکیان دەدەمەوە، پێویستم بە وشەی زیاترە. ئایا شتەکان لە خودی خۆیاندا خراپ، یان چاکن؟ ئایا کورتی و درێژی تەنیا یەک مانایان هەیە و لە هەموو دۆخەکاندا وەک یەکن؟ پێشتر لەو بارەیەوە دواین. لە کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤە)یشدا هەوڵم داوە ئەم بابەتە لە ئاستی میللییەوە بگوێزمەوە ئاستی فەلسەفی و لەوێدا بیورووژێنم. ئەوەتە نووسیومە:

[(نیتشە) ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە دەبێتەوە، کە پەنا بۆ دابەشکاری دەبەن. (ئەریستۆ) لە کتێبی (هونەری شیعر)دا وەها پێناسەی مێتافۆر دەکات، گۆیە بەکارهێنانی وشەیەکە، سەر بە شتێکی ترە، ئینجا چ لە ڕەگەزێکەوە بۆ جۆرێک بێت، چ لە جۆرێکەوە بۆ ڕەگەزێک، یان لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێک، یان لە ڕێی لەیەکچوونەوە، بەڵام (نیتشە) لەگەڵ ئەوەدا نییە جیهان بۆ ڕەگەز و جۆرێک دابەش بکرێت، کە ئەمە لەگەڵ ئەوەدا ڕێکە وا (کانت) ناوی دەنێت (شتەکان لە خودی

خۆیاندا)، بەڵکوو لە جیاتیی ئەوە ڕەگەز و جۆرەکان وەها دەناسێنێت، کە خوازەی مرۆڤن، وەک لە کتێبی (لەبارەی ڕاستی و درۆوە لە چوارچێوەی زێدەمۆراڵدا : On Truth and Lie in an Extra-Moral Sense)دا ڕوونی کردووتەوە. لەم ڕووەوە دەنووسێت: ئەگەر پێناسەیەکم لەبارەی شیردەرەکانەوە خستە ڕوو و دوای ئەوە حوشترێکم پشکنی، ئەوە دەڵێم: بڕوانە، ئەوەیە شیردەر! لێرەدا حەقیقەتێک ڕوون دەبێتەوە، بەڵام لە ڕووی بەهاوە ناتەواوە، بەو مانایەی بەرجەستە (anthropomorphic)یە و یەک خاڵ لە خۆ ناگرێت، کە بتوانرێت بگوترێت (حەقیقەتە لە خودی خۆیدا)... لەبەر ئەوە لای (نیتشە)، کە بۆچوونی (کانت) دەداتە دواوە، ئەوەی دەڵێت (شت لە خودی خۆیدایە)، ئەوە پێی وەهایە مێتافۆر وێنەیەکی تەواو نییە بۆ جیهان، بەڵکوو مێتافۆر گۆڕینی جیهانە لە مرۆڤدا: metamorphosis of the world in human (32).(beings

(نیتشە) لە ڕێی نموونەی حوشترەکەوە دەیەوێت بڵێت چیەتی (ماهیەت)مان دیاری کردووە، بێ ئەوەی پێشتر (بوون)یمان

دۆزیبێتەوە. ئێمە کاتێ چیەتیی شیردەر دەزانین، کە لە واقیعدا حوشترەکە دەبینین. واتە حەقیقەت خراوەتە پێش بوونی شتەکانەوە. لەنێوان واقیع، فکر و زماندا هاوڕێکی نییە، بۆیە لێرەوەیە (نیتشە) ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئینجا مەبەست لە دەستەواژەی (شتەکان لە خودی خۆیاندا)ی (کانت)یش، ئەوەیە، ئەو فیلۆسۆفەی عەقڵ لەنێوان دیاردە (phenomena)، کە عەقڵ دەتوانێت لێی تێبگات و (شت لە خودی خۆیدا) جیاوازی دەبینێت، کە ئەوەیان دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی تێگەیشتنی مرۆڤەوە. واتە جوداکردنەوەی (ئەوەی دەکرێت بیزانین) و (ئەوەی ناکرێت بیزانین)ە. (نیتشە)ی خاوەنی کوتەکی ڕەخنە بە توندی دژی ئەو تێگەیشتنە دەوەستێتەوە و پێی وەهایە زانین بەرهەمی ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی مێتافیزیکی نییە، تا پێی نەگەین، بەڵکوو بەرهەمی هێز و داهێنانە. لە کتێبی (لە پشت چاکە و خراپەوە)دا دەنووسێت: لە ماوەی درێژترین قۆناغی مێژووی مرۆڤایەتی، واتە لە قۆناغی پێش مێژوودا بەها و نابەهای کار لە ئەنجامەکەیەوە دەهات، نەوەک لە خودی کارەکە خۆیەوە،

وەک چۆن بنەماکەی لە بەرچاو نەدەگیرا... با ئەو قۆناغە ناو بنێین قۆناغی پێش ڕەوشتیی مرۆڤ ( premoral period of mankind)، کە هێشتا دەستەواژەی (خۆت بناسە!: know thyself!) دەرنەکەوتبوو.(33) واتە لەو ئەنجامەوە دەیانڕوانییە هەر کارێک، کە ئایا سەرکەوتووە، یان شکستی هێناوە، بەڵام پێی وەهایە دواتر خورافەیەکی نوێی کوشندە سەر هەڵدەدات، کە لێکدانەوەی تەسکبینانە دەگرێتە خۆی، بەوەی بنەمای کار دەدرێتە پاڵ ئەو نیاز (intention)ەی ئەم کارەی لێوە بەرهەم هاتووە. ئینجا خەڵک وردەوردە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن بەهای هەر کارێک خۆی لەناو بەهای نیازدا حەشار داوە، بگرە نیاز تاکە بنەما و مێژووی پێشینەی کارە. لەژێر کاریگەریی ئەو بڕیارەدا تا ئەمڕۆ خەڵک بە ڕەوشتدا هەڵدەڵێن، سەرزەنشتی دەکەن، لەو بارەیەوە بڕیار دەدەن و بە شێوەی ڕەوشتییانە دەفەلسەفێنن.(34)

ئەمە ئەو ڕەخنەگرە میللییەیە، کە بە جەماوەری گوتووە فەلسەفەی (کانت) و هیی (فۆکۆ)ی خوێندووەتەوە، کە لە وتاری (ئەرێ ئەوە کانت و فۆکۆ لە کوێن؟)دا پێشانم داوە، تەنیا

ناوی بیستوون، دەنا لەو وتارەیدا شتی وەهای نووسیون، دەبێت لە کاتێ خوێندنەوەیدا بەردەوام قاقا لێ بدەیت.(35)

(کۆشکی) بەوەدا تەنیا چەمک فڕێ دەدات، ئەوە هاتووە ناوهێنانی شاعیرانی کردووەتە سکانداڵ و بە ئارەزووی خۆی شێواندوویەتی. من خۆم لەو بارەیەوە نووسیومە:

(لە ڕووی تەمەنەوە کەموزۆر لە یەکتر دوورن، بەڵام مەبەستی من زیاتر ئەوانەتانن لە دوای نەوەی ڕاپەڕینەوە هاتوون، لە دوای ئەو نەوەیەی دەرکەوتنی هاوکاتی ڕاپەڕینە. هەبوونی جیاوازییش لە دەنگێکتانەوە بۆ یەکێکی دیکەتان، شتێکی سروشتییە، بگرە گرنگە، بەڵام من لێرەدا تەنیا ویستوومە ئاماژە بە ناوتان بکەم، دەنا کاتێ بگاتە ئەوەی بە جودا لە بەرهەمتان بکۆڵمەوە، ئەوە بابەتەکە دەچێتە ئاستێکی دیکەوە. ئەم ماوەیەم بۆ خوێندنەوەی شیعرتان تەرخان کرد، کە هەتانە تەنیا یەک نموونەیم دیوە و هەیشتانە کتێبی، بگرە زیاتر لە کتێبێکی.).

(کۆشکی) لە فڕێدانی چەمک بەردەوامە و دەنووسێت: [ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو (ئەم نووسەرە کەنارنشینە) پاش بڵاوبوونەوەی نەسیحەتنامەکەی ئەوە بوو، کە هاتبووە کۆمێنت و داوای لە سەرجەم شاعیران دەکرد ئەگەر دەخوازن ئامادەی دایەلۆگکردنە لەگەڵیاندا].

با جارێ واز لەوە بهێنین، کە کۆمێنتی منی شێواندووە، بەڵام ئایا هەتا ئەگەر بەم شێوەیەیش بێت، سەرنجڕاکێشە؟ دیسان دەپرسم ئەرێ بەڕێوەبەرانی (ڕۆژنامەی هەولێر) ئەمە کوردییە؟ ئایا ئێوە ئەوانەیش وەردەگرن، کە نازانن بە زمانی خۆیان بنووسن؟ مادام نووسیوتە: (ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو)، پێویست دەکات دوای ئەوەیش هەر بڵێیت: (ئەوە بوو)؟ ئەرێ (هاتبووە کۆمێنت) مانای چییە؟ ئایا (نووسەری کەنارنشین) لاوازییە؟ ڕاستییەکەی دوو چەمکی لێ تێکەڵ بوون، کە یەکەمیان تەنیایی و دووەمیان گۆشەگیرییە، یان با بڵێین کەنارنشینییە. (هایدیگەر) لە وتاری (بۆچی لە گونددا دەمێنمەوە؟)دا جودایان دەکاتەوە. دەڵێت شارییەکان سەریان لەو گۆشەگیرییەی سووڕ دەمێنێت، کە چۆن لەو شاخە و لەنێو

جووتیاراندا ژیان بە سەر دەبات، بەڵام پێی وایە (ئەوە گۆشەگیری نییە، بەڵکوو تەنیاییە. دەکرێت مرۆڤ لە شاری گەورە زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکەدا خۆی گۆشەگیر ببینێت، بەڵام هەرگیز نەتوانێت تەنیا ببێت. بەو شێوەیە تەنیایی دەستەڵاتێکی تەواو جیاوازی هەیە، کە نەهێڵێت گۆشەگیر ببین).(36)

لە (کۆشکی) دەپرسم ئەو فیلۆسۆفە لە کوێیە، تا ڕێت لێ بگرێت ئەمە نەنووسیت؟ ئایا کەنارنشینی چاکترە نییە لەوەی ببمە نووسەری حزب؟ من خۆشحاڵم بەوەی نووسەری جەماوەری نیم. ئایا سەختە ببمە نووسەری جەماوەری؟ ئەگەر خوێنەر بۆ بەرهەمەکانم بگەڕێتەوە، دەبینێت هەمیشە هەوڵم داوە خودی خۆم لە دەست نەدەم و نەهێڵم لە شتدا بتوێتەوە. ئەمڕۆ نووسەرە جەماوەرییەکان لەلایەن جەماوەری خۆیشیانەوە قاقایان بۆ لێ دەدرێت. هەیە پەیجەکەی بووەتە نوکتەخانە. ئەمە چ ڕوانینێکە بۆ چەمکی کات؟ ئایا ئەگەر ئەمڕۆ نووسەرێک لای جەماوەر نەناسرا و بەرهەمەکانی نەخوێنرانەوە، مەرجە سبەیش هەر نەخوێنرێنەوە؟ ئایا ئەگەر نەخوێنرانەوە،

مانای وایە سادە و ڕووکەشن؟ ئایا بەشێکی ئەو نووسەرانەی بوونەتە خاوەنی ناوبانگ، لەبەر ئەوە نییە لەم سی ساڵەدا پەنایان بردووەتە بەر کۆمەڵێک حزب و مێدیا؟ لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی...)دا بەشێکم بۆ ئەوە تەرخان کردووە و کۆمەڵێک نموونەی داهێنەرانم هێناونەتەوە، تا پێشانی بدەم داهێنان پێوەندیی بە ژمارەی خوێنەرەوە نییە، بۆیە نامەوێت لێرەدا زیاتر لەو بارەیەوە بنووسم، بەڵام ئەم ڕەخنەگرە میللییە دوای نۆ ساڵ هێشتا هەمان قسە دەڵێتەوە. ئایا سەیر نییە خۆت و ئەو ڕۆژنامەیەی تێیدا کار دەکەیت، ناوەناوە پەلاماری نووسەرێکی کەنارنشین دەدەن؟ باسی شتی دیکەیش هەر ناکەم. ئایا نەتپرسیوە چۆن نووسەرێکی کەنارنشینی موفلیسی نەخوێندەواری گەمژە بەم شێوەیە چەمکەکانت هەڵدەگرێتەوە و پێشانی خوێنەریان دەدات، کە مایەی قاقالێدانن؟ ئەگەر تۆ نەتوانیت لە ئاستی نووسینی نووسەرێکی موفلیسیشدا بیت، پێویستە ئەو جەماوەرە چیت پێ بڵێن؟ نەتپرسیوە؟

ئینجا کۆمێنتەکەی من لە ئەکاونتی (ژنەفتن)دا بەم شێوەیەیە: (دەستتان خۆش بۆ بڵاوکردنەوەی. هیوادارم دایەلۆگی

کاریگەری لێ بکەوێتەوە. ئامادەی دایەلۆگم لەگەڵ هەر کەسێک، کە بۆچوونی جیاواز دەردەبڕێت.). ئایا ئەمە هیی ئەوەیە بکرێتە سکانداڵ؟ کوا (داوای لە سەرجەم شاعیران دەکرد ئەگەر دەخوازن ئامادەی دایەلۆگکردنە لەگەڵیاندا)؟ من هەمووی چەند جارێک لە ڕێی ئەو پەیجەوە، کە ئازیزان بەبێ ئەوەی ئاگام لێ بێت، بۆیان کردوومەتەوە، گفتوگۆم کردووە. دیارییەکی گرانبەهایە لەو هاوڕێیانەمەوە و سپاسیان دەکەم. دیارە دژی هیچ کەسێک نیم لە سۆشیاڵمێدیادا چالاکە و پێیشم وا نییە شتەکان لە خودی خۆیان خراپ، یان چاکن، کە ئەوەتە هەر لێرەدا لەو بارەیەوە نووسیومە، بەڵام خۆم ئەوەم پێ باشترە دوور بم و زیاتر کاتم بۆ کارەکانم تەرخان بکەم. پێشتریش گوتم چەند جار لە بۆنەکاندا بانگهێشت کراوم، تەنانەت بلیتی فڕۆکە و ژووری هۆتێلیان بۆ دابین کردووم، بەڵام هەمیشە گوتوومە نا، سپاس. دژی هیچ نووسەرێکیش نیم، کە قەبووڵی کردبێت.

ئینجا من ئەو کۆمێنتەم زیاتر بۆ ئەوانە نووسی، کە پێشتر لە ڕێی ئەکاونتی ساختەوە پەلاماریان دام و هەوڵیان دا بەرگری لە

نووسەرێکی جەماوەری بکەن. پێم لەسەر بۆچوونی جیاواز داگرتووە. بێگومان تۆ کورتنووسیت، مادام ئەم قسانە فڕێ دەدەیت و بەرپرسیارێتییان هەڵناگریت، بەڵکوو خۆت لە ژوورەوە (ڕۆژنامەی هەولێر) دەنێیتەوە و لە پشت دەرگەی داخراوەوە جنێو دەدەیت. ئایا من خۆیشم بە منداڵی ئەمەم نەکردووە؟ پێت وایە شتێکی نوێت هێناوە؟

(کۆشکی) نووسیویەتی: (ئەو ئامانجی لە دیالۆگ سەپاندنی ڕا و زاڵکردنی هەیمەنەی خۆیەتی بەسەر ئەویتردا، نەک دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لەگەڵ بەرامبەردا، یان ئامانجی فراوانکردنی پێڕی خۆیەتی دژ بە نەیارەکانی، کە ئەمەش جگە لە عەقڵیەتی خێڵگەرایی سەدەکانی ناوەڕاست هیچی دیکەمان بەبیر ناهێنێتەوە.).

واز لە هەڵەی زمانەوانی دەهێنم، بەڵام ئەگەر ئەوەی پێوەندیی بە هەیمەنەوە هەیە، دەقاودەق لە منی وەرنەگرتووە، با ئاگادارم بکاتەوە، تا سەرچاوەکەی پێ بڵێم! ئایا دەتوانێت لەم ڕووەوە چەند دێڕێکی ترمان بۆ بنووسێت؟ ئایا من دوای ئەوەیش بۆی گەڕاومەتەوە و لەم بارەیەوە شتی دیکەم گوتووە؟ بەڵێ. بۆ

نموونە لەو گفتوگۆیەمدا، کە چەند مانگ لەمەوبەر نووسەرێک لەگەڵیدا کردووم و هێشتا چاپ نەکراوە. ئایا سەختە هەر خوێنەرێک ئەم وشانە بنووسێت؟ ئەرێ دەتوانێت بە بەڵگە بیسەلمێنێت من بەو مەبەستە پێم لەسەر دایەڵۆگ داگرتووە؟ ئایا من پێڕم هەیە، تا هەوڵی فرەوانکردنی بدەم؟ ئایا کۆمەڵێک هاوڕێم هەن، کە بەردەوام گفتوگۆ لەبارەی چەمکەکانەوە دەکەین و بە هەندێکیان پێدەکەنین؟ بەڵێ، بەڵام ئەوە پێی ناگوترێت بەرە و هێشتا یەکێ لەوانە نەهاتووە خوێنەرێک دەمکوت بکات، ئەگەر بۆچوونی جیاوازی نووسیبێت.

(سۆران ئازاد) یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانم. کاتێ ناسیومە، لە چواری ئامادەییدا بووە. لە هەندێک بابەتدا بۆچوونمان جیاوازە و لە یەکترمان نەشاردووەتەوە. هەندێجار دەگەینە یەک و هەندێجار ناگەین، بەڵکوو گفتوگۆکە بە کراوەیی جێ دەهێڵین. سەرەتا ڕوانینی لەبارەی پێشەکیی کتێبی (ڕاگەردان)ەوە نەگەتیڤ بوو و وتاریشی نووسیی، بەڵام لە ئەنجامی گفتوگۆوە ئەو ڕوانینەی گۆڕا. جاری وایش هەیە من

ڕوانینم لەبارەی بابەتێکەوە دەگۆڕێت. ئێمە هەمیشە جیاوازیمان خستووەتە بەرچاو، بەوەی جیاوازی دەتوانێت بمانباتە ئاستی تر و دۆخی نوێوە، نەوەک لەیەکچوون. گفتوگۆکان هەم لە ڕێی ئیمەیڵ و هەم لە ڕێی ڤایبەرەوە کراون. ئەگەر کۆیان بکەمەوە، کتێبێک پێک دەهێنن. لەگەڵ ئەوەیشدا گوتوویەتی نامەکەم بە شێوەیەکی ورد بۆ شاعیران نووسیوە، بەڵام نەیشاردووەتەوە، کە لە خاڵێکدا هاوڕام نییە. گفتوگۆمان کردووە و بە کراوەیی ماوەتەوە. هەمیشە گوتوومە من لە سەرەتای تەمەنی خوێندنەوەمەوە تا ئەمڕۆ لەم گفتوگۆیانە فێر بوومە و فێر دەبم. لە قۆناغی ئامادەییدا بووین، کاتێ شەڕی لایەنە سیاسییەکان لە شاخدا هەڵگیرسا. ئێمە هەم ئەوانەی لە شاردا کارمان بۆ حزبەکان دەکرد و هەم لایەنگرانیش لە فێرگە، باخی گڵکەند، پارکی ڕووناکی و کازینۆکاندا کۆ دەبووینەوە، تا لەبارەی دۆخەکەوە گفتوگۆ بکەین. کار دەگەیشتە ئەوەی دەنگ لەسەر یەکتر هەڵببڕین، بەڵام پەنامان بۆ جنێو نەدەبرد. بڵاوکراوەکانی شاخمان دەگۆڕینەوە و دەمانزانی هەر یەکێک کار بۆ کام لایەن دەکات، کەچی

پێوەندیمان تێک نەدەچوو. هەموو جارێ دەمگوت ئەگەر ماڵمان بپشکنن، هێندەی بڵاوکراوەی کۆمەڵە دەدۆزنەوە، هیی پارتییان ناکەوێتە بەردەست. ئایا هیی شیوعی و سۆشیالیستیشم پێ نەدەگەیشتن؟ ماوەی پێشوو (دلۆڤان محەمەد سەرسپی)ی هاوڕێم ئەو ڕۆژگارەی بە بیر هێنامەوە، کە لە گەڕەکی ڕووناکیدا چۆن ئازادانە و بەبێ ترس بۆ یەکتر دەدواین، بە مەرجێ لە ڕووی باوەڕەوە جیاواز بووین. ئەو گفتوگۆیانە وایان دەکرد زیاتر بخوێنینەوە و پتر خۆمان پێبگەیەنین. ماوەی پێشوو (جەلال مەعرووف)ی هاوڕێی ڕۆژگاری زانکۆم باسی کردبوو، کە ئێمە ئەو ڕۆژگارە لە چ ئاستێکدا گفتوگۆمان دەکرد. ئایا سەیر نییە ئەمڕۆ هەندێک لەوانەی ناوی دەیان فیلۆسۆفیان هێناون، هێشتا وەک دوژمنی چەپەڵ (villain) دەڕواننە ئەوانەی بۆچوونی جیاواز لە ئاستی خۆیان نا، بەڵکوو لە ئاستی گوتراویاندا دەردەبڕن؟ ئایا نرخی گوتراو لە هیی مرۆڤ بەرزترە؟ هەر ئەوانە بەوە تۆمەتبارت دەکەن، گۆیە تۆ بەرەت پێک هێناوە. وەک گوتم بابەتەکە لای من بریتییە لە هەبوونی جیاوازی، نەوەک لەیەکچوون. ئەوە

جیاوازییە کۆی کردووینەتەوە. ڕۆژانە ئەو نووسەر و خوێنەرە لاوانەی دەوروبەرم بە بیرۆکەی نوێم ئاشنا دەکەن. هەندێک لەو هاوڕێیانە سەرەتا لەگەڵ ئەوەدا نەبوون من ڕووبەڕووی ڕەخنەی میللی ببمەوە، گۆیە ئەو نووسەرانە سادەن و لە ئاستی زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا دەنووسن، بەڵام ئەمڕۆ بۆچوونیان تەواو گۆڕاوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی دیویانە من تەنیا ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنەگرە میللییانە دەبمەوە، کە پەنا بۆ فریودان دەبەن و وا بابەتەکانیان دەناسێنن، گۆیە داهێنانن، بگرە لەو ڕێیەوە پەلاماری دەنگی جیاواز دەدەن.

ئایا (کۆشکی) دژی بەرەیە؟ هەر لەم ماوەیەدا کەسانێک جنێو بە دایکیان دراوە، تەنیا لەبەر ئەوەی ڕەخنەیان لە نووسەرێکی جەماوەری گرتووە. ئەگەر وا نییە، با داوای سەرچاوە بکات! دیارە (کۆشکی) نییە ئەو جنێوەی داوە، بەڵام ئایا لەو بارەیەوە کۆمێنتی نووسیوە و نارەزایی دەربڕیوە؟ ئایا چ ئەو نووسەرە جەماوەرییە و چ لایەنگرانی هاتن، تا بڵێن پێویستە گفتوگۆ بکرێت، نەوەک جنێو بدرێت؟ ئەرێ ئەوان تەنیا کاتێ دێنە

دەنگ، کە کەسێک ڕای جیاواز دەربڕێت، تا لە ڕێی ئەکاونتی ڕاستینە و ساختەوە پەلاماری بدەن؟

خانمێک لەبارەی نووسینی یەکێ لەو نووسەرانەی ئەم ڕەخنەگرە میللییە بە داهێنەری گەورەیان دەزانێت، لە ئەکاونتی فەیسبووکیدا ڕای خۆی دەردەبڕێت. (کۆشکی) دێت و بۆی دەنووسێت: (مەعریفەت نواند). ئەم گوتەیە تەمەنێکی درێژی هەیە و زۆرینەمان لە منداڵییەوە لە دەمی نەنە و باپیرانمانەوە بیستوومانە. لە خۆم ڕادەبینم بڵێم ئەو گوتەیە ئەمڕۆ کەمتر لە جاران بە کار دەهێنرێت، کەچی لای ئەو، کە کۆمەڵێک کتێبی ڕەخنەیی چاپ کردوون، هێشتا هێزی خۆی لە دەست نەداوە. ئەو هاوڕێیەی لەو کۆمێنتەی ئاگادار کردوومەتەوە، دەڵێت ئەوە ڕوانینی ڕەخنەگرێکی ئێمەیە بۆ چەمکی مەعریفە، کە بۆ دەمکوتکردنی دەنگی مرۆڤی بە کار دەهێنێت... ئەمەم لە وتاری (ئەرێ کانت و فۆکۆ لە کوێن؟)دا نووسیوە، کە ئەوەتە دەبینین ئەگەر لێرەدا ڕەخنەگری میللی باسی هەیمەنەی کردووە، ئەوە نوێ نییە، بەڵکوو وەرگیراوە. ئینجا نووسەرێک ناوی (هایدیگەر) و کۆمەڵێک فیلۆسۆفی تری نووسیون و بەم

شێوەیەیش دەڕوانێتە چەمکی مەعریفە. لە نامەی تایبەتیشدا بە وردی لەو بارەیەوە بۆم نووسیوە. ئایا ئەگەر ئەم ڕەخنەگرە میللییە خۆی بە لێکدانەوەی چەمکەکانەوە خەریک بکات، باسەکە دەهێنێتە ئاستی ئەوەی کێ بەرەی پێک هێناوە و کێ پێکی نەهێناوە؟

من جارێک نووسەرێکی کەنارنشینم و جارێک خەریکی پێکهێنانی بەرەم. لەم دووانە کامیان ڕاستە؟ ڕۆژێک دەڵێت بۆیە وازم هێناوە، چونکێ ئیفلاسم کردووە، ڕۆژێکی تر دەڵێت ویستوومە سۆزی خوێنەر بۆ خۆم ڕابکێشم. کامیان ڕاستە؟ کوا ڕاستگۆیی؟ کاتێ لێم توورە دەبێت، ئەمانە دەنووسێت، بەڵام هەر هێندە ئاشت دەبێتەوە، بۆچوونی تەواو دەگۆڕێت. ئەگەر وا نییە، با داوای سەرچاوە بکات!

وتارەکەی (کۆشکی) لەبارەی شیعرەوەیە، بەڵام ئایا لەم ڕووەوە یەک دێڕی نووسیوە؟ لە بەهاری (١٩٩٨)دا کۆڕێک بۆ (چۆمان هەردی)ی شاعیر ساز کراوە و من شیعرەکانم لێک داونەتەوە. ڤیدیۆکە لە یوتیوبدا پارێزراوە. هیوادارم خوێنەر بیبینێت، تا بزانێت لەو سەردەمەدا چۆن لەم چەمکە دواوم.

لەوێدا باسم لە خودی لەتلەت، ناسنامە، دەربڕینی ناڕاستەوخۆ و کۆمەڵێک چەمکی تر کردوون، کە ئەوانە ڕێگرن لەوەی زمان بە لای ئامۆژگاریدا بشکێتەوە.(37 )

## وازهێنان و گەڕانەوەم

ئایا ڕاستە وەک ئەو ڕەخنەگرە میللییە دەڵێت و ناوەناوە (ڕۆژنامەی هەولێر)ی پێ دەڕازێنێتەوە، بەو مەبەستە وازهێنانم ڕاگەیاندووە، تا لە بیر جەماوەر نەچمەوە؟ لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠١١)دا نووسیومە: (من هیچ کاتێک ترسم لە وازهێنان نەبووە و گەلێجار ویستوومە ئاگادارییەک بۆ مێدیاکان بنووسم، تا بڵێم ئیتر واز لە نووسین دەهێنم.).(39) ئایا هاوڕێ نزیکەکانم نازانن بەردەوام ئەوەم گوتووە؟ ڕاستییەکەی بەشێکی دوورکەوتنەوەم پێوەندیی بە دووڕوویی هەندێک نووسەرەوە هەبوو. ڕەنگە ئەوەی کتێبی منداڵیمی خوێندبێتەوە، بزانێت لە منداڵییەوە بە دوای ژینگەی ئارامدا گەڕاوم، کە هەر کاتێ ئەو

ژینگەیە هەڕەشەی لەو ئارامییەم کردبێت، جێم هێشتووە و بۆ تەنیاییی خۆم گەڕاومەتەوە. هەمیشە گوتوومە تەنیایی هێزە گەورە و لەبننەهاتووەکەی منە. پێشتر گوترا تەنیایی و گۆشەگیری دوو شتی جیاوازن. ئەوانەی لە ڕۆژگاری حزبایەتییشدا لەگەڵم بوون، لەبارەی ئەو هەستیارییەمەوە دەزانن، بۆیە لە ساڵی (١٩٩٢)دا بە تەواوی ئەو دنیایەم بە جێ هێشت و شێوازێکی دیکەی ژیانم گرتە بەر. نایشارمەوە ئەوەی لە دنیای نووسیندا بینیم، لە دنیای حزبایەتیدا نەمبینی، بە مەرجێ ڕووبەڕووی یەکێک لە ڕێژیمە خوێنڕێژەکانی گەردوون بووبووینەوە. ئەو دووڕوویی و هەلپەرستییەی بەشێکی ڕۆشنبیران دووریان خستمەوە. دیارە ناڵێم هۆکاری سەرەکی بوو، بەڵام چووە پاڵ هۆکارەکانی دی. هاوڕێ نزیکەکانم دەزانن ئەم ڕوانینەی (کۆشکی) چەند ڕووکەش و سادەیە، چونکێ لە نزیکەوە ئاگایان لە دۆخەکە هەبووە. ئایا ئەو خوێنەرەی وتاری (زۆرایەتی و جاگلەر... هەوڵێک بۆ لێکدانەوەی سێکوچکەی ڕۆشنبیر، دەستەڵات و زۆرایەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە)ی خوێندبێتەوە، لای سەیرە دوور کەوتوومەتەوە؟ ئایا هەموو

نووسەران بەو شێوەیەن؟ نەخێر، هەر لەو ڕێیەوە کۆمەڵێک کەسی جیاوازیشم ناسیون، کە لە ڕاگەیاندنەکەدا نووسیومە و جەختم لێ کردووەتەوە. گوتوومە هاوڕێکانم چ بەهایەکی بەرزیان لام هەیە. ئایا من گەڕاومەتەوە و هەمان شێوازی جارانم گرتووەتە بەر؟ نەخێر. ڕاستە ناوەناوە لە ڕێی بەرهەمێکەوە پێوەندی بە خوێنەرەوە دەکەم، بەڵام خۆمم لەو قەرەباڵغییە پاراستووە، کە بەشێکی ژیانمی گرتبووەوە.

پرسیار ئەوەیە: ئەگەر (کۆشکی) وازی نەهێناوە و بەردەوامە، چیی نوێی بە خوێنەر گوتووە؟ ئەو شتە چییە نووسیویەتی و من لە منداڵییەوە نەمزانیوە؟ ئایا بابەتی وازهێنان و گەڕانەوە نوێیە؟ لە منداڵیمدا دەمبیست، کاتێ دەیانگوت فلان وازی هێنا و گەڕایەوە.

لەم گۆشەیەدا دەنووسم:

ڕەخنەی میللی، کە لە دوای ڕاپەڕینەوە دەردەکەوێت و ڕووبەرێکی فرەوانی تێگەیشتنی گشتی پێک دەهێنێت، بەرهەمی ئەو گوتە ڕەونەقدارانەی هەندێک نووسەری جەماوەرییە، کە (بەختیار عەلی) لەم نێوەدا نموونەیەکی دیارە. گوتەی ڕەونەقدار شوێنی ڕاڤەی چەمک دەگرێتەوە. هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیمبۆڵی پێک دەهێنێت، کە لە ڕێی ئەو هێزەوە پەلاماری دەنگی جیاواز دەدرێت، کاتێ بیەوێت ڕووبەڕووی دۆخەکە ببێتەوە. پەنا دەبەنە بەر جنێو و سووکایەتیکردن، تا ئەوانە بتۆقێنن، کە ڕەخنە دەگرن. کاتێ لەبارەی چەمکی سیمیۆتیکاوە گفتوگۆ لەگەڵ (عەلی)دا دەکرێت، لە جیاتیی ئەوەی ئەم چەمکە لێک بداتەوە و لەم ڕووەوە شتی نوێ بڵێت، بگرە دایەلۆگ لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی فەلسەفی و ئەدەبی دابمەزرێنێت، دێت جنێو بەوانە دەدات، کە بۆچوونی جیاوازیان لە ئاستی نووسینەکانیدا دەربڕیوە. خوێنەر ئەگەر بڕوانێتە پاشکۆی کتێبی (سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا)ی من، دەبینێت لە چ ئاستێکدا هاتووەتە دەنگ و چەند ساکارانە دواوە. دەکرێت ئەوەیش ببینێت چۆن چەمکە

فڕێدراوەکانیم هەڵگرتوونەتەوە و لە ئاستی ئاماژەدا لێیانەوە دواوم. وەک لە کتێبی (ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێواناسی)دا گوتوومە وڕێنە یەکێکە لە توخمەکانی شێواز و لە بواری سیمیۆتیکادا بایەخی بەرچاوی هەیە، کە ئەوەتە لێرەیشدا جەختم لێ کردووەتەوە، لە کاتێکدا (عەلی) لەو گفتوگۆیەدا وەک جنێو بە کاری هێناوە. بە مانایەکی دی، لە تێگەیشتنی جەماوەرەوە بۆی ڕوانیوە و بە هەمان زمانی ئەوانیش لێوەی دواوە. لێرەدا بۆچوونی (عەلی) و (کۆشکی) پێک دەگەنەوە، کە وەک دەبینین هی خۆیان نییە، بەڵکوو هی تێگەیشتنی گشتییە و گواستوویانەتەوە. لە کتێبی (کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات)یشدا ئەوەم پێشان داوە، کە چۆن (عەلی) لە ڕێی ئەم گوتانەوە کۆمەڵێک کەسی لە بواری جنێودا چالاک کردوون.(39) (کۆشکی) یەکێکیانە. نەیشاردووەتەوە پێی سەرسامە و هەمیشە بەرگریی لێ کردووە. من خۆم بەم شێوەیە ڕووبەڕووی ڕەخنەی میللی بوومەتەوە. ئەگەر پێیان وایە لە ڕێی تۆقاندن و ناوزڕاندنەوە دەتوانن بەر لەو ڕەخنەیە بگرن، ئەوە تەنیا هەڵەیەکی تری لۆجیکی دەکەن.

پێشتریش پرسیومە ئایا پێش ڕاپەڕین ڕەخنەی سادەمان هەبوو؟ بەڵێ، بەڵام ئایا دەکرێت بە گشتی ڕەخنەی میللی بدۆزینەوە؟ دەڵێم نەخێر. نووسینی ئێمە تا ڕاپەڕینیش بە گشتی ئاستی تێگەیشتنی خەڵکی جێ دەهێشت و لە ئاستێکی تردا خۆی دەردەبڕی، بەڵام لە ڕاپەڕینەوە کردەی نووسین هێندە ئاسان دەکرێتەوە، کە نەک ئاستی گشتی تێناپەڕێنێت، بەڵکوو هەندێجار پێیشی ناگات. نووسینەکانی (ئارام کۆشکی) و (ئارام کاکەی فەلاح) لەم ڕووەوە نموونەی زەقن، کە نەگەیشتوونەتە ئاستی زمانی ڕۆژانەی خەڵکیش.

ئایا هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە کۆمەڵێک ئاراستەی جیاوازیش هەم لە زانکۆ و هەم لە دەرەوەی زانکۆدا دەرنەکەوتوون؟ بەڵێ، وەک پێشتر گوترا بە ڕوونی دەرکەوتوون و کردەی نووسین چووەتە ئاستێکی باڵاترەوە. جووڵەیەکی گرنگ لە ئارادایە و وەرگێڕانیش زیاتر جۆش بەو جووڵەیە دەدات، کە ئەوانە وایان کردووە بەرهەمی ئەو نووسەرانە تا ئەم ڕادەیە سادە بێنە بەرچاو، بگرە قاقایان بۆ لێ بدرێت.(40)

دەڵێن ئەم گوتەیە: (هەڕەشە لەسەر بوونی کورد هەڕەشەیەکی وجودییە) هیی بیرمەندێکە و هاوکاتی بڵاوبوونەوەی ئەم وتارەی (ڕۆژنامەی هەولێر) جەماوەر پێی پێکەنیون، بگرە قاقایان بۆ لێ داوە. ئەمە ئەگەر جاگیلنگ نییە، دەکرێت پێمان بڵێت چییە؟ بۆچی لە ڕۆژگاری حەڤدەی شوباتدا، کە ئیخوانییەکان بە ئاشکرا پەلاماری ئەو بوونەی کوردیان دەدا، وەهای نەدەگوت؟ ئەریٚ ڕۆژانە سەرکردەکانی ئێران ناڵێن بوونیان هەڕەشەی لیٚ دەکرێت؟ ئایا ئەمە گوتەی سەر زاری سەرکردەکانی حەماسیش نییە؟ ئەریٚ ئێمەی کوردیش بەردەوام نەمانگوتووە؟ گوتەکە لە بواری سیاسەتیشدا سواوە، بەڵام دیارە ئەو بیرمەندە پێی وایە نوێیە و پێمان دەفرۆشێتەوە. ئەریٚ تۆیەک نەتوانیت گوتەیەکی سواو بە زمانی ڕۆژانەیش دابڕێژیتەوە، سەیرە ئەگەر لایەنگرانت لەم ئاستەدا بنووسن؟ ئایا (کۆشکی) بەم گوتەیە دەڵێت ورێنە و نەسیحەتنامە؟ دەتوانم بڵێم نەخێر، چونکیٚ لە ئاستی تێگەیشتنی خۆیدایە. ئەوەتە خۆیشی نووسیویەتی: (پرسی ڕەخنە پرسێکی گرنگە). چەند هاوڕێیەک بەو مەبەستە گوتەکەی ئەو بیرمەندەیان

ناردووە، تا قاقا پێبکەنم. منیش بۆ (دلێر سەلیم)م فۆروەرد کردووە، کە خۆی ئەوە نزیکەی بیستوشەش ساڵە خەریکی ئەم کارەیە. نووسیویەتی: (دیومە). منیش لێیم پرسیوە ئەدی چۆنە نەیناردووە؟ گوتوویەتی ئەمڕۆ جەماوەرێکی هێندە زۆر بە گوتەی ئەم بیرمەندانە پێدەکەنن، بووەتە شتێکی ئاسایی و خەریکە تامی نامێنێت. من دەڵێم: ئایا باشتر نییە کەنارنشین بم، بەڵام ئەم گوتەیە و هیی هاوشێوەی فڕێ نەدەم؟

نوێترین نوکتەی (کۆشکی) ئەمەی خوارەوەیە، کە هاوڕێیان بە مەبەستی پێکەنین ناردوویانە:

(مرۆڤ ئەوکاتە نامرێت، کە ئیتر دواهەناســـە دەدات و بەرەو گۆڕســـتان بەڕێ دەکرێت، بەڵکو مرۆڤ ئەوکاتە دەمرێت، کە خەونی نامێنێت، کە پرســـیاری نوێ نییە لە دونیای بکات و نـازانێـت بۆچی دەژی؟ کە ئـاســـۆیەکی نییە بۆی بڕوانێـت و خۆشـەویسـتییەک لە دڵیدا نەماوە، کە گۆرانییەک نییە گوێی لێبگرێـت، کە نـاتوانێ چێژ لە کـارێکی هونەریی وەربگرێـت و بەدیاریەوە ڕابمێنێت. مرۆڤگەلێکی زۆر هەن، کە ئەگەرچی بە جەســـتە زیندوون و هەناســـە دەدەن و کاریش دەکەن، بەڵام

خـاوەنی ڕۆحێکی مردوون. هەر مرۆڤێـک نەتوانێـت خۆی نوێبکاتەوە ناتوانێت لافی زیندووبوون لێ بدات. مرۆڤ ئەوکاتە زیندووە، کە ئـامـادەیی نـوێبـوونەوە و هەڵـگری ڕۆحـێکی نوێگەرانەی هەبێـت. مردن هیچ نییە جگە لە وەسـتـان و چەقبەسـتن لە خاڵێکدا و وەفاداربوون بۆ ئەوخاڵ و جێگەیە. ئەوەی وا دەکـات هەسـت بە زینـدووێتی تەواوەتی بکەم کتێبەکان بوون. دەنا ئەم ژیانە زۆرەملێیە، کە مرۆڤ بە زۆر سـەپێنراوە بەسـەریدا و خۆی دەسـتی لە هەڵبژاردنیدا نییە، گەلێک تـاقەتپڕووکێنە. کتێب ئەو دەروازەیەیە کە وا دەکات مرۆڤ بەرگەی ژیـان بگرێـت، چ ئەوانەی دەنووسـن و چ ئەوانەشی دەخوێننەوە بەم نەفەسە دەنووسن و دەخوێننەوە.).

لە پەیجی خۆیدا پۆستی کردووە و نووسیویەتی:

(پەرەگرافێک لە کتێبی ئەودیو خوێندنەوە).

کتێبەکە ئەم بەهـارە چـاپ کراوە، بەڵام بـا وای دابنێین هی زستانی (١٩٢٦)ـە! ئایا هێشتا مایەی قاقالێدان نییە؟ ئەوە چ خـوێـنەرێـکە دوای ئەوەی ئەم پەرەگـرافە دەخـوێـنـێـتەوە، دەیەوێت کتێبەکە بە دەسـت بهێنێت؟ دیارە لەگەڵ ئەوانەم

نییە، کە مەبەستیانە بزانن ڕەخنەی میلـــلی تا چ ئەندازەیەک ڕووکەشـە. ئەریَ ئەوە کێیە چاوی لە دەسـتی (کۆشـکی)یە پێی بڵێت: (مرۆڤ ئەوکاتە نامرێت، کە ئیتر دواهەناســە دەدات و بەرەو گۆڕستان بەڕێ دەکرێت)؟

ئـایـا یەکێ چـوار لاپەڕەی لە بەرهەمـێـکی (هـایـدیـگەر)دا خوێندبێتەوە، بەم شـێوەیە دەڕوانێتە چەمکی مەرگ؟ کێ هەیە نەزانێـت مرۆڤ کـاتێ دوا هەنـاســـە دەدات، مـانـای ئەوەیە مردووە؟ ئایا لە منداڵییەوە نازانین مردوو دەبرێتە گۆڕســـتان و لە گۆڕدا دەنێژرێت؟ ئەم لێکچوواندنە چییە؟

دەڵێت (بەڵکو مرۆڤ ئەوکاتە دەمرێت، کە خەونی نامێنێت، کە پرســـیاری نوێ نییە لە دونیای بکات و نـازانێـت بۆچی دەژی؟).

ئەرێ ڕۆژانە لە دەوروبەری خۆماندا نابیســـتین خەڵک دەڵێن مرۆڤ بە خەونەکانی دەژی؟ ئایا پێشـــتر گوتوویەتی پرســـیار گرنگ نییە، بگرە پرسـیار هیی منداڵە؟ بەڵێ. داوای سـەرچاوە دەکات؟ ئایا (نازانێت بۆچی دەژی؟) نیشـــانەی پرســـیاری دەوێت؟

ئەم نووســـیویەتی: (مردن هیچ نییە جگە لە وەســـتـان و چەقبەستن لە خاڵێکدا و وەفاداربوون بۆ ئەوخاڵ و جێگەیە) و من تەریق بوومەتەوە. مەبەســـتم تەریقبوونەوەی کۆمەڵایەتی نییە.

نووســـیویەتی: (هەر مرۆڤێـک نەتوانێـت خۆی نوێبکـاتەوە ناتوانێت لافی زیندووبوون لێ بدات.).

ئایا پێویســـت دەکات لەبارەی ئەم گوتەیەوە هیچ بڵێم؟ ئەرێ وشەی (لاف) بە چی تێگەیشتووە؟ ئەوە کێیە لافی زیندووبوون لێ دەدات؟ ئایا تۆ تەنیا لەبەر ئەوەی زیندوویت و نەمردوویت، پێویســـتە لاف لێ بدەیت؟ چەند خۆشـــحاڵم بەوەی خاوەنی ئەم گوتەیە بە موفلیســـم دەزانێت! ئایا ئەوانەی خۆیان نوێ دەکەنەوە، دەتوانن لافی زینـدووبوون لێ بـدەن؟ (نوێبکاتەوە) پێکەوە دەلکێنرێن؟ ئەم کتێبە نرخی چەندە؟

نووسیویەتی: (مرۆڤگەلێکی زۆر هەن).

وشەی مرۆڤ هەم تاکە و هەم کۆ، بەڵام ئەوە گوتت (مرۆڤگەل). ئایا بە مانای (زۆر) نایەت؟ ئەرێ (مرۆڤگەلێکی زۆر) مانای چییە؟

ئەمەی نووسیوە: (مرۆڤگەلێکی زۆر هەن، کە ئەگەرچی بە جەستە زیندوون و هەناسە دەدەن و کاریش دەکەن، بەڵام خاوەنی ڕۆحێکی مردوون.).

لە منداڵییەوە لە دەمی خەڵکەوە بیستوومە، کاتێ گوتوویانە بە جەستە زیندووە، دەنا بە ڕۆح مردووە). پێویست دەکات ئەم گوتە سادەیە درێژ بکەیتەوە و ئەمانەی بخەیتە پاڵ (هەناسە دەدەن و کاریش دەکەن)؟ چۆنە ئەمانەیشی بۆ زیاد بکەین: (نان دەخۆن، خۆیان دەگۆڕن، دەچنە پیاسە، باخ ئاو دەدەن، بەرە پێک دەهێنن، واز دەهێنن، دەگەڕێنەوە، ئیفلاسیی خۆیان ڕادەگەیەنن، نەسیحەتنامە دەنووسن، وڕێنە دەکەن....)؟ سەمەرەکە چییە؟ چەندان جار ناوی (نیتشە)ی هێناوە، کەچی بەم شێوەیە دەڕوانێتە چەمکی جەستە. مرۆڤ ئەم گوتەیەی لە پرسەکاندا گوێ لێ دەبێت. نووسەری کوردیزان کاتێ وشەی (ئەگەرچی) بەکار دەهێنێت، (کە)ی ناخاتە پێش، چونکێ ڕێتم لە زماندا بایەخی زۆری هەیە.

ئەرێ (هەڵگری ڕۆحێکی نوێگەرانەی هەبێت) مانای چییە؟ کوردییە؟

ئەوە کێیە ڕێ بە خۆی دەدات ئەمەی خوارە بنووسێت؟:
(کتێب ئەو دەروازەیەیە کە وا دەکات مرۆڤ بەرگەی ژیان بگرێت، چ ئەوانەی دەنووسن و چ ئەوانەشی دەخوێننەوە بەم نەفەسە دەنووسن و دەخوێننەوە.).
ئەو هەموو وشـــەیەی بۆ ئەم بیرۆکە ســـادەیە بە کار هێناون، کەچی هێشـــتا نەیتوانیوە بیگەیەنێت. ئینجا ژیان و دنیای لێ تێکەڵ بوون، چونکێ وەک پێشتر گوتوومە دنیا هەیە و ژیان لە ڕێی توخمەکانی دنیاوە پێک دەهێنرێت، کە ئەوەی پێکی دەهێنێت، تاکی داهێنەرە. دەســـا نەک هەر بۆی نابێتە قورســـایی، بەڵکوو چێژ و وزەیشی ـــ پێ دەبەخشـــێت. لای (کۆشکی) ژیان دژی مرۆڤە. دوایی ئەم دوو چەمکە چاکتر لێک دەدەمەوە، بەڵام لێرەدا تەنیا هێندە دەپرســـم، ئاخۆ ئەمرۆ خوێنەر هەیە کتێبێک بخوێنێتەوە، کە دەیەوێت بڵێت ژیان بارێکی قورسە و سەختە بەرگەی بگریت؟
نووسیویەتی: (ئەوەی وا دەکات هەست بە زیندوویێتی تەواوەتی بکەم کتێبەکان بوون.).

واز لە گوتەکە دەهێنین، کە چەند پێکەنیناوییە، بەڵام ئایا ناگوترێت (کتێبەکانن)، نەوەک (کتێبەکان بوون)؟ ئینجا لای ئەو ڕەخنەگرە میللییە کتێب هەر لە خودی خۆیدا چاکە. ئایا هەموو کتێبەکان وەک یەک وان؟ دیارە من لە سەرەوە باسی ئەوەم کرد، کە شتەکان لە خودی خۆیان چاک، یان خراپ نین، بەڵکوو بەپێی ڕایەڵەکانیان چیەتییان دەگۆڕێت، بۆیە بە پێویستی نازانم پاتەی بکەمەوە.

نووسیویەتی: (پرسیاری نوێ نییە لە دونیای بکات و نازانێت بۆچی دەژی؟).

ئایا مرۆڤی زیندوو ئەوەیە، کە دەزانێت بۆچی دەژی؟ ناوی دەیان فیلۆسۆفی نووسیونەتەوە و ئەمەیشە ڕوانینی! جاران دارشتن تەنیا بۆ فێرکار دەنووسرا و فێرخواز ناچار دەکرا لەپێناوی پڕکردنەوەی لاپەڕەیەکدا کۆمەڵێک وشەی سادە پێکەوە بلکێنێت، کە دەگەیشتە ئەوەی خۆی شەرم لە دەربڕینەکانی بکاتەوە، بەڵام ئەمڕۆ دەتوانیت لەو وشە سادانە وتار پێک بهێنیت و وەک داهێنان بە جەماوەری بناسێنیت، بگرە وتارەکان کۆ بکەیتەوە و بیانکەیتە کتێب.

ئایا ڕاستە ئەو مرۆڤەی دنیای شمەک فریوی نەداوە، دەزانێت بۆچی دەژی؟ ئەگەر من بزانم بۆچی دەژیم، پرسیار و گومان چ مانایەکیان هەیە؟ ئایا ئەدەب و هونەری داهێنەرانە دێنە کایەوە؟ ئەریٚ کاتیٚ ڕوومان لە زانراوە، هیچ شتێکی نویٚ دەدۆزینەوە، یان هەر بەو خاڵە دەگەین وا دەستنیشانمان کردووە؟ فەلسەفە پێچەوانەی ئایدیۆلۆجیای ئایینی و سیاسی ڕێمان نادات ئامانجی ژیان دەستنیشان بکەین، بەڵکوو پاڵمان پێوە دەنێت لەسەر شێوازی خۆمان مانای پیٚ بدەین، کە ئەو مانایە جێگیر نییە، مادام پرسیاری بوون بەردەوامیی هەیە. ئەو مانایەی من بە ژیانی دەدەم، جیاوازە لەوەی تاکێکی دی پێی دەدات، بۆیە ژیان ئیندیڤیدواڵە و لە ڕێی تێپەڕاندنی ئاستی شمەکەوە دێتە کایەوە. پێشتریش گوتمان یەکیٚ لە خەسڵەتەکانی ڕەخنەگری میللی سادەکردنەوەیە، کە هەڵەیەکی لۆجیکییە و بە کورتکردنەوەی لەڕادەبەدەر (Oversimplification fallacy) ناسراوە. ئەم بابەتەی (کۆشکی) بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک لێوەی دواوە، لەسەر ئاستی فەلسەفیدا ئاوکێش و کێشەدارە، بەڵام ئایا ئەگەر ئاگای لەو

بوارەیە، چۆن ئەوها وەک زۆر چەمکی دی فرێی دەدات و جێی دەهێڵێت؟ ئایا بۆی دەگەڕێتەوە و قسەی دیکە لەو بارەیەوە دەکات، یان لە ڕێی بەرهەمێکی تریەوە کۆمەڵێکی تر دەخاتە ڕوو؟ دیسان دەڵێم تۆ کورتنووسیت، کە بەم شێوەیە چەمک فرێ دەدەیت، بەڵام من کاتێ هەڵیدەگرمەوە و بە دوای ڕایەڵەکانیدا دەگەڕێم، ناکرێت پەل بۆ چەند لایەک نەهاوێم. ئەوەتە تەنیا هەڵوەشاندنەوەی ئەم دێڕە سادەیەی لە دەمی خەڵکەوە بیستووتە و بۆ ئێرەت گوێزاوەتەوە، ئەوەم بەسەردا دەسەپێنێت لە بواری هزردا بە شێوەی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا بکەم. ئایا ژیان ڕووی لە ئامانجی دیاریکراوە و پێویستە بپرسین بۆچی و بۆ (چی) دەژین؟ ( Why and for what purpose?).

لە تێگەیشتنی باوی خەڵکدا چەمکی هۆکارێتی (Causality) و ئامانجگەرایی (teleology) تێکەڵ دەکرێن، کە هیچ شتێک نییە هۆکاری نەبێت، بەڵام ئەوەی دەگوترێت شتەکان ئامانجیان هەیە، لە ڕوانینێکی سەرەتاییانەی مرۆڤەوە دەردەچێت. بەپێی بنەمای تیلیۆلۆجی ( principle of

teleology) تێکڕای شتەکان ڕوویان لە ئامانجێکی دیاریکراوە. بەگشتی ئایین و ئایدیۆلۆجیای سیاسی لەسەر ئەو بنەمایەدا جێگیرن. بیرۆکەی تیلۆس لە (پلاتۆ)وە دەست پێ دەکات و (ئەریستۆ) پتر و بە شێوەیەکی جیاواز بایەخی پێ دەدات، کە پێی وایە شتەکان بەبێ ئامانج نین، بەڵکوو تێکڕایان بە ئامانجێکەوە پێوەستن. بۆ نموونە ئامانجی ناوەکی (intrinsic)ی دەنکێک بەڕوو ئەوەیە ببێتە داربەڕوو. ئەم پرۆبلەماتیکە بە شێوەی جیاوازجیاواز یەخەی (کانت)، (هیگڵ)، (داڤید هیۆم)، (فیورباخ)، (مارکس)، (هایدیگەر)، (دولووز) و زۆری دیکە دەگرێت. لە بواری فیزیا، کیمیا، بایۆلۆجی و هیی تردا دەبێتە بابەتی توێژینەوە. (هایدیگەر) لە بەشی چوارەمی کتێبی (پرینسیپی هۆکار)دا، کە بۆ ئەو بابەتە تەرخانە، دەڵێت: {پرینسیپی هۆکار، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ هەموو شتێک دەست دەدات، نەک هەر بواری پرۆسێسی سرووشتی (The realm of natural processes) دەگرێتەوە، بەڵکوو دەخزێتە ناو ئەو بوارەیشەوە، کە ئەمڕۆ ئێمە ناوی دەنێین مێژوو}.(41). (دولووز) لەم ڕووەوە کتێبێکی هەیە و ناوی ناوە

(ئیمپیریسیزم و سەبگێکتیڤیتی: گوتارێک لەبارەی هیۆم لەمەڕ سرووشتی مرۆڤەوە). پێی وایە (هۆکار) تاقە شتێکە دەتوانێت وامان لێ بکات جەخت لە بوون بکەینەوە.(42) بە درێژایی کتێبەکەی لەوە دەکۆڵێتەوە و بەردەوام بۆچوونەکانی (هیۆم) ڕاڤە دەکات. دەگاتە ئەوەی سێ کێشە بخاتە ڕوو: یەکەم، خەسڵەتەکانی خود چین؟ دووەم، بە چ پرینسیپێک خود ئاوا پێک دێت؟ سێیەم، لەژێر چ کاریگەری و هۆکارێکدا فکر دەگۆڕێت؟(43)؟

دیارە مەبەستم نییە لێرەدا بە قووڵی لەم بابەتە بکۆڵمەوە، کە دەتوانم بڵێم لە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانمدا لێوەی دواوم، بەڵکوو تەنیا دەمەوێت ئەم دوو بوارە لە یەکتر جودا بکەمەوە. وەک گوترا دەستنیشانکردنی ژیان سادەکردنەوەی فکرە. (کۆشکی) ئەگەرچی بە درێژایی تەمەنی نووسینی ناوی زۆرینەی ئەو فیلۆسۆفانەی بردوون، کە خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە داوە، بەڵام هێشتا پێی وایە ژیانمان ڕووی لە ئامانجێکە، کە دەبێت بزانین بۆچی و بۆ (چی) دەژین. پێشتریش ئاماژەمان بەوە کرد چۆن ناڕاستەوخۆ گوتوویەتی ژیان بارێکی قورسە لەسەر

شانی مرۆڤدا. وەک دەبینین بە ئارەزووی خۆی وشەی فڕێ داوە، بێ ئەوەی بزانێت چی دەڵێت. ئەگەر وا نییە، با بێتە دەنگ! ئایا ژیان ئامانجی هەیە؟ بۆچی باران دەبارێت؟ تا زەوی ئاو بدات و کشتوکاڵ بکرێت؟ بۆچی زەڕافە ملی درێژە؟ تا بتوانێت گەڵای درەخت بخوات؟ مرۆڤ کاتێ بە سادەیی دەڕوانێت، ئەم وەڵامانە دەداتەوە. ڕاستە هۆکاری بارانبارین و درێژیی ملی زەڕافە لە ئارادان، بەڵام ئامانجەکان بە هەڵە لەلایەن مرۆڤەوە دانراون. بەم شێوەیە نە بارینی باران ئامانجی هەیە و نە درێژیی ملی زەڕافەیش. ئەگەر بمانەوێت بزانین بۆچی ملی زەڕافە درێژە، ئەوە پێویستە بۆ کردەی پەرەسەندن بگەڕێینەوە، بەو مانایەی مێژوویەکی درێژ لە پشت ئەو کردەیەدا هەیە و بە بژارکردنی سروشتی ( natural selection)یەوە بەندە. ئایا ملی زەڕافە هەمیشە درێژ بووە، یان گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ کاتێ (کۆشکی) وازهێنانی من بەو ئەنجامەوە دەبەستێتەوە، ئەوە بەپێی ئەو تێگەیشتنەی لە ئاستی گشتیدا باوە و لە منداڵییەوە وەریگرتووە، هۆکار و ئەنجام پێک دەگەیەنێت، کە کارێکی هێندە ئاسانە، لە دەست هەر

ئەندامێکی دیکەی ئەم کۆمەڵگەیە دێت. دیسان دەپرسین ئایا ڕاستە شتەکان ڕوویان لە ئامانجی دیاریکراوە؟ ئایا ئەو جووڵەیە ڕێک خراوە، بەو مانایەی ئایا هێزێکی بانسروشت ڕێکی خستووە، یان لە دەرەوەی سیستەمە؟ ئایا دەتوانرێت بسەلمێنرێت ئەندازیارێکی زیرەک ئەمانە هەڵدەسووڕێنێت، یان خودی گەردوون بە شێوەی ڕوواڵایانە دەجووڵێت؟ ئەگەر بۆ کتێبی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ) و (ئاماژە فەلسەفییەکان...) بگەڕێتەوە، دەبینێت هەوڵم داوە بە وردی باسی ئەم بابەتە بکەم، بە تایبەتی هێندەی پێوەندیی بە چەمکی حەقیقەت و ناسنامەوە هەیە. ئەو تێگەیشتنەی (ئەریستۆ) دراوەتە بەر ڕەخنەی توند و کۆمەڵێک ئاڕاستەی نوێ دەرکەوتوون، کە ئەدەبی فرەدەنگ سوودی لە بەرهەمی ئەوانە بینیوە.

ئایا لەم پەرەگرافەدا شوێنێک هەیە، هیی قاقالێدان نەبێت؟ دەڵێم نەخێر و لێی بەرپرسیارم. ئەمەی بۆ ناساندنی کتێبەکەی هەڵبژاردووە، تا بە جەماوەر بڵێت چ داهێنانێکی کردووە. دەپرسم ئایا ئەوانەی تری چۆنن؟ ئەرێ ئەوە نوکتە نییە،

نووسەری ئەم گوتە پێکەنیناوییانە لەبارەی چەمکی (خوێندنەوە)وە بنووسێت؟ فێرمان دەکەیت چی و چۆن بخوێنینەوە؟ ئایا مرۆڤ ناتوانێت ئەم وشانە بە دوای یەکدا ڕیز بکات، هەتا ئەگەر یەک کتێبیشی نەخوێندبێتەوە؟ ئەریٚ خاوەنی ئەم گوتانە لەبارەی شیعرەوە شتی نوێی نووسیوە؟ ئایا ئەگەر ئاگای لەم باسە هەبووایە، ئەو پەرەگرافەی دەنووسی، بگرە هەر کتێبەکەی چاپ دەکرد؟ ئەریٚ من بەو مەبەستەی ڕووبەڕووی پەرەگرافێکی وەها ببمەوە، پێویستم بە کەسانێک دەبێت، پشتم بگرن؟ ئایا نووسەری ئەم گوتانە کاتیٚ پێم دەڵێت تۆ لە ئاستێکدا نییت گفتوگۆت لەگەڵدا بکەم، دەیەوێت جەماوەر فریو بدات؟ لێم بووەتە مەراق و دەپرسم: کەی دێڕێک دەنووسێت و تێیدا پێشانی دەدات یەکیٚ لەو فیلۆسۆفانەی ناسیوە، کە هێندە ناویان دەهێنێت؟

ئایا ئەمڕۆ کۆمەڵێک نووسەری گەنجی داهێنەر دەرنەکەوتوون، کە بە زەحمەت دەتوانن کتێبیان چاپ بکەن؟

ئایا ئەم پەرەگرافەی (کۆشکی) بەرهەمی گوتە ڕەونەقدارەکانی (بەختیار عەلی)یە، یان هی ئەو فیلۆسۆفانەی لەم بیست

ساڵەدا بەردەوام ناوی نووسیونەتەوە؟ ئایا دەتوانم نموونەیان لە نووسینەکانی (عەلی)دا بدۆزمەوە؟ بەڵێ. ئامادەم ئەوە پێشان بدەم، ئەگەر پێویست بکات. دەسا پێشانیشم داوە.

دوو ڤیدیۆی نوێی گەیشتوون، کە لە یەکێکیاندا وتارێکی لەبارەی ئەدەب و تاراوگەوە ئامادە کردووە و دەیخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی دیکەیان باس لە چەمکی ژیریی دەستکرد دەکات. هەردوو ڤیدیۆکە نەک لای خوێنەری فریونەخواردوو، بەڵکوو لای بەشێکی جەماوەریش بوونەتە بابەت بۆ پێکەنین و قاقالێدان. هەوڵم داوە لەو گفتوگۆیەی پێشتر ئاماژەم پێ کرد، پێشانی بدەم ئەم ڕوانینە تا چ ئەندازەیەک ڕووکەشە. گوتوومە کۆمەڵێک گوتەی سادەی نووسەرانی عەرەبیزمانی کۆ کردوونەتەوە و دەیانخوێنێتەوە. لە ساڵی (٢٠٠٧)دا (توانا ئەمین) تەوەرەیەکی لەبارەی ئەدەب و تاراوگەوە ئامادە کردووە، کە منیش تێیدا بەشدارم. هێشتا وەڵامەکەم لە ماڵپەڕی (دەنگەکان)دا ماوە و خوێنەر بانگهێشت دەکەم بیخوێنێتەوە.(44)

(عەلی) لەم ڤیدیۆیەدا نەک هەر بابەتەکەی نەخستووەتە ئاستی دایەلۆگەوە، تا لەو ڕێیەوە کەناڵەکانی فەلسەفە بپشکنێت، بەڵکوو نەیتوانیوە وەک کەسێکی ئاسایی کۆمەڵگەیش لێوەی بدوێت. (ئەحمەد حەسەن بەکر) لە ساڵی (١٩٧٢)دا ئەم شێوازەی گرتووەتە بەر، کاتێ لەبارەی خۆماڵیکردنی نەوتەوە بابەتێکی بۆ جەماوەر خوێندووەتەوە، بەڵام لە (عەلی)ی چاکتری پێشکەش کردووە. بەگشتی گرفتی ئەم نووسەرە دیارەمان تەنیا گوتەیەک و دووان نییە، بەڵکوو گرفتەکە لە دیدگەیەتی، کە لە هەمان سەرچاوەی زانراوەوە دەڕوانێتە زانراوەکانی کۆمەڵگە. لێرەدا زمان لەم ئاستەدا دەمێنێتەوە و هەر ئەوە دەردەبڕێت، کە هەیە. ئینجا بەوەدا بابەتەکەی ئامادە کردووە و دەیخوێنێتەوە، ئەوە دیسان ڕوانینێکی میللییانەی دژ بە فەلسەفەی خستووەتە ڕوو، بەوەی چەمکەکان لای نووسەری داهێنەر ناخرێنە چوارچێوەوە، بەڵکوو ئازاد دەکرێن، تا لەو گۆڕەپانە فرەوانە نافیزیکییەدا بەر یەک بکەون و هیی نوێتریان لێ بەرهەم بێت. کەواتە دەکرێت هەر لە کاتی قسەکردندا ئێمە گۆڕانکاری بەسەر ئەو چەمکانەدا

بهێنین و بە شێوازی تر دەریانببڕینەوە. (دولووز)ی فیلۆسۆف لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت کاتێ وانەیەک پێشکەش دەکات، ئەوانە بە ئامادەبووان ناڵێت، کە دەیانزانێت، بەڵکوو لەوانە دەگەڕێت، کە نایانزانێت، تەنانەت ناویان لێ نانێت وتنەوەی وانە.(45) هەر لەو گفتوگۆیەدا دەڵێت وانە زیاتر لە میوزیکەوە نزیکە تا شانۆ، کە تا ڕادەیەک لە ئاهەنگی ڕۆک دەچێت. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا نووسەرە دیارەکەی ئێمە ئەگەر گوتەی سادەی نووسەرانی عەرەبیزمانی وەرگرتوون، بە چاکی خوێندوونیەتیەوە؟ ئەگەر خۆی، یان هەر کەسێکی دی پێی وایە چاک ئەو گوتە سادە و ڕووکەشانەی خوێندوونەتەوە، با بێت و بۆچوونی بخاتە ڕوو! ئایا لەم دوو ڤیدیۆیەدا جگە لە سادەیی و ڕووکەشی، شتی دیکە هەیە؟ ئەمە ڕوانینی بەشێکی زۆری ئەو نووسەرانەن، کە وەک من کەنارنشین نین و لە قەرەباڵغیدا بوونەتە ناوی دیار.

ئایا سەیرە (کۆشکی)، کە هێندە بە (عەلی) سەرسامە، ئەم پەرەگرافە پێکەنیناوییە بنووسێت و وایش بزانێت داهێنانە؟

پرسیار لە بەڕێوەبەرانی (ڕۆژنامەی هەولێر):

وەک دەبینن ئەمە ئاستی ئەو وتارەی (کۆشکی)یە، کە ئەندامێکی ڕۆژنامەکەتانە. لە ڕووی زمانەوانییەوە چەند بڵێی لاوازە و پڕیشە لە هەڵەی لۆجیکی. ئینجا بەو مەبەستە نووسراوە، کەسێتیم بشێوێنێت. من وەک پێشتر گوتم نەک هەر گلەییم نییە ڕۆژنامەکەتان پێ ڕازاندووەتەوە، بەڵکوو سپاسیشتان دەکەم، مادام ڕێتان بۆ خۆش کردم ئەم وتارە بنووسم و دیسان پێشانی خوێنەری بدەم بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەی خەڵک لە دنیای نووسیندا مایەی قاقالێدانە، بەڵام ئایا دەتانەوێت داوای لێبوردن لە جەماوەرەکەتان بکەن، یان بەردەوام دەبن و درێژە بەم ململانێیە دەدەن؟

## ڕاگەیاندنێک

هیچ هێزێک ناتوانێت دەمکوتم بکات. کاتێ دەمەوێت بدوێم، گوێ نادەمە ئەوەی ڕووم لە کێ و لە کوێیە.

بۆچوونی منیش وەک هی هەر نووسەرێکی دیکە دەکرێت بەر ڕەخنە بدرێت، بگرە ببێتە مایەی قاقالێدان، بەڵام لەم ڕووەوە هەر شێوازێکی کۆمەڵایەتی نە بایەخی هەیە و نە دەیشتوانێت کاریگەریی هەبێت.

## پەیامێک بۆ (ئارام کۆشکی)

ئەوە من ددانی پێدا دەنێم لە جنێودانددا دۆڕام و تۆ بردتەوە. نەمتوانی یەک خاڵیش بە دەست بهێنم. ئایا پێویست دەکات هێشتا درێژەی پێ بدەیت؟ هەموو ئەو شتانەی تا ئێستا داونەتە پاڵم، دروستن. مایەپووچ، پێنووسبەدەست، گەنەنووسەر، گەمژە، نەخوێندەوار و هی دیکەیشم. بۆچی

نایەیت لێرەوە لە بواری چەمکناسیدا ڕووبەڕووم ببیتەوە؟ لەوێدا نە دۆڕان هەیە و نە بردنەوە، مادام ڕاڤەی چەمکەکان کردەیەکی بەردەوامە و ناگاتە خاڵی کۆتایی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1. ژنەفتن - شیعرییەوە وێنەی ڕێی لە باو واقیعی و خود تێپەڕاندنی

2. لە ژمارە (٤٥٠٤)ی (٢٠٢٦/٣/١٥)دا بڵاوکراوەتەوە.

3. Ricoeur, Paul. Lectures on ideology and Utopia. (1986) Columbia University Press. Printed in the United States of America. PP. 137

4. کاکەسوور، کاروان عومەر، سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی نووسیار، ژمارە (54)، چاپی یەکەم، 2024، دانیمارک، ل68

5. لە جیهانە ئاڵۆزکاوەکەی ڕۆمانی کوردییەوە بۆ جیهانە سادەکەی ڕەخنەگری میللی - ژنەفتن

6. کاکەسوور، کاروان عومەر، سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا. ل20

7. ڕۆشنبیری جاگەر لە حەڤدەی شوباتەوە بۆ ئەزموونی ڕۆژاڤا - ژنەفتن

8. لە )ڕەخنەگر کێیە(وە بۆ )ڕەخنە چییە (- ژنەفتن

9. ئایا من وازم هێناوە و گەڕاومەتەوە؟ - ژنەفتن

10. کاروان عومەر کاکەسوور... کارزان ڕەحمان و من بە ئاراستەی دیالۆگدا – Denegkan

11. کاکەسوور، کاروان عومەر، سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا. ل37

12. ڕۆشنبیری جاگلەر لە حەقدەی شوباتەوە بۆ ئەزموونی ڕۆژاڤا - ژنەفتن

13. Nietzsche, Friedrich, Thus Spoke Zarathustra. Translated by Alexander Tille. Published by London: T.Fisher Unwin, 1899. PP.109

14. لەو گفتوگۆیەی نووسەرێک لەگەڵیدا کردووم و لەژێر ناونیشانی (لێکدانەوەی چەمکەکان لە جیهانی ئاماژەدا)دا چاپ دەکرێت، هەوڵم داوە وردتر ڕەخنە لەم تێگەیشتنە بگرم و بە شێوەیەکی جیاوازتر ڕووبەڕووی هزری میللی ببمەوە.

15. کۆمێنتەکانم ماون و گفتوگۆکەم لای خۆم پاراستووە، کە دوای ئەوەی لای بردوون، لە ڕێی بەڕێوەبەرانی پەیجەکەمەوە دامناوەتەوە. شێوازی نووسەرەکەم ناسییەوە، بەڵام بەوەدا بەڵگەی تەواوم لە بەردەستدا نییە، ئەوە ڕێ بە خۆم نادەم بە نزیکترین هاوڕێیشمی بڵێم. ئێستا لانی کەم دەزانم شێوازی سێ ئەکاونتی ساختە لە یەک دەچن و هیی نووسەرێکن، بەڵام با

ئەم باسە بۆ کاتی خۆی هەڵبگرین! ئەمەی خوارەوە بەشێکی گوتەکانمە:

[بەداخەوە کاک کارزان ئەو کۆمێنتانەی سڕیوەتەوە، کە بریتی بوون لەو گفتوگۆیەی لەبارەی ئەو چەمکانەوە دامانمەزراند. دیارە من نامەوێت بڕیار بدەم و هۆکارەکەی دەستنیشان بکەم، کە بۆچی پەنای بۆ کارێکی وەها بردووە، چونکێ تێگەیشتنەکەم ڕێگرە لەوەی یەک هۆکار بۆ ڕووداو دابنێم، بەڵکوو تەنیا دەپرسم: ئایا بۆچی دەیانسڕێتەوە؟ ئایا ئەگەر بۆی هەیە هەی خۆی بسڕیتەوە، دەتوانێت بە هەمان شێوە هەی منیش لا ببات؟ ئایا ئەمە پێشێلکردنی مافی دەربڕین نییە؟ ئایا ئەگەر من ئەوەم بکردایە، ئێستا (ڕۆژنامەی هەولێر) بە مانشێتی گەورە نەیدەنووسی و وەک ئەوەی ڕاهاتووە، تۆپەڵێک جنێوی پێ نەدەدام؟ گوتەکانمی نەدەگۆڕین؟ ئایا ئەمانە بە گلەیییەوە دەڵێم؟ نەخێر، بە پێچەوانەوە سپاسی دەکەم، کە دەریدەخات ڕەخنەی میللی لەوە زیاتری پێ نییە. کاک کارزان و کاک ئارام لە چەند دەقەی یەکەمدا کۆمێنتیان نووسیی. ئایا خوێندییانەوە؟ کاک کارزان شتی وای لەبارەی چەمکی مێژوو و واقیعەوە

گوتووە، مایەی قاقالێدانە. جارێ واز لە کاک ئارامیش دەهێنین. کێ هەیە ئەم گوتەیە دەخوێنێتەوە و قاقا لێ نادات: (ئاوێنەکە بشکێنە، بەڵام مەڵێ مێژوو تەنیا ئاسنە)؟]. ئێستا دەپرسم بۆچی نووسەر لە ڕێی ئەکاونتی ساختەوە بۆچوونی دەنووسێت؟ بەڵێ، وەک گوتوومە ئەو نووسەرە لەبارەی چەمکی مێژوو، واقیع، خەیاڵ و هیی دیکەوە چەند ڕستەیەکی نووسیون، کە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم هەندێکمان لە قۆناغی ناوەندییشدا خۆمان لێ لا داون. هەوڵی دا خوێنەر فریو بدات و نەهێڵێت بابەتەکە بخوێنێتەوە، بەڵام سەری نەگرت، بگرە قاقا بۆ گوتەکانی لێ درا.

16. [چەمکی سادەیی وەک بانگەشەی داهێنان - ژنەفتن]

17. [ئەرێ ئەوە کات و فۆکۆ لە کوێن؟ - ژنەفتن]

18. کاکەسوور، کاروان عومەر، ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی نووسیار، ژمارە (54)، چاپی یەکەم، 2024، دانیمارک، ل36

19. Deleuze, Gilles, Anti-Oedipus - Capitalism and Schizophrenia, Preface by Michel Foucault, Translated from

the French by Robert Hurley, Mark Seem, and Helen R. Lane, University of Minnesota Press Minneapolis, Reprint. Originally published: New York: Viking Press, Tenth printing 2000. PP.181

20. Ibid. PP. 260

21. کاکەسوور، کاروان عومەر، سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا. ل140

22. کاکەسوور، کاروان عومەر، ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی. ، ل26-27

23. زۆرایەتی و جاگەر ..کاروان کاکەسوور – Denegkan

24. کاکەسوور، کاروان عومەر، سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا. ل41

25. هەمان سەرچاوە، ل169

26. Yanai Dialog (Danmark) کۆڕی کاروان کاکەسوور

Yanai Dialog (Danmark) کۆڕی کاروان کاکەسوور

27. کاکەسوور، کاروان عومەر، سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا. ل15

28. Zhao, Guodong, An Understanding of Language Development Models—Pidginization

from the Perspective of Chaos Theory. Retrieved from:

untitled

29. Racoma, Bernadine, Interesting Theories on the Origins of Language: DT Take! Retrieved from:

Interesting Theories on the Origins of Language: DT Take!

30. بغوره، الزواوي (د)، الفلسفة واللغة، نقد المنعطف اللغوي في الفلسفة المعاصرة، دار الطليعة، بيروت، الطبعة الأولى، 2005، ص17

31. کاکەسوور، کاروان عومەر، سادەنووسی لە ئاست پرسیار و ڕاڤەدا. ل152

32. Stewart, Kieran, Nietzsche's Early Theory of Language in Light of Generative Anthropology. Retrieved from:

Nietzsche's Early Theory of Language in Light of Generative Anthropology — Anthropoetics XXII, no. 2 Spring 2017

33. Nietzsche, Friedrich, Beyond Good and Evil, Translated by Helen Zimmern. The Modern Library. Publishers : New York. (2004). P.38

34. Ibid. P.38

35. ئەری ئەوە کانت و فۆکۆ لە کوێن؟ - ژنەفتن

36. Heidegger, Martin, Why Do I Stay in the Provinces? Translated by Thomas /. Sheehan. Available at: martin heidegger hy do i stay in the provinces 1934.pdf (pileface.com)

37. Dr. Choman Hardi کۆڕی شعری د.چومان هه ردی له لوند

38. کارزان ڕەحمان و من بە ئاراستەی دیالۆگدا ...کاروان عومەر کاکەسوور – Denegkan

39. کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات - ژنەفتن

40. لەو گفتوگۆیەی پێشتر ئاماژەم پێ کرد، کە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە، لەبارەی هەردوو چەمکی پێکەنین و قاقاوە لێیان پرسیوم: (لەو بەرهەمانەی ناوت ناون ڕووبەڕووبوونەوە، هەردوو چەمکی پێکەنین و قاقا بە کار دەهێنیت. دیارە دەتەوێت

سەرنجی خوێنەر بۆ دۆخێک ڕابکێشیت کە بە وشە تەعبیری لێوە ناکرێت. وەک زانراوە ئەو دوو چەمکە زیاتر لە بواری ئەدەبدا هەن، بەڵام ئایا دەکرێت لە بواری ڕەخنە و توێژینەوەیشدا چالاک بکرێن؟ پێکەنین و قاقا زیاتر لە تێگەیشتنی گشتیدا وەک دوو چەمک سەیر دەکرێن کە ئەرکی دیاریکراو لە سنووری ناجدیەتدا بە جێ دەهێنن، بەڵام ئایا ئەگەر هەڵیانبکۆڵین دەتوانین ڕەگیان لە فەلسەفەدا بدۆزینەوە؟ دەکرێت ڕوانینی ئەو فەیلەسووف و بیرمەندانە ئاوێتەی گفتوگۆکەمان بکەین کە خۆیان لە قەرەیان داوە، تا وێنەیەکی گشتیی چەمکەکان لە دنیای ئاماژەدا بهێنینە بەرچاومان؟ ئایا ئەو دووانە پێکەوەن یان جودان، بەڵام وەک میکانیزمێک لە بەرانبەر ئەو دۆخەدا دەردەکەون؟).

هەوڵم داوە گەشتێک بە فەلسەفەدا بکەم و لەو دوو چەمکە بکۆڵمەوە. لای کۆمەڵێک فیلۆسۆف و نووسەری ئەدەبی لام داوە، کە یەکێکیان (نیتشە)یە. ئەو بە تایبەتی لە کتێبی (لە پشت چاکە و خراپەدا)دا ڕەخنە لە هەموو ئەوانە دەگرێت، کە بەهای ڕاستینەی پێکەنینیان نەزانیوە، بگرە فیلۆسۆفان بەپێی

تێگەیشتنیان بۆ پێکەنین و بایەخدانیان بەو چەمکە ڕیز دەکات. ئەوانەی گەیشتوونەتە ئاستی پێکەنینی زێڕین، ئەو پێکەنینەی بانمرۆڤ (superhuman)ە، تەنانەت بە ڕێی خۆی پیرۆزە، جیاوازن لەوانەی بایەخی پێکەنینیان نەزانیوە. ئەوەتە خوداوەندەکانی یۆنانیش بەو شتانە پێدەکەنن، کە وا دەزانرێت لە لووتکەی ڕژدیدان. ئەوان بە شتە پیرۆزەکانیش پێدەکەنن. وەک دەردەکەوێت ناتوانن پێکەنینیان بوەستێنن.

41. Heidegger, Martin, The Principle of Reason, translated by Reginald Lilly, Indiana University Press 1991, p.26

42. دولوز، جيل، التجريبية والذاتية، بحث في الطبيعة البشرية وفقا لهيوم، تعريب اسامة الحاج، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، 1999، ص12

43. هەمان سەرچاوە. ل145

44. kurd

45. متاهات، (نصوص وحوارات في الفلسفة والأدب) ترجمة: حسونه المصباحي، مراجعة: د. قدامة الملاح، الطبعة الاولى، بغداد، 1990، ص109

